ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٨٠٩ | هەینی ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٠ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## ئاژانس داوای سزادانی ئێران دەکا




بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێودەوڵەتیی ئەتوم دەڵێ کات درەنگە، ئێران دەبێ سزا بدرێ، چونکی ڕێگە نادا چاوەدێریی چالاکییە ئەتومییەکانی بکرێ.

ڕافائیل گەڕووسی دەڵێ هەموو وڵاتانی لایەنی بەرجام و یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا دەزانن کە ئەگەر ڕەوتی چاودێریی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران بەتەواوی نەبووژێتەوە و جێبەجێ نەکرێ؛ گەڕانەوە بۆ بەرجام زۆر ئەستەم دەبێ. ناوبراو لە وتووێژ لەگەڵ تینکتانکی «ئیستیمیسون»دا ڕایگەیاندوە دەسەڵاتە جیهانییەکان دەبێ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پڕکێشی و بێبەڵێنییەکانی سزا بدەن، بەتایبەت کە بەرنامەی ئەتومیی ئێران لە برگە هەرە هەستیارەکەیەتی.

گەڕانەوە بۆ وتووێژەکانی بەرجام گرێدراوی کۆبوونەوەی دواتری شورای بڕیاردەرانی ئاژانسە کە بڕیارە لە مانگی داهاتوودا ببەسترێ. لایەنەکانی ئورووپاییەکان هەڕەشەیان کردووە کە بێتوو کۆماری ئیسلامی لە ڕێوشوێنەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتومی لابدا، وێڕای مەحکوومکردنی ئێران داوای گەڕانەوەی سزا ئابوورییەکانی سەر ئەم وڵاتەش دەکەن.

پێشتریش کاربەدەستانی سیاسیی ئەمریکا، یەک لەوان ئانتۆنی بلیکێنوەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاندبوو کە بێتوو هەوڵەکان بۆ بووژاندنەوەی بەرجام بێئاکام بمێنێتەوە، بژێرەی دیکەیان لەبەرامبەر ئێراندا دەبێ.

## به دیاریکردنی ئوستانداری نوێی سنه و ورمێ

# کوردستان میلیتاریزه و ئەمنییەتیتر لە هەموو کاتێک




## تیمی نیزامی– ئەمنییەتیی قازیی جەلاد لە کوردستان

ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری داندراوی ڕێژیمی ئیسلامی کە دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی کابینە دەستی سپای پاسدارانی لە پێکهاتەی نوێی دەوڵەتدا ئاوەڵا کرد، ئێستا بە دانانی مۆرە دیار و ناسراوەکانی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە پۆستە هەر کلیدییەکانی دەوڵەتدا، ئیدارەکردنی وڵاتی بەتەواوی ڕادەستی هێزە چەکدارەکان کردووە.

ڕەئیسی سەرەتا محەممەد موخبیر، بەرپرسی قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسدارانی کرد بە جێگری یەکەمی خۆی. دوایە موحسین ڕەزایی، فەرماندەی گشتیی پێشووی سپای پاسدارانی وەک بریکاری خۆی لە کاروباری ئابووریی وڵاتدا دەستنیشان کرد. لە پاشان بە دانانی سەعید محەممەد، فەرماندەی پێشووتری قەرارگای خاتەمولئەنبیا بە سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی ناوچە ئازادەکان و، حەسەن کازمی، فەرماندەری پێشووی سپای قودس بە نوێنەری سەرکۆمار لە کاروباری ئەفغانستان ڕێی بۆ دەسەڵاتی ڕەهای سپای پاسداران لە دەوڵەتدا خۆش کرد. ڕەئیسی عەلی شەمخانی، فەرماندەی گشتیی پێشووی سپای پاسدارانی لە شورای ئەمنییەتی میللیدا هێشتەوە. ئەحمەد وەحیدی، فەرماندەی پێشووی سپای قودسی سپای پاسدارانی لە بەرپرسایەتیی وەزارەتی نێوخۆ داناوە و جڵەوی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی بە حوسین ئەمیر عەبدوڵلاهیان، یاری غاری قاسم سولەیمانی سپاردووە.

پێ سپاردنی بەرپرسایەتیی ئوستانداریییەکانی ورمێ، سنە، تەورێز، خۆراسانی ڕەزەوی، بووشێهر و چەند پارێزگایەکی دیکە بە کاربەدەستانی پایەبەرزی سپای پاسداران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پیمان دەڵێ هێشتا تینوێتیی سپای پاسداران بۆ پاوانکردنی سیاسەت و ئابووریی و بەڕێوەبەریی وڵات نەشکاوە.

کابینەی ڕەئیسی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حەسەن ڕەستگارپەنای -کە سەرتیپی سپای پاسدارانە- کردووتە ئوستانداری سنە. حەسەن ڕەستگارپەنا ساڵی ١٣٥٩ هاتە کوردستان و بڕیاردەری سەرەکیی کۆمەڵکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کوردستان بوو. پارێزگاری نوێی ورمێ هەموو بەرپرسایەتییە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی سپای پاسداران لە کوردستانی بڕیوە کە فەرماندەیی قەرارگای حەمزە یەک لەوان بووە.

محەممەدسادق موعتەمەدیان، کاربەدەستێکی دیکەی سپای پاسدارانە کە بەرپرسایەتیی پارێزگای ورمێی پێ دراوە. ناوبراو لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەرپرسی گشتیی ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای ورمێ بووە و بەوردی دەستی لە گرتن و کوشتن و ئیعدامکردنی زۆر لە چالاکانی سیاسیی نێوخۆدا هەبووە. هوشەنگ بازوەند، پارێزگاری ئێستای کرماشانیش پێشتر فەرماندەی گوردانی مەهەندیسیی ئەلمەهدی سەر بە قەرارگای «صراط»ی سپای پاسداران بووە. لە پێنج بەربژێریش کە بۆ جێگرەوەی ناوبراو بە کابینە ناسێندراون، هەر پێنجیان کەسانی نیزامی و ئەمنیەتیی سەر بە سپای پاسدارانن. محەممەد نەوزەری، ئوستانداری ئیلامیش کە نیزیک حەوت مانگە ئەو بەرپرسایەتییەی دراوتێ، مۆرەیەکی ئەمنییەتی ڕێژیمە و پێش ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ جێگری سیاسی و ئەمنیەتیی ئەو پارێزگایە بووە.

ئیبراهیم ڕەئیسی لە چوار مانگی ڕابردوودا نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو سەرجەم بەرپرسانی پارێزگا ئەتنیکییەکانی لە مۆرەکانی سەر بە سپا و ئیتلاعات داناوە و دیاریکردنی ئەم کەسانە بۆ ئەم بەرپرسایەتییە هەستیارانە نیشانەی بەئەمنییەتیکردنی زیاتری کوردستان و ناوچە ئیتنیکییەکان لە ڕێگای سپای پاسدارانەوەیە.

سەروتار

## دنیایەکی ئارام و سەقامگیر بەبێ کۆماری ئیسلامی


**عەلی بداغی**

ئەوەی لەو ڕۆژانەدا چەقی هاوکێشە جیهانییەکان پێوەندیدار بە پرسی ئێرانە، کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە و «چوون و نەچوون»ەوەی بۆسەر مێزی وتووێژەکانە.

پەروەندەی ئەتومیی ئێران ڕێک ٢٠ ساڵە کارتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا. ئەم پەروەندەیە لە ماوەی ئەم دوو دەیەدا هەوراز و نشێوی زۆری بڕی هەیا دواجار «بەرجام»ی لێ کەوتەوە، کەچی بەهۆی بەردەوامیی ئێران لە سەرەڕۆییەکانی دیسان چەتی تێکەوتەوە. دوای هاتنەسەرکاری دەوڵەتی نوێی ئەمریکا و دەسپێکی گەڕی نوێی وتووێژەکان بۆ ژیاندنەوەی بەرجام، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستا زیاتر لە چوار مانگە پڕۆسەکەی ڕاگرتووە و بەوەش چارەنووسی بەرجام جاری ناڕوونە. بەڵام ئەوەی بە زەقی لە چاو دەدا ئەمەیە کە هەموو لایەنە سەرەکییەکانی دانوستانەکانە -فەڕانسە، بریتانیا، ئەڵمان، ئەمریکا- کەوتوونەتە حاڵەتێکی سڕی و بێهەڵویستیی دیارەوە. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومییش بەهۆی ئەو بێهەڵوێستییە چاودێریی ورد و تەواوی بەسەر چالاکییە ئەتومییەکانی ئێراندا نییە، ئەویش لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامی بێدەنگ و بە گڵۆپی کوژاوە، بەخێرایی لە چالاکییە ناوکییەکانی بەردەوامە.

پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بەردەوام ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران
٢



دادخوازی لە کوردستان لە پرسێکی حقوقییەوە بۆ سیاسی–ئەمنییەتی
٣



کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسی...
٦



دورگە بەناو ئارام و شڵەژاوەکەی ناوچە
٧



تاوانی سیاسی لە ناڕوونیی یاسادا
١٠

درێژەی سەروتار

# دنیایەکی ئارام و سەقامگیر بەبێ کۆماری ئیسلامی

... دانوستانەکان دوا دەخا و خەریکی کات کوشتنە، ئەدی ئورووپا و ئەمریکا بەدووی چییەوەن؟ جێگای سەرنجە کە ئەمریکا هەتا ئێستا سێ ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانس لەبارەی کەمبوونەوەی بەڵێن و دەربەستییەکانی ئێران و ئاستی نزمی هاوکاریی ئەتومیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئاژانسی پشتگوێ خستووە و هیچ بڕیارنامەیەک لەدژی ئێران دەرنەچووە. یەکیەتیی ئورووپاش هەر هەمان سیاسەتی گرتووەتە بەر و خۆیان لە ڕێوشوێنی توند و سزادانی ئێران بەدوور گرتووە، بەڵام ئەم هەمووە هەوڵە بۆ دڵدانەوەی ئێران و ڕازیکردنی ئەم ڕێژیمە و هاندانی بۆ گەڕانەوە بۆ دەروەستییە ئەتومییەکانی هەربەڕاست چیی لێ شین دەبێ؟ یانی ئەوان نەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نیزامێکی سیاسیی ئیدۆلۆژیک بۆ مانەوەی وەک هێزی ناوچەیی و، دوای خەرجکردنی بە میلیارد میلیارد دۆلار دراو، و ملدان بۆ تێچووی سزا ئابوورییەکان و خۆ دانە بەر تیغی نارەزایەتی و نائارامییەکانی نێوخۆی وڵات، هەتا دەستیان بە بۆمبی ئەتوم ڕانەگا هەدا نادەن؟ هەروەها لە کاتێکدا کە کشانەوەی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە ئەفغانستان بوێرییەکی دیکەی بە کۆماری ئیسلامی داوە، کاتی ئەوە نەهاتووە کە کراوەتر، واقعبینانەتر و شێلگیرتر و یەکلاکەرەوەتر بـەرەوڕووی ئێران ببنەوە؟ ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی کە دەبینن سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشاری» ترامپ حکوومەتەکەی خامنەیی پێ نەڕووخا و، ئێستا کە ڕێژیم ئەو گوشارەی لەسەر کەم بۆتەوە و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە نێوخۆی وڵاتیشی سەرکوت و خەڵتانی خوێن کردووە و بەوە تەواو غەڕە بووە، ئەدی چاوەڕوانن چی لەو ڕێژیمە ببینن کە بتوانن داهاتووی پێوەندییەکانیانی لەسەر بنیات بنێن؟

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەرەتای دەسەڵاتەکەیان بە داگیرکاری و بارمتەگیری –پەلاماردانی باڵوێزخانەی ئەمریکا– و دروشمی بەرزی هەناردەی شۆڕشەکەیان دەست پێ کرد. لەوکاتەوە دەستیان گەیشتبێتە هەر وڵاتێک، شەڕ و وێرانی و کاولبوونیان بۆ بەدیاری بردوون و لە نێوخۆی وڵاتیش خەڵکی بێدەرەتان و بێئەنوایان بەبارمتە گرتووە و کردوویانن بە قەڵغانی بەڵا و نەهامەتیی سەر خۆیان.

کۆماری ئیسلامی چوار دەیەیە هۆکاری نائارامی و ناسەقامگیریی ناوچەیە، ئەمە ئیدیعای حیزبە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو ڕاپۆرتی کارناسانەی ناوەندە هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانەیە کە لەگەڵ ئێران دانوستانیان هەیە. ئەم ڕێژیمە پاڵپشتی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتییە لە دنیادا، ڕاستیی ئەمەش لە زۆر دادگای ئەو وڵاتانەدا –ئەمریکا و ئورووپا– کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بێنەوبەرەیان هەیە سەلماوە و بڕیاریان لەسەر دراوە. ئەم ڕێژیمە چل ساڵە دەگرێ، دەکوژێ، ئێعدام دەکا، ئەشکەنجە دەدا، کۆستی خەڵک دەخا و وڵاتی کردووەتە کاولستان، ئەمەش دروشـم و بوختانی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکوو بەیاننامە و بڕیارنامەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤن کە بەردەوام لێیان لە هەڵلا دەدەن. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەکردەوە دژی هەموو ئەو بایەخ و پرەنسیپە جیهانداگرانەیە کە ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی بانگەشەی بۆ دەکەن و تەنانەت وەک عەلی ئۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجان لە هەڵلای دا چوار دەیەیە ترانزیتی مادەی هۆشبەر بۆ ئورووپا دەکا؛ تۆ بڵێی چیی دیکە پێویست بێ کە کۆمەڵگەی جیهانی ئەم ڕێژیمەی باشتر پی بناسێ؟


دەسکەوت و دیارییەکانی ڕێژیم بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵاتیش ڕۆژانە هەر لە مێدیاکانی ئەم وڵاتانەدا تەتەڵە دەکرێن و دێنە بەرباس:

ئابووریی مایەپووچ، بێکاریی چەند دە میلیۆنی، گرانیی هەوسارپچڕاو و کۆمەڵگەی لێکترازاو. تەنانەت ڕێبەری ڕێژیم سڵامەتیی خەڵکی وڵاتەکەی کردووەتە قوربانیی سیاسەتی شەڕانشۆیانە و بووەتە هۆکاری سەرەکیی مردنی ڕۆژانەی خەڵک بەهۆی کۆڕۆناوە. دەوڵەت نە شەرعییەتی خەڵکیی هەیە و نە دەتوانێ و نە دەیهەوێ لایەک لە کێشە و ئارێشەکانی خەڵک بکاتەوە. سەرۆککۆمار و ئەندامانی کابینەکەی سەرلەبەری جینایەتکاری جەنگین و زۆر لەوان و لەسەرووی هەمووانەوە ڕەئیسیی سەرۆکی دەوڵـەت، لـە سۆنگەی تاوانەکانیان دژی مرۆڤایەتی و سـەرەڕای پارێزبەندیی سیاسیی بەڵام لە ترسی ئەگەری دادخوازی بوێریی سەفەری دەرەوەی وڵاتیشیان نییە. کاربەدەست نییە لەم وڵاتە لە گەندەڵییەوە نەگلابێ. خەڵک بۆ مانەوەیان گورچیلەیان دەفرۆشن و لە زبڵداندا بەدوای پاشماوەکانی خواردندا دەگەڕێن. لە یەک ڕستەدا ئابووریی وڵات ئاداری بەسەر پادارییەوە نەماوە، بەڵام ئەوەی پایەدارە سەرکوت و زیندان و پەت و سیدارەیە. ئەو ڕێژیمە لەو هەلومەرجەدا و بەو بارودۆخەوە ناتوانێ بۆ ماوەیەکی بەردرێژ خۆی ڕابگرێ، ئەگەر دەرفەتی بووژانەوەی نەدرێتێ. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاشدا نەیدەتوانی ئاوا ملئەستوور ببێ و پڕکێشی بکا، لەڕاستیدا ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی بواری بۆ نەڕەخساندبا. لە ئێستادا خەڵک هەموو نارازین و ڕۆژ نییە مامۆستا وکرێکار، بازاڕی و پەرەستار، وەرزێر و سەنعەتکار، کارمەند و خوێندکار و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ لەو وڵاتە نەیەنە سەر شەقام. ئێران لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیشیدا مایەپووچ بووە. هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە وەزیری دەرەوەی دەوڵەت بانگ کرایە مەجلیسی ئینقلابی! و تانەی ئەوەی لێدرا کە بۆچی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ئەو دۆخـەوە کە تا سنووری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئازەربایجان چووە پێشێ؟ بۆچی وتووێژەکان لەگەڵ عەرەبستان هیچیان لێ شین نابێ؟ یان بۆچی لە لوبنان دروشمی بەدژ بەرز بۆتەوە، دەستڕۆیشتووییەکانی لە عێراق لە کەمی داوە، لە یەمەن لە شەڕێکی دۆڕاودا چەقیوە و تەنانەت کار گەیوەتە ئەو جێیە کە لە سووریە بەشار ئەسەدیش پشتی تێبکا؟

بە دڵنیاییەوە ئێستا باشترین کاتە بۆ خۆ یەکلاکردنەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. هیچ جیاوازییەک لەنێوان تالیبان و ڕێژیمی ئیسلامیی تاراندا نییە، بۆیە خەڵکی ئێران ڕوو بە ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی دەڵێن وەک چۆن ئامادە نین بەئاسانی تالیبان بەڕەسمی بناسن، چیدی پشتی کۆماری ئیسلامیش مەگرن. هەروەها ئەگەر سەقامگیری و گەشەی دێموکراسی لە ئێران و ناوچەتان دەوێ، وەرنـە بـەرەی خەڵکی نارازیی وڵاتـەوە و پشتی ئـەوان بگرن. قسەی کۆمەڵانی خەڵک ئەوەیە کە ڕێبەرانی دنیا و کۆمەڵگەی جیهانی باشتر وایە چاوکراوە بڕوانن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ئێرانی ئازاد و دێموکراتی سبەیدا ببیننەوە.

# ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران





کەماڵ کەریمی

"ئەگەر تاران ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بگۆڕێ، ئەمریکا ئامادەیە ڕوو لە جێگرەوەی دیکە بکا" . ئەمـە دوا وتـەی ئانتۆنی بلینکێن، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکایە لەسەر پرسی وتووێژەکانی وڵاتـانـی (١+٥) ە، لە حاڵێکدا بـاش دەزانـن کە ئێران بە قازانجی خۆی و بە درێژکردنەوەی ماوەی وتووێژەکان چۆن کەڵکی لەم دیپلۆماسییە وەرگرتووە و چۆن هەمیشە ئەوانی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. بەڵام ئەم جێگرەوە چییە و چۆنە زۆر ناڕوون یا خەیاڵییە.

ئەگەر چاو لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڵسووکەوتەکانی بکەین بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە نە گۆڕانێک لە سیاسەتیدا بەدی دەکرێ و نە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەروا مل بۆ داخوازەکانی ئەمریکا ڕابکێشێ. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئەوە نیشان دەدەن ئەوە کۆماری ئیسلامی بووە کە بـەردەوام بووە لە پێداگری لە هەڵوێستەکانی و لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە ئەمریکا و ڕۆژاوای بە دوای خۆیدا ڕاکێشاوە. هۆکارەکەش بەهێزی و ڕاستبوونی هەڵوێستەکانی ئەو ڕێژیمە نەبووە و نییە و هەروەها قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوانی ساڵ بە ساڵ لاوازتر کردووە، بەڵکوو دەستەوەستانی وڵاتانی زلهێز لە گرتنە پێشی ڕێگەی گونجاو لە بەرامبەر ئەو سەرکێشییانەدا هۆکاری سەرەکیی ئەم بابەتە بوون. هەر ئەم قسەیەی بلینکن دەرخـەری ئەم ڕاستییەیە کە دیسان ڕوویان لە ئێرانە کە ڕێگەی دیپلۆماسی بەرنەدا، دیپلۆماسییەک کە ڕێژیمی ئێران ساڵانێکە لە قازانجی سیاسەتەکانی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە و لەپێناو بەرژەوەندییە ستراتێژییەکانی بـەکاری هێناوە. ئێـران تەنیا ئەو کاتانە هەڕەشەی وازهێنان لە ڕێوشوێنی دیپلۆماسیی کـردووە کـە وەک هـۆکارێک بۆ ترساندن و فشارهێنانی زیاتر بۆ سەر ئەو وڵاتانە بەکار هاتبێ. ئاکامی ئەم هەڕەشانەی ئێران دیسان هەوڵی یەکلایەنەی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی بووە بۆ ڕازیکردنی ئێران بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر مێزی وتووێژ و پێدانی هێندێک ئیمتیاز لە بواری ئابووری، وەک پێدانی چەندین میلیارد دۆلار لە سەردەمی ئۆباما و هەڵگرتنی سزاکان لەسەر بەشێک لە کـەس و کۆمپانیا سـزادراوەکـان لە ئێستادا.

سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا کە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نێو بازنەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێناسە دەکرا و بە هۆی ئەم سیاسەتەوە تەنانەت کاتێک کە بە میلیۆنان کەس لە پێناو دەنگەکانی خۆیان لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا ڕژانە سەر شەقام، لە ترسی تووڕەبوونی باڵی دەسەڵاتداری دەمارگرژی ڕێژیم خۆیان لە پشتیوانیکردنی پاراست، لەمێژە ناڕاستییەکەی دەرکـەوتـووە. سیاسەتێک کە بەهۆی پێداگری لەسەر ستراتێژیی ناردنـەدەرەوەی شـۆڕش و دەستـێوەردان لە وڵاتـانی ناوچە بە مەبەستی پەرەپێدان بە دەسەڵاتی ناوچەیی ڕێژیم نەتەنیا نەیتوانی ئێران پێبەند بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بکا بەڵکوو فرسەتی زۆریشی بەوان دا هەتا لە گەیشتن بە تـەواوکـردنـی پـڕۆژەی پەرەپێدانی دامەزراوە ناوکییەکانیان نزیکتر ببنەوە، شتێک کە بووەتە ئامانجێک و ترسێک لەنێو ڕۆژاواییەکاندا.

ئـەوە ڕاستە کە سیاسەتی تەحریمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن شوڕای ئەمنییەت و هەڕەشەی توندترکردنی سـزاکـان لـەسـەریـان، ڕێبەریی کـۆمـاری ئیـسـلامیی نـاچـار کـرد لـە ساڵی ١٣٨٤دا گەڵاڵەی بەرجام بۆ چارەسەری کێشە ناوکییەکانی ئێران قبووڵ بکا. بەڵام دوای شەش ساڵ بەسەر تێپەڕینی پەسەندکردنی گەڵاڵەی تەفاهومی بـەرجام دەردەکـەوێ کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکە دەڕواننە ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە. ئەوان ئەم هەلەیان قۆستەوە هەتا بە جۆرێک فشارەکان لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە و بگەنە ئامانجی خۆیان. لە ڕاستیدا سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئۆباما هەرچەند پەسندی زۆربەی وڵاتانی جیهان بوو بەڵام نەیتوانی هیچ گۆڕانێک لە بنەما فکرییەکانی دەسـەڵاتدارانـی کۆماری ئیسلامیدا دروست بکا.

ئێستا کـە دەوڵـەتـی نـوێـی ئـەمـریـکـا دوای ڕۆیشتنی ترامپ هەمان سیاسەتەکانی پێشووی دێموکراتەکانی گرتووەتەبەر، دەبینین کە چۆن کـۆمـاری ئیسلامی داشـی سـوار بـووە و لە زمان وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە دەگوترێ کە، "سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کردەوە لە بەرامبەر کـردەوەدایـە و ئەمریکاییەکان دەبێ نیازپاکی و ڕاستیی خۆیان نیشان بدەن و دەبێ بەر لە دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان کارێ بۆ ئەمە بکەن، لەگەڵ ئـەوەش باسی وتووێژەکان دەبێ لەسەر ئەو شتانە بن کە کاتی چوونەدەری ترامپ لە بەرجام هەبوون و هیچ شتی دیکە". ئەمەش پێش هەموو شتێک داواکارییەکە بۆ هەڵگرتنی سـزاکـان و بـەڵێـندان بـۆ نـەگـەڕانـەوەی هیچ سزایەک. لەولاشەوە بە هەڵسەنگاندنی ڕوانینی دێموکراتەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، فشارێکە لەسەر سیاسەتی نەرمی نواندن بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە. ڕوانینێک کە دوای شـەش جـار دانیشتن لـە سـەردەمـی دەوڵەتی جۆ بایدن‌دا، نەتەنیا کاریگەریی لەسەر گۆڕانی هەڵوێستی ئێران نەبووە، بەڵکوو ئەوانی زیاتر هان داوە پێداگری لەسەر سیاسەتەکانی خۆیان بکەن بەو خەیاڵەی ئەمریکا بە چۆکدا بێنن. هەرچەند وێناچێ دەوڵەتی ئێستای ئەمریکاش تا سەر کۆتا بێ.

بـەڵام زیاتر لە هەموو ئەمانە و بە دوور لە ڕوانـیـن بـۆ چۆنیەتیی چـارەسـەری کێشەکان، داخۆ ئەمریکا و وڵاتانی دیکە تا کەی دەتوانن چـاولـێـکـەری گـەمـەکـانـی کـۆمـاری ئیسلامی بن؟ بە تایبەت ئێستا کە بە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لـە ئەفغانستان و بـاس لە کەمکردنەوەی هێزەکانیان لە عێراق و گۆڕینی ستراتێژی ئەمریکا لە مانەوەیان لە ناوچە پڕ کێشەکان و خۆدوورخستـنـەوە لـە سیاسەتی چارەسەری نیزامی لەو وڵاتانەدا کە کێشەیان هەیە، کۆماری ئیسلامییش هەست بـەوە دەکا کە مەیدانێکی نوێ بۆ ڕمبازێنەکانی کراوەتەوە. بەپێی ئەم سیاسەتە نوێیە، ئەمریکا ناتوانێ بیر لە چارەسەری کێشەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی چەکداریی وڵاتـەکـەی بکاتەوە. کەوابوو جێگرەوەی سیاسەتی دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئێران دەبێ چ بێ؟ توندترکردنی سزاکـان، بەربەست دانـان لـەسـەر پێوەندییە دیپلۆماسییەکان و دوورخستنەوەی لە بەڵێننامە ناوچەیی و جیهانییەکان یا هەر ڕێگەیەکی دیکە کە یارمەتی بە تەریکخستنەوەی ئەو ڕێژیمە بدا هەرکام دەتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێ. دیارە ئەمانە هەمووی کارێکن کە دەبێ لە دەرەوە و لە ڕێگەی وڵاتانی خـاوەن دەسـەڵاتـەوە بکرێ بەڵام بەشێکی دیکە خاوەنی سەرەکی ئەم وڵاتە، خەڵکەکەیەتی. ئەم ڕێژیمە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە بە خراپترین شێوە کە دوورە لە هەموو عورفێکی سیاسی و ئێنسانی دەیـان میلیۆن لـە دانیشتووانی وڵاتـەکـەی دەچەوسێنێتەوە و بێبەشی کـردوون لـە هـەر چەشنە ماف و ئازادییەک کە وڵاتانی پێشکەوتوو خۆیانی پێ هەڵدەنێن. ئاکار و کـردەوەیـەک کە لای هیچ کەسێکی مرۆڤدۆست و یاسایەکی نێودەوڵەتی پەسند نییە. هەر ئەم شێوە حوکمڕانییەش کە سەرچاوەکەی بنەما فکرییەکانیانە وای کردووە کە خەڵک لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان بێزار بن و بە بەردەوامی بەگژیدا بچنەوە. خۆپێشاندانە بەرینەکانی خەڵک لەدژی دەسەڵات بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ بەملاوە و بەردەوامی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لەم نارەزایەتی دەربڕینانە، ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە ڕێژیمی ئێران لە چاوی خەڵکدا ئەو حکوومەتە نییە کە دنیا ۆ چارەسەری کێشەکان ڕووی لێ بنێن، بەڵکوو دەبێ ڕوو لە شوێنی دیکە بکەن ئەویش خەڵکی ئێرانە.

لەم بـارەوە ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی کە بۆ فشارهێنان لەسەر سەرەڕۆیی لە وڵاتانی جیاجیادا، زۆرجار هێنانەبەرباسی دێموکراسی وەک ئامرازێک بـەکار دێنن بـەڵام بۆ ئێران پێویستە بە ڕاستی بیر لە هێنانەگۆڕی مەسەلەی دێموکراسی بکرێتەوە. ئێستاش ئەگەر بیانەوێ بە شێوەیەکی واقیعی دەرکی کێشەکانی ئێران بکەن ڕێگەی دیپلۆماسی کاریگەرترین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. بەڵام نەک ئەو دیپلۆماسییە شکستخواردووە لەگەڵ ڕێژیمی دەسەڵات بەدەستی ئێران، بەڵکوو دیپلۆماسییەک کە خەڵکی ئێران و نوێنەرانی ئەوان لایەکەی دیکەی بن. خۆ سەرقاڵکردنی وڵاتانی ڕۆژاوا بە کێشەی ناوکی بەداخەوە لە هـەمـوو ئـەو ساڵانـەدا ڕێگـەیـک بـووە بۆ خۆدزینـەوە لە کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی ئێران و بـواردان بـە درێژیی دەسـەڵاتـداری سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەوانەوە و بـەردەوامی پێشێلکارییەکانیان لە نێوخۆی وڵات. ڕەوایە کە خەڵکی ئێران چـاوەڕوان بن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جیاتی تەنیا باسی دامەزراوە ناوکییەکان، ئاوڕێکیش لە پێشێلکردنی بەردەوامـی مافی مـرۆڤ، سووکایەتیکردن بە مافەکانی ژنان و منداڵان و نەهێشتنی ئاسەواری هەر چەشنە ئازادییەک بدەنەوە. هەموو لایەک دەزانـن بیرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا دژی خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو دژایەتی لەگەڵ مرۆڤایەتی و بنەماکانی ژیانێکی ئاسوودە لەنێو کۆمـەڵگەی بـەشـەریدا. چـارەسـەری کێشەی ناوکییش ئەم بیرۆکەیە بنبڕ ناکا.

هەر بۆیە ڕێگەی چارەسەری کێشەی ناوکیی و هەموو کێشەخوڵقێنییەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لە گەڕانەوەی کەرامەتی ئینسانی بۆ مرۆڤەکانە و بە ئازادیی ئێران و خەڵکەکەی لە چنگ دەسەڵاتی زۆرەملی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێ. ڕێگەی ئـەم دیپلۆماسییەش ڕووکـردن لـە خـەڵک و یارمەتیدانی دژبەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی ئێرانییە کە باوەڕیان بە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی هاوبەشی ئینسانییە. ئەوانەی کە بەڕاستی دەیانەوێ وڵاتەکەیان وەک وڵاتێکی خاوەن کەرامەت لە نێو کۆمەڵگەی بەشەریدا ببیننەوە. لە کاتی بیرکردنەوە لە جێگرەوەی پلانی ئێستادا باش دەبێ بیر لە جێگرەوەی ڕێژیمێک بکرێتەوە کە مل بۆ هیچ سازانێک ڕاناکێشێ و جگە لە مانەوەی دەسەڵاتداریی خۆی هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکانی دیکە نابێ.

**ڕێگەی چارەسەری کێشەی ناوکیی و هەموو کێشەخوڵقێنییەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لە گەڕانەوەی کەرامەتی ئینسانی بۆ مرۆڤەکانە و بە ئازادیی ئێران و خەڵکەکەی لە چنگ دەسەڵاتی زۆرەملی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێ. ڕێگەی ئەم دیپلۆماسییەش ڕووکردن لە خەڵک و یارمەتیدانی دژبەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی ئێرانییە کە باوەڕیان بە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی هاوبەشی ئینسانییە. ئەوانەی کە بەڕاستی دەیانەوێ وڵاتەکەیان وەک وڵاتێکی خاوەن کەرامەت لە نێو کۆمەڵگەی بەشەریدا ببیننەوە**

# دادخوازی لە کوردستان لە پرسێکی حقوقییەوە بۆ سیاسی-ئەمنییەتی


زانیار حوسەینی




دادخوازی لە بەستێنی ماف و یاسادا بە مانای ئەوەیە کاتێک زوڵم لە کەسێک کرابێ، ئەو تاکە مافی ئەوەی هەبێ سکاڵا بەرز بکاتەوە و داوای مافی پێشێلکراو، یان داوای قەرەبووی مافە پێشێلکراوەکەی بکا. ڕەوتەکەش ئاوا باوە کە کاتێک دادگا یان شوێنی دیاریکراو بۆ تۆمارکردنی سکاڵا و بەدواداچوونەکە، دانی بە پێشێلکردنی ئەو مافە دانا، بەپێی یاسای وڵات و بە جۆری گونجاو کە لە یاسا یان عورفی کۆمەڵگەدا هاتووە، یان ئەو مافە وەک خۆی قەرەبوو دەکاتەوە یان هاوشێوەی ئەو مافەی بە جۆرێک بۆ دابین دەکاتەوە و زۆرجارانیش لەگەڵ ئەوە سزای دیاریکراویش بەسەر پێشێلکارانی مافەکە دەسەپێنێ. کەوایە تاکێک کە مافێکی یان کۆمەڵێک مافی پێشێل دەکرێ، دەبێ لە ڕێگەیەک کە دەسەڵاتی دادوەری دیاریی کردووە بە سکاڵاوا دادخوازی، داوای مافی خوراو یان پێشێلکراوەکەی بکا.

لە سەردەمی کۆمەڵگە کۆن و سەرەتاییەکاندا ماف بە کەسێک بووە کە هێزی پتری بووە، بەڵام لەو کاتەوە کە دەسەڵات درا بە دەوڵەت و پێکهاتەیەک بە ناوی دەوڵەت ساز کرا، ئەرکی قەرەبووکردنەوەی ماف و مافی پێشێلکراو درا بە دەوڵەت، واتە دەوڵەت بوو بە نوێنەری کۆمەڵگە بۆ دامەزراندنی عەدالەت و گەڕاندنەوەی مافە پێشێلکراوەکان و زەمانەتی بەدواداچوونیان. هەربۆیە ئەوە دەوڵەتە کە دەبێ نەهادێک یان ڕێکخراو و دامەزراوەیەک بۆ دادخوازی بنیات بنێ و ئەو دەسەڵات و دامەزراوەیە بەدەر لەهەر ناوێک کە هەیبێ، ببێتە شوێنی وەرگرتنی سکاڵای خەڵک و شارومەندان و ناوەندی بەدواداچوونی ئەو بابەتانە.

**یەکێک لە پێشمەرجەکانی وەدیهاتنی عەدالەت و دادپەروەری لەهەر نیزامێکی سیاسیدا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە و دادخوازیش لە ڕاستیدا خواستێکە بۆ وەدیهاتنی ئەو پێشمەرجە. گرینگیی سکاڵا بۆ کۆمەڵگەیەک کە تووشی بە تووشی دەسەڵاتی تۆتالیتێر بوە هەر لەوە دایە.**

دادخوازی بۆ مافی پێشێلکراو لە دوو حاڵەت و جۆر بەدەر نییە. یەکەم: تاکێکی کۆمەڵگە سکاڵایەک بە نیسبەت تاکێکی دیکە لەو شوێنە تۆمار دەکا. حاڵەتی دووهەم: ئەوەیە کە تاکێکی کۆمەڵگە لەسەر دەوڵەت یان ئۆرگانێکی دەوڵەتی یان حکوومەتی لە دادگا یان دەسەڵاتی دادوەری سکاڵا تۆمار دەکا. لە حاڵەتی دووهەم دایە کە بۆمان دەردەکەوێ سەربەخۆیی ئەو دامەزراوەیە (دادگا) لە هەمبەر سکاڵا و پرۆسەی بەدواداچووندا بۆ وەدیهێنانی عەدالەت و دادپەروەری چەندە گرینگ و پێویستە؛ کە نەتەنیا ئەوە بۆ ئاسایشی گشتی وڵات و پاراستنی نەزم یەکێک لە ئەساسەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵکوو یەکێکە لە پێکهاتە پێویستەکان بۆ مەسەلەی دێموکراسی و پەرەسەندنی لەنێو کۆمەڵگەدا. کەوایە لە پارێزراو نەبوونی سەربەخۆیی دادگا لە بواری یاسایی و پراکتیکدا کە ئامانجی سەرەکیی ئەو شوێنەیە، چەمکێک بە ناوی عەدالەت قەت وەدی نایە. بۆیەشە دادگا دەبێ لە گرێدراویی سیاسی و بەرژەوەندیی هاوبەش و پێکهاتەی ئیدئۆلۆژیک لە دەسەڵاتی سیاسیی وڵات جیا بێ. لەم ڕووەوە یەکێک لە پێشمەرجەکانی وەدیهاتنی عەدالەت و دادپەروەری لەهەر نیزامێکی سیاسیدا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە و دادخوازیش لە ڕاستیدا خواستێکە بۆ وەدیهاتنی ئەو پێشمەرجە. گرینگیی سکاڵا بۆ کۆمەڵگەیەک کە تووشی بە تووشی دەسەڵاتی تۆتالیتێر بوە هەر لەوە دایە.

لەو پێناسانەدا پرسیارێک دێتە پێش کە چ جیاوازییەک لەنێوان سکاڵای شەخسی بە نیسبەت سکاڵا لە دەوڵەت یان کەیسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە؟ لە ڕووی فۆرمەوە هیچ جیاوازییەک نییە بەڵام لە ڕووی ماهەوییەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. چوونکە لە شێوەی دادرەسیی هیچکامیان ناکرێ شێوەیەکی شەخسی بەکار بهێنرێ. بەڵام لە ئێران و لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، زیاتر هەوڵ دەدرێ سکاڵا حقوقییەکان تا ئاستی تۆڵەسەندنەوەی شەخسی بهێنرێتە خوارێ و بەرپرسیارێتیی دەوڵەت لەو بابەتانەدا کەم بکرێتەوە یان بەگشتی حەزف بکرێ.

یاساکانی ئێران لەبەر ئەوەی لە "فیقهـ" وەرگیراوە، لەسەر بنەمای سزادان، کووشتنەوە و تەعزیراتە و لەبنەڕەتڕا بناغەی "فیقهـ" لە سکاڵا حقوقییەکاندا زیاتر تۆڵەکردنەوەیە. لە حاڵێکدا لە کەیسێکی حقوقیدا دەسەڵاتی دادوەری بەرپرسیارێتیی سزای شەخسی بکا، شێوازێکی ڕەت کراوەیە و لە سەردەمی ئێستادا وەلا نراوە. بۆ نموونە لە کەیسێکی قەتڵ یان کووشتندا یاسا لە ئێران دەڵێ لێی خۆش بن یان خوێنبایی وەرگرن یان بیکوژنەوە. ئەوە وەک ئەوە وایە کە ئەسڵەن دەسەڵاتێک و دەوڵەتێک لەسەر کار نەبێت و ئەگەریش هەبێت شتێک بە ناوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی نەناسێ.

ئەوەی لەو بابەتەدا خستوومانەتە بەر تیشک ئەوەیە کە کاتێک لە کەیسێکدا لایەنی بەرامبەر دەوڵەتە، ئایا پرۆسەی دادخوازی وەک خۆی دەچێتە پێش یان نا؟ بۆ نموونە لە کەیس و پەروەندە سیاسییەکاندا کە دەوڵەت دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی شارومەندان، یان دەستدرێژیکردنی دەوڵەت بۆ سەر مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەرەتاییەکانی وەک ئازادیی ڕێپێوان، ئازادیی دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکان، ئازادییە شەخسییەکان و هتد. ئەو جۆرە کەیسانە کە دوو حاڵەت لە خۆی دەگرێ یەکەم باری حقووقییەکەیەتی، دووهەم باری سیاسییەکەی، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە دەزگای دادوەری وەک خۆی ڕەچاوی پرۆسەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و حوکمدان ناکا. بۆ نموونە ئایا ئەو کەسانەی کە لە بەندیخانە کاتییەکان دان یان لەنێو زینداندا دەکوژرێن، بنەماڵە و کەسوکاریان دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و بەدوای مافی پێشێلکراویان بکەون و بە نیسبەت دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەوڵەت لە دەسەڵاتی دادوەری داوای گەڕاندنەوەی عەدالەت لە بەرامبەر ئەو دەستدرێژییە بۆسەر گیانی ئەندامانی خێزانەکەیان بکەن؟ یان کۆڵبەرێک کە لەپێناو دابینکردنی پاروونانێک بۆ بنەماڵەکەی بەناچار هاتوچۆی سەرسنوور دەکا و بەدەست هێزە چەکدارەکان دەکوژرێ، یا خۆ تاکێکی کورد وەسەر مینەچێندراوەکانی دەپەڕێ و دەکوژرێ یان نقوستان دەبێ، مافەکانیان چیی بەسەر دێ؟ یان تەنانەت ئەو کەسانەی لە ڕێگاوبانە ناستانداردەکانی کوردستاندا دەبنە قوربانی، یان حەرام و قەدەغەکردنی پێکوتە و دابیننەکردنی شتە زەروور و پێویستەکان لە کاتی پەتای کۆرۆنادا؟ لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دەوڵەت بەرپرسیارە، ئەگەرچی لە زۆربەی ئەو جۆرە کەیسانەدا یان خۆی لە بەرپرسایەتی دزیوەتەوە، یان هەوڵی ئەوە دەدا کە ئۆرگانێکی بچووکی دەوڵەتی تەنانەت کەسانێک کە لەو شوێنانە بەرپرسایەتییەکی نزمیان هەیە بە لایەنی بەرامبەری ئەو سکاڵایانە بناسن و بەرپرسایەتییەکەی لە دەوڵەت و ئۆرگانە سەرەکییەکانی حکوومەت ڕامالن. بەڵام بەپێی بەرپرسیارێتی گشتی بە تایبەت لە تاوانە قورسەکانی وەک دەستدرێژی بۆ سەر گیان و ماڵ و جەستەدا، بەرپرسانی حکوومەت هەمووی لێی بەرپرسیارن، نەک تەنیا کەسێک لەو سیستەمەدا. بۆ نموونە دەبینین کاتێک لە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیک کردەوەیەکی قێزەون لەلایەن بەرپرسێکی تەنانەت ئاستنزمیش ڕوو دەدا، یان ڕووداوێک بە هۆی کەمتەرخەمی بۆ هاووڵاتییەک دێتە پێش، جاری وایە کەسی یەکەمی ئەو وڵاتە دەست لە کار دەکێشێتەوە، یان کەسانی ئاستبەرز لە بەرپرسایەتیدا دەکێشرێنە دادگا.

لە ئێران شێوەی بەدواداچوونی دەسەڵات بۆ ئەو جۆرە کەیسانە یان بەسیاسی و بەئەمنیەتی کردنە، یان دیزەبەدەرخۆنە و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان. بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە لە کەیسە سیاسییەکان بە تایبەت کەیسە سیاسییەکانی کوردستاندا نەتەنیا دەسەڵاتی داد وەڵامی سکاڵا و داواکارییە قانوونییەکانی کەسی مافخوراو ناداتەوە، بەڵکوو گوشاری لەڕادەبەدەریش دێنێ بۆ سەر تاکی دەسبەسەرکراو و بنەماڵەکەی بۆ دەستهەڵگرتن لە مافی ڕەوای خۆیان و قبوڵکردنی زووڵم و زۆری و مافە پێشێلکراوەکانی. تەنانەت زۆر جارانیش دیتراوە کە پارێزەری ئەو کەسانەش لەسەر کەیس و بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زۆر جارانیش کولتووری کەوتوونە بەر مەترسی و هەڕەشە لە خۆیان و نیزیکەکانیان. لەڕاستیدا لە ئێران شتێک بە ناوی سکاڵا بۆ قەرەبووکردنەوەی مافی مافپێشێلکراوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونێکی نییە و لە هێندێک حاڵەتیشدا لە چەشنی یاسایی و حقووقی دێتە دەرێ و تەواو بە ئەمنییەتی دەکرێ.

یەکێک لە سەرەکیترینی ئەو پێشێلکارییانە لە هەمبەر سکاڵای بنەماڵەی قوربانییانی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامییە. ئەوەی کە دەستبەسەرکراوێکی کورد بەهۆی نادیار لە ئیتلاعات و بەندیخانە کاتییەکاندا بکوژرێ بۆتە بابەتێکی مەترسیدار و بەردەوامیش دووپات و چەندپاتە دەبێتەوە. بەڵام کاتێک پارێزەر یان بنەماڵەی قوربانییەکان سکاڵای خۆی دەباتە دەسەڵاتی دادوەری، نەتەنیا هیچ وەڵامێکیان لەبارەی ئەو دەستدرێژییە گیانییە -وەک دەسبەسەرکردنی تاوانباران، دادگاییکردنیان، سەپاندنی حوکمی نایاسایی، دەرکردنیان لە کار و کۆمەڵێک حاڵەتی دیکە- وەرناگرێ، بەڵکوو لە سەرەتاییترین مافی پێشێلکراویشیان وەک مافی زانینی ڕاستییەکان بێبەری دەبن. تەنانەت بۆشیان ڕوون ناکەنەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو مەسەلەیە هاتۆتە پێش، دەستی بەئانقەست بووە یان نا و... هتد.

مەسەلە ئەوەیە کە بەئەمنییەتیکردنی پرسە حقووقییەکان لە کوردستان بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران چەند قات زیاترە. بۆیە کاتێک دەسەڵات هیچ ڕێگەیەکت بۆ ناهێڵێتەوە کە لە ڕێگەی یاسای وڵاتەوە و بە کاناڵی بەرزکردنەوەی سکاڵا و خواستەکان بۆ قەرەبووی ماف، بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکان و بۆ وەڵامدانەوەی لایەنە پێوەندیدارەکان، ئەو پەیامە بۆ ئێمە دەنێرێ کە دەسەڵاتی ئەمنی لەو بەشە جێگەی دەسەڵاتی دادوەریشی گرتۆتەوە؛ هەربۆیە کاتێک دەوڵەت خۆی لە بەرامبەر مافی تاک یان مافی کۆمەڵێک کەس بەرپرسیار نەزانێ و داواکارییەکانیش دژبەرانە وڵام داتەوە و بەرپرچیان بداتەوە، مافی قەرەبووکردنەوەی ماف پێشێلکراوەکان بۆ تاک، بە هەموو شێوەیەک پارێزراو و بەحەق دەمێنێتەوە.

***

## چالاکی مەدەنی یان چالاکیی مەدەنی؟!

ب. کاوان

پرسی چالاکی مەدەنی و چالاکیی مەدەنی بە جۆرێک وەک یاسای "خوێندنی زمانی کوردی" و "خوێندن بە زمانی کوردی" وایە! ئایا هەر تەنیا خوێندنی زمانی کوردی یەکێک لە مافە ڕەواکانی ئێمەیە؟ یان خوێندن بە زمانی کوردی؟

ئەوەی ئێستا لە بەشێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن چالاکانی زمانی و ماموستایانی فێرگەی زمانی کوردی دەگوترێتەوە، دەبێتە "خوێندنی زمانی کوردی"، بەڵام واتای "خوێندن بە زمانی کوردی" ئەوەیە کە، قوتابی سەرجەم وانەکانی(ڕیازی، شیمی، فیزیک و...) لە سیستەمی فەرمی پەروەردەدا بە زمانی دایکی بخوێنێ. لە ماوەی ١٥ساڵی ڕابردوو لەلایەن زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی جڤاکی وەک ستراتێژی حیزبەکان پێناسەی بۆ کراوە. بەڵام پێناسەی خەباتی مەدەنی، چالاکانی مەدەنی و چالاکیی مەدەنی لەبەر نزیکایەتیان و بەربڵاویی چەمک و ماناکان ڕەوشەکە هەستیار دەکا و تەنانەت بەردەنگی ئەم مۆدێلە لە سیاسەت دەشێوێندرێ!

ئەگە بەو ئاکامە بگەین کە "شارۆمەندێکی وریا، چالاکێکی جڤاکی وریایە" هەموو تاکێکی وشیاری کۆمەڵگە، وەک چالاکێکی مەدەنیی کۆمەڵگەی لێ دێ. هەر شارۆمەندێک کە بەهۆی بەرژەوەندیی گشتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی قازانجی کەسیی یان گرووپێک لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا چالاکی بکا وەک چالاکێکی سڤیل پێناسەی بۆ دەکرێ، جا ئەو چالاکییانەش لە بەشداری لە خۆپێشاندانەوە بگرە هەتا نووسینی وتار، شێعر و... و پاکوخاوێنی ژینگە و پەرەپێدان بە کولتووری مافەکای مرۆڤ، بە گشتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەر لە دەسەڵاتی چەوسێنەری کۆمەڵگەی سیاسی (حکومەت) وەک کاروچالاکییەکانی، تاکێکی ئەکتیڤ و هەڵسووڕ لە کۆمەڵگە دەژمێردرێ.

لە جۆری چالاکیی مەدەنی کە زیاتر خۆی لە قەرەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە دەتوانین ئاماژە بە نافەرمانی مەدەنی (بەرگری مەدەنی یان شۆڕشی ئارام) بکەین، ئەمە جۆرێک نارەزایەتییە کە حکوومەت پێی خۆشە بیکەی بەڵام توێژێک لە کۆمەڵگە نایکا. کۆمەڵگەی فەرمی پێی خۆشە قوتابی، ماموستا، کرێکار بچنە سەر کار بەڵام ئەوان ناچن، یان ئەوەیکە حکومەت کردەوەیەکی پێ ناخۆشە بەڵام چینەکانی کۆمەڵگە دەیکەن وەک مانگرتن (ڕۆژووگرتن، دەمدووروونەوە، داخستنی دووکان و بازار، نەچوونە سەر کارو...)، ڕێپێوان (ڕێپێوانی بێدەنگ و بێ درووشم یا بە پێچەوانە بە هەڵا و پڕ توندوتیژی)، و.... یان کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو بەشێوەی خۆڕسک بێنە سەر شەقام و بە توندترین جۆر بەرپەرچی حکوومەت بدەنەوە و لە هەموو شێوازەکان کەڵک وەرگرن. هەروەها ڕەوتە سیاسییەکان (حیزب) و خەباتی چەکداری، کە بەپێی پەسەندکراوی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە ژوارە ٢٢٢ و ٢٣٥ ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٧٨، دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بۆ گەشتن بە مافی چارەنووسی گەلان لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی ئامادەی گوتوبێژ نین، چالاکیی نیزامی بکەن.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنی دەکەن یان لە شێوازی چالاکیی مەدەنی؟ هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبەراورد دەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەوروپشتی خۆی چەندە زیندوویە و لە دیارترین چالاکیی مەدەنییشدا لە ٢١ی خەرمانان بۆ پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای بزووتنەوە سیاسییەکەیان دووکان و بازاریان گاڵە دا کە بە شارستانیەتترین چالاکی سەردەم پێناسە دەکرێ. ورووژاندن و پشتیوانی و هاوکاری چالاکیی مەدەنی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لە ڕێگا هەرەباش و کەم تێچووەکانە بۆ بە گەیشتن بە ویست و داخوازییە ڕەواکانمان. بەڵام پشتیوانی لە چالاکی مەدەنی بە شێوەی تاک، ئاکامەکەی لە باشترین حاڵەتدا، هاتنەدەر لە بازنەی چالاکێکی مەدەنی لە کۆمەڵگە و تاراندنی نەخوازراویەتی.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەکان و دیاردەی کۆمەڵ بە درێژایی مێژوو لە پڕێ و کوتوپڕ نەبووە؛ بەڵکوو لەژێر کاریگەریی پێویستی ڕەوشی دەرهەست و بەرهەست بووە. بە ڕوانینێکی تر جۆرێک ڕێسامەندی لۆژیکی بەسەر دیرۆکی مرۆڤدا زاڵ بووە. لە ڕاستیدا تاک و کۆمەڵ هەردووکیان خاوەنی ڕەسەنایەتی و کەسایەتیی تایبەت بە خۆیانن. کەوابوو بیچمگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەمرێکی تایبەتە کە لەسەرخوانی ڕەوشێکی تایبەت هەڵدەکەوێ. کۆمەڵگەی مەدەنی میناکێکە لە وەدەست هێنانی ئازادی بۆ مرۆڤایەتی لەسەر بناخەی زانیاری و ئیرادەی مێژوویی مرۆڤەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ڕەوگیرکراویان، کە ئەزموونێکی پێکبڕان لەتەک دۆخی ژیانی شارنشینی و پێویستیەکانی ئەم چاخە (زانیاری) و تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنی بەدواوەیە.

ئەو ئاڵوگۆڕە، ڕامیاری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو لە ئێران و کوردستان هاتوونەتە پێش، پێویستی بە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەستێنی لەبار بۆ گەشەی ئەم چەمکەیان خۆشتر کردووە. ڕۆڵی سەرکەوتوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەت دوای سەرهەڵدانە مەدەنییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئێران، ئەوەی سەلماند کە ئیتر درووشم و شێوازی ڕابوون و بزاڤەکان تەنانەت شەڕی کلاسیکیش، دامرکاوە و مۆدێلی کەم تێچووی پڕ کاریگەرتر (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە هەموو شێوەزاکانی) جێگای گرتۆتەوە. سەرکوتی ئەم شێوازە لە خەبات بە هاسانی شەڕی چڕ و فیزیکی نییە و لە بواری ڕادەی بەشداری و چوونە ناو هەناوی کۆمەڵگەوە گەلێک تەوفیری هەیە، هەربۆیە لەم ساڵانەی دواییدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین تاقی کرایەوە و سەرکەوتنی زۆریشی بەدەست هێناوە. کەواتە لەم دۆخەی ئێستادا و بەدەر لە هەڵسەنگاندنە سیاسییەکان ئەو بیرۆکەیە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، کۆتا ڕێگەی جێ هیوایە بۆ بەئاکام گەیشتن.

## فرەیی
# لە دەرفەتەوە بۆ هەڕەشە

شاهۆ مەتین

پلۆرالیزمی مەزهەبی، کولتووری و زاراوەیی لەنێو گەلی کورددا یەکێک لەو میکانیزمە چالاکانەیە کە بە هەبوونی خۆی لۆژیک و بایەخی دێموکراتیکبوون و تۆلێرانسی لە هزر و ناخی مرۆڤی کورددا چاندووە و بۆتە سەرچاوەی عەقڵییەتی نەهادینەکردن و دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی دێموکراتیک کە هەمووان بە قبووڵی جیاوازییەکانیانەوە بتوانن پێکەوە بین و پێکەوە بمێنین.

ئەم ڕوحی پلۆرالیزم و تۆلێرانسە وەک میراتێکی پڕبایەخ، نەسل بە نەسل بۆ ئێمەی نەوەی نوێ گوازراوەتەوە و هەموو ئەم فرە چەشنیانە لەنێو پاڕادایمەکی باڵادەستتردا بە ناوی "کورد و کوردستان" وەک پێناسە و شوناس هەم خۆیان وێنا کردووە و هەمیش ئەگەر پێویستی کردبێ، خۆیان کردووە بە قوربانیی بەرژەوەندییە باڵا "نەتەوەیی و نیشتمانی"یەکانمان.

کۆمەڵگەی کورد سەرەڕای فرەیی هۆز و عەشیرە و بە تێپەڕین لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵ لەسەر بناغەی جوغرافی، نەتەوەیی، زمانی و نیشتمانی وەک توخمەکانی پێکهێنەری نەتەوە توانیویەتی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و خواستی هەموو پێکهاتەکانی یەم کۆمەڵە بێت و لە مێژوو و پێشووشدا ئەگەر بە پێناسەی ئەمڕۆییش نەبووبێ، نیزامێکی هاوشێوەی فیدرالیی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی چێ کردووە. ئەم فرەڕەنگی و فرەچەشنییە لە ئایینی "میترائیزم"دا بەڕوونی دەبیندرێ و دەبینین کە چەندین هۆز و عەشیرەت لەسەر ئەساسی پەیماننامەیەک لەگەڵ یەکتر لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا ڕێککەوتنیان بووە و حکوومەتی "ماد"ەکانیان دامەزراندووە .

بەم تایبەتمەندییە هەستی و نەستییەوە، ئازادی و دادپەروەری وەک بەهادارترین پێوەرەکانی سەردەم بەدرێژایی مێژوو خسڵەتی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستان بووە. کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا بەهۆی کۆلۆنیالیزمی ئایینی، جیهانی و دەوڵەت- نەتەوەی سەردەست لەژێر ئاسیمیلەکردنی زمانی، کولتووری، جوغرافی و نەتەوەیی دایە؛ چونکی بڕوامەندی بە پێکەوەژیان و پێکەوەحەوانەوە لە ناخ و هزری تاک بە تاکی کورددا نەهادینە بووە و بۆتە کەلتوور و وێژمان. کورد ئێستاش سەرەڕای هەموو ئەم ڕاستییانە دەیهەوێ بە میکانیزمی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای گۆڕینی ڕوانگە و عەقڵییەتی سیاسیی ناوەندەوە مافەکانی خۆی دەستەبەر بکا و پێکەوە لەنێو جوغرافیای سیاسی ئەم وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش بووە، ماف و سەروەرییەکانی خۆی هەبن.

کورد هەموو کات داکۆکیکاری ڕاستەقینەی دێموکراسییە و پشتیوانی لە ماف و ئازادییە بەرحەق و ڕەواکانی دەکت، چۆن کوردەواری خۆی هەڵگر و خاوەنی هەمەڕەنگیی ئێتنیکی، زاراوەیی و کولتوورییەکانە و ئەم فرەچەشنییە هەموو کات لە ڕێگای دیالۆگی نێوان ئێتنیکەکان، زاراوەکان و وردە کولتوورەکان بووە و پڕدیاریش بووە. هەروەها ئێستاش سەرەڕای هەموو ئەو ئالێنگارییانەی ناحەزانی کورد لە شێوە و فۆڕمی جۆراوجۆردا بۆ نێومالّی کوردی دروست دەکەن، کورد هەمدیسان دەیەوێ داکۆکی لەم فرەڕەنگی و فرەدەنگییەی نێوماڵی خۆی بکا، تاکوو بایەخەکانی ئازادی و دێموکراسی جێگیر و پایەدار ڕابگرێ.

وەک باس کرا کوردستان پڕیەتی لە فرەیی، فرەیی لە زاراوە، ئایین و وردە کولتوور، بەڵام بە پێشکەوتنی لۆژیک و عەقڵییەتی گشتی و خۆپێناسەکردنیان وەک کورد و کوردستانیبوون هەنگاوی بنەڕەتیی بەرەو نەتەوەسازی هەڵگرتووە و بەپێی پێوەرەکانی هەر دوو مەکتەبی فرانکفۆرت و پاریس بۆ نەتەوەسازی کە باس لە تایبەتمەندییەکانی هاوبەشەکانی زمانی، کولتووری، مێژوویی و، خاک و خەڵک دەکەن، خۆی وەک نەتەوەتەکی خاوەنشکۆ داڕشتووە. بۆیە تاکی کورد لەهەر جوغرافیا و سووچێکی ئەم جیهانە بێت، کورد و کوردستان شوناس و تەوەری سەرەکیی بیرکردنەوە و بڕیارەکانیەتی و بەدواداچوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا و لە بەرامبەردا دژمنانی کوردیش لە هەر چوار بەشی نیشتمان لەسەر ئەساسی تیوریی "ناکۆکی نانەوە و پاڵدانەوە" لە پلان و پیلانەکانیان بۆ بنکۆڵکردنی بایەخەکانی کورد درێژەی بووە. ئەوان

لە ڕێگای ناوەی شەڕ و ئاژاوە و زەقکردنەوەی جیاوازییە ئێتنیکی، زاراوەیی و کولتوورییەوە و لە ڕێگەی میدیا و هێزی مەیدانییەوە هەوڵیان داوە فرەییەکان لە پیرۆزی و دەرفەتەوە بۆ هەڕەشە و شەڕی نێوخۆیی بگۆڕن. هەروەها بەستێنی دێموکراسیخوازانە و ئازادییەکان لە هزری تاک و مەیدانی جڤاتی کوردستان بە مەترسی و ئالێنگاری بۆ سەر خۆمان بناسێنن، تاکوو ئەم بەها و بایەخە سەردەمیانە و پڕ نێوەرۆکانەمان لەلا کاڵ بکەنەوە. بۆیە لە ئێستادا لە باشوور و باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای ناسینی زاراوەکانی زمانی کوردی وەک زمانی سەربەست و جیا لە زمانی کوردی، تێکدانی دێموگرافیای کوردستان و لە ڕێگای بەرجەستەکردنی هیندێک کەسی دۆڕاو و داماوی کورد، دەیانەوێ پرۆسەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد کە پێناسە و شوناسە بۆ هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیەن بەرەو پاشاگەردانی ببەن.

لە تازەترین هەوڵی ئەم پلانگێڕییانەدا "ڕەئیسی"، سەرۆککۆماری ئێران دەیەوێ لە ڕێگای بەبەردەنگ وەرگرتنی کۆمەڵە کەسێکی زەبوونی نێو عەشیرەتەکان کە لە پێناو بەرژەوەندییە ماددییە کەسی و عەشیرەییەکانیان هەوڵی زۆرتر بۆ سەرخستنی سیاسەتەکانیان بدەن. لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا بە دەستنیشانکردنی ئەم کەسانە وەک نوێنەری "اقوام و مذاهب"، دەیانەوێ ئەو گوتار و وێژمانە بخەنە نێو هەست و نەستی تاکی کوردەوە کە ئێوە قەومن و نەتەوە نین .هاوکات ئەم پاڕادایمە نەتەوەیی و نیشتمانییە کە بە قووڵی لەنێو ناخ و بیری تاکی کورددا بوونی هەیە تووشی داڕووخان بکەن.

پیلانەکە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی باڵادەستکردنی هەست و بەرپرسیاریەتیی عەشیرەییەوە ناکۆکی مەزهەبی، کولتووری و زاراوەیی بخاتە نێو ڕیزەکانی کورد و بە نەمانی بەرپرسیاریەتی لەحاند نەتەوە و نیشتمان، دواتر بەئاسانی پرۆژەی ئاسیمیلەکردنمان لەسەر جێبەجێ بکا. ئەوان دەیانەوێ کارێک بکەن پلۆرالیزم، تولێرانس و ئازادی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا نەمێنێ و دێموکراسی نێو کوردستان بەرەو تۆتالیتاریزم و پاوانخوازی بگوازێتەوە و یەکگرتوویی نێو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بەرەو داڕووخان ببەن. مایەپووچکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن وشیاری و ئیرادەی نەتەوەیی پێویستە و ئەرکێکە لەسەر شانی هەمووشمان.

## عومەر باڵەکی:
# ئەو قەیرانگەلەی کۆماری ئیسلامی لەپێناو مانەوەیدا دروستی کردوون، بە ڕووی خۆیدا تەقیونەتەوە

دیمانە: کوردستان



**[سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی ئێستادا، گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و چۆنیەتی خۆدیتنەوە و خۆگرتنەوەی ئێران لەم هاوکێشانەدا، گرژییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی و کێشە و ئارێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران کە کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی میلیتاری دەیەوێ مودیرییەتیان بکا؛ چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتن.]**

**کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چل ساڵە بۆ هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دی خەرج دەکا و قەیرانخولقێنی دەکا. دەکرێ لە ڕوانگەی ئێوەوە دەسکەوتەکانی لەو کارە هەتا ئێستا چی بووە؟**

کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی ئەو قەیرانانەی کە لە دەرەوەی وڵات ناویەتەوە و مەبەستیشی بەهێزکردنی خۆی بووە، نەک سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو وردە وردە ئەو قەیرانگەلە خەریکن بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە. بۆ؟ چونکە قەیرانە نێوخۆییەکان بە ڕادەیەک قووڵ بوونەتەوە کە نیزام ئەگەر بیشیهەوێ ناتوانێ چارەسەریان بکا. قەیرانخولقێنی لە دەرەوەشی زیاتر بۆ هەڵدانی سەرنجەکان بۆ دەرەوەی وڵات و دوورخستنەوەی لە کێشەکانی نێوخۆییەکانە. بەڵام ئەمە ئێستا دادی نادا، چونکی لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکاندا پێوەندییەکان لەگەڵ یەکتری و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. کاتێک کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار، دنیا دوو جەمسەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆمەڵێک بەرژەوەندیی پێکناکۆکی لە ناوچەدا دروست کردبوو کە کۆماری ئیسلامی لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا کەڵکی خراپی لێ وەردەگرت. بەڵام بە نەمانی بلۆکی سۆڤییەت ئەوە پتر لە سێ دەیەیە کە هاوکێشەکان و تەنانەت بەرژەوەندییەکانیش گۆڕاون. تۆ دەبینی وڵاتێکی وەکوو تورکیە لە سەردەمانێکدا بێ ئەوەی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپاش بووبێ، دەبێتە ئەندامی ناتۆ، بەڵام بۆ ئەندامی ناتۆیە! چونکە ئەودەم جیهانی ڕۆژئاوا وای دەخواست دیوارێک هەبێ لە بەرانبەر بلووکی سۆسیالیستی و یەکیەتیی سۆڤییەتدا و هەڵکەوتەی ستراتیژی و ژێۆپۆلۆتیکی تورکیە وای کردبوو کە ئەو گرینگییەی بدرێتێ. بەڵام ئێستا چاو لێ دەکەی ئەو پێوەندییانە گۆڕاون و، تورکیە لەگەڵ ڕووسیە تا ڕادەیەک هاوپەیمانە و لەسەر هەندێ بابەت تەنانەت کێشەی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێشووی هەیە.

مەبەستم ئەوەیە کە گۆڕانی هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕی لە بەرژەوەندییەکاندا دروست کردووە، مەسەلەن لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران سەردەمانێک کە تازە کۆماری ئیسلامی هاتبووە سەر کار، شەڕی موجاهیدینی ئەفغان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هەبوو. لەو کاتەوە دوو جار نیزامی سیاسی لەو وڵاتە گۆڕاوە و، ئێستا تاڵیبان دووهەم جارە بە ئایدیای تایبەت بە خۆیەوە دەبێتەوە دراوسێی ئێران. لە خوارەوە و لە باشووری وڵات لە کەنداو کۆمەڵێک وڵات دەبینین کە سیاسەت و ڕوانگەیان مەسەلەن لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا گۆڕاوە و ئێستا دەبنین خەریکن باڵوێزخانە و کۆنسوولگەری و پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ دروست دەکەن. بۆیە هاوکێشەکان گۆڕدراون، مادام هاوکێشەکان گۆڕدراون ئەو قەیرانخولقێنانەی کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کردووینی و ئیستاش لە هەوڵی دروست کردنییان دایە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەماوە. مادام کاریگەریی خۆیانیان لەدەست داوە، زۆر سروشتییە کە بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە و مادام بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە، کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەریاندا بەرگە ناگرێ و پێداگریی لەسەر ئەو سیاسەتە بە زیانی خۆی دەشکێتەوە.

**باستان لەوە کرد کە هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕدراون، هاوپەیمانییەکان و بەرژەوەندییەکان گۆڕدراون، ئەدی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕاوە؟**

ئەگەر دەستەبەندییەک سادە بکەین لەنێو سیستەمە حکوومەتییەکاندا، دەتوانین بڵێین کە جیهان بە شێوەیەکی دێموکراتیک و نادێموکراتیک لە سیستەمە سیاسییەکاندا ئیدارە دەکرێ، ئەم وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراتیک ئیدارە دەکرێن، لەو وڵاتانەدا دەستاودەست کردنی دەسەڵات هەیە، خەڵک بڕیار دەدەن، دەسەڵات لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارن و دەوڵەتەکان بەوە دەروەستن. بەڵام لەو سیستەمانەی کە بەشێوەی نادێموکراتیک بەڕێوە دەچن، دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە مانای خۆی بەتاڵ کراوەتەوە و هەوڵەکان بەردەوام بۆ سەپاندنی هەیمەنە و هێژمۆنیی زیاترە ئەویش لە ڕێگای سەرکوت و زەبروزەنگەوە، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە.

ئەو سیستەمە نادێموکراتیکانە یەکێک لە ڕێکارەکانیان قەیرانخولقێنییە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوی سنوورەکانیان. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە ئامرازیان بەچەنگەوە بێ، هێزیان بەچەنگەوە بێ. بۆ ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێن، هەڕەشی نیزامیمان لەسەرە، هەڕەشەی ئەمنیەتی و فەرهەنگیمان لەسەرە و بە بیانووی جۆڕاوجۆر و دروستکردنی قەیران، ئەو جۆرە سیستەمانە دەیانەوێ هێزی سەرکوتی خەڵکیان بەدەستەوە بێ. کۆماری ئیسلامی یەک لەو ڕێژیمانەیە کە بۆ مانەوەی خۆیان بەردەوام ئەو سیاسەتەی گرتووەتە بەر. وەک باسم کرد زۆر لە هاوکێشەکانی ناوچە گۆڕاون، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەیهەوێ خۆی یەکدەستتر و داخراوتر بکا و لە بەردەوامیی گۆڕانی دەوڵەتەکانیشدا هەر بەدوای ئەوەوە بووە.

**هاتوچۆیەکانی "ئەمیر عەبدوللاهیان"، وەزیری دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا بۆ ڕووسیە و وڵاتانی دیکەی ناوچە زۆر بوون و هەست دەگرێ ئەوە لە مەترسییەکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە زۆر شوێن، بۆ نموونە لوبنان، یەمەن، عێراق و سووریەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بەدڵی کۆماری ئیسلامی ناچێتە پێش. هۆکارەکانی ئەو دۆخە چین؟**

مەترسییەکانی سەر کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕانی ئەو هاوکێشە سیاسییانە دەگەڕێتەوە کە باسمان کرد، بەڵام مەسەلەی ڕووسیە کەمێک جیاوازترە. ٣٠ ساڵ لەوە پێش یەکیەتیی سۆڤیەت بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی جۆرێک بوون و ئێستا بەرژەوەندییەکانی شتێکی دیکەن. هۆکارەکانیش ڕوونن: یەکەم، ئەو وڵاتانەی کە پێشتر بەشێک لە یەکیەتیی سۆڤییەت بوون، ئەگەر نەڵێم هەمووی بەڵام بەشی زۆریان ئەگەرچی وڵاتی سەربەخۆی سیاسین، کەچی حەوشە خەڵوەتی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیەن. ڕووسیە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە هەرکام لەم وڵاتانە پێگەی سەربازی و، بەرژەوەندی ئابووریی لەگەڵیان هەیە.

دوویەم، هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کێشە لە نێوان ئێران و ئازەربایجان سەریان هەڵدا کە ئێرانی تووشی ترس و نیگەرانی کردووە. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا دوو کێشەی جیدی لەبەردەم دایە کە یەکیان پرسی نەتەوایەتیی نەتەوە نافارسەکانە، بۆ نموونە مەسەلەی کورد کە بەشێک لە ترسەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ فاکتەرە دەرەکییەکانی شوێندانەر لەسەر ئەو پرسە دەگەڕێتەوە. لە هەمان حاڵدا لە مەسەلەی هاوپێوەندیی نێوان تورکیە و ئازەربایجان و کێشەی ئازەربایجان لەگەڵ ئەرمنستاندا، ئێران دەیەوێ سوودی سیاسی و ئابووریی خۆی لێ ببینێ و هێژمۆنیی خۆی وەک هێزی ناوچەیی لەو هاوکێشانەدا بپارێزێ.

**کۆماری ئیسلامی لە چەند مانگی ڕابردوودا بەردەوام هەڕەشەی لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەتایبەت کوردەکان کردووە و بەردەوام مانۆڕ و جموجۆڵی نیزامیی بووە. ئەو مەترسییانە چین کە ڕێژیم لێیان تۆقیوە؟**

کۆماری ئیسلامی بەو مانوڕانەی لەو ماوەیەدا بەڕێوەی بردن، یەکەم ویستی بە خەڵکی ئازەری زمان یان ئازەرییەکان بڵێ هەڕەشەی کوردەکانتان لەسەرە و ئەوە ئێمەین هەوڵ دەدەین ئەو هەڕەشانە نەهێڵین، چونکە کوردەکان دەیانەوێ خاکی ئێران دابەش ببێ و ئەوە پیلانی ئیستکباری جیهانییە و چی و چیی دیکە کە بۆخۆشیان دەزانن وا نییە. بەڵام ئەوە دوژمنایەتیی تەنیا لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکوو ئەوە دوژمنایەتی لەگەڵ پرۆسەیەکە بەناوی پرۆسەی ماف و ئازدییەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان. لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ تورکیە و باشووری کوردستان نیزیک بە ٦٠ پایەگا و بنکە و قەڵای گەورە و زەبەلاحی دروست کردووە کە بە درێژایی مێژوو، تەنانەت لە دەورانی عوسمانی و سەفەویشدا کە ئەم دوو هەرێمە پێکەوە شەڕیان هەبوو، ئەو ناوچانە سنوورییانە ئەوەندە میلیتاریزە نەبوون. بەڵێ پرسیارەکە دەقیقە کە هەڕەشە و مەترسییەکان چین؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە هەر ئاڵوگۆڕێک دەترسێ. وەک بە درێژی باسمان کرد لە نێوخۆدا نوقمی قەیرانی ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە و ڕێژیم لە قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانگەلە و پێکەوە تەقینەوەیان زراوی چووە. پێشی وایە ئەو تەقینەوەیە ئەگەر ڕوو بدا، کوردستان لە هەموو جێگایەک لەسەرپێ تر و هەستیارترە و بۆ ئەوەی پێش بە ڕەوتی ڕووداوەکان بگرێ، هاتووە سنوورەکان بە هێزی نیزامی دەتەنێ. هێزی نیزامی ڕاستە ڕەنگبێ هەیمەنەیک بسەپێنێ، بەڵام لە بەرامبەر دەریای خڕۆشانی خەڵکدا هیچی لە دەست نایە و مێژوو پڕە لەو ئەزموونانە.

ئامانجێکی دیکەی ڕێژیم وەک پێشتریش گوتم دروستکردنی کێشەیە لەنێوان کورد و ئازەری لە ناوچەدا، لەحاڵێکدا کورد و ئازەری تا پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەو جوغرافیایەدا هیچ کێشەیەکیان نەبووە. بۆیە یەکێک لەو قەیرانانە کە نیزامی کۆماری

**هاوکێشەکان گۆڕدراون، مادام هاوکێشەکان گۆڕدراون ئەو قەیرانخوڵقێنانەی کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کردووینی و ئێستاش لە هەوڵی دروست کردنییان دایە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەماوە. مادام کاریگەریی خۆیانیان لەدەست داوە، زۆر سروشتییە کە بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە و مادام بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە، کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەریاندا بەرگە ناگرێ و پێداگریی لەسەر ئەو سیاسەتە بە زیانی خۆی دەشکێتەوە.**

**سیستمە نادێموکراتیکەکان یەکێک لە ڕێکارەکانیان قەیرانخوڵقێنییە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوی سنوورەکانیان. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە ئامرازیان بەچەنگەوە بێ، هێزیان بەچەنگەوە بێ. بۆ ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێن، هەڕەشی نیزامیمان لەسەرە، هەڕەشەی ئەمنیەتی و فەرهەنگیمان لەسەرە و بە بیانووی جۆڕاوجۆر و دروستکردنی قەیران، ئەو جۆرە سیستەمانە دەیانەوێ هێزی سەرکوتی خەڵکیان بەدەستەوە بێ و کۆماری ئیسلامی یەک لەو ڕێژیمانەیە.**

ئیسلامی دروست کردووە و پێشتر باسمان کرد، کێشەی کورد و ئازەرییە کە نانی لێ دەخوا. بۆیە بە لانێکەوە دەیەوێ ئەو کەلێنە قووڵتر و قووڵتر بکا و بەلانێکی دیکەوە لە کێشە لەگەڵ ئازەربایجانیش، ترسێکی لە ئازەرییەکانی ئێران هەیە. ڕێژیم دەترسێ ئەو هەستە نەتەوایەتییەی ئازەرییەکان گەشە بکا و، ڕۆژێک بەڕوویدا بتەقێتەوە. بۆیە ئێستا، بەهەر جۆرێک بێ دەیەوێ ئەو هەیمەنەیە بسەپێنێ و بڵێ ئەوە خاکی ئێرانە و تەنانەت ئازەربایجانیش بەشێک بووە لە ئێران و... . بەگشتی کۆمەڵێک پرسگەلی ئەوا لە ناوچەکەدا هەن، بۆیەشە کۆماری ئیسلامی ترسی ڕێ نیشتووە و ئەو ترسەی لە حیزبە کوردییەکان و هەروەها وزەی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان و گەشەی هەستی نەتەوەیی لە نێو پێکهاتەکانی دیکەی ئێرانیشدا هەر دێ و زیاتر دەبێ.

**یانی پێتان وایە کۆماری ئیسلامی مودیرییەتی وروووژاندنی ئازەرییەکان لەدژی کوردەکانی لەدەست چووەتە دەرێ، بۆیەشە شوینیزم و پانتورکیزم بەو شێوەیە خۆی دەنوێنێ؟**

هەستی نەتەوایەتیی ئەوکاتە کە گەشە دەکا، ئەوکاتە کە سەر هەڵدەدا، هەموو ئەو سنوورانە دەبەزێنێ. بۆیە ئازەرییەکانی ئێران یان بڵێین تورکەکان سروشتییە کە خۆیان بە یەک نەتەوە دەزانن. چ ئەوانەی لە ناوچە ئازەرییەکانی ئێرانن و چ ئەوانەش کە لە وڵاتانی دیکەن. بۆیە ئەو هاوسۆزییە لەنێوان تورکەکان لە ئێران و کۆماری ئازەربایجان هەیە، ئەوە لە مەسەلەی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمنستاندا هەر زۆر دیار بوو. ئەگەر سەرنج بدەینە وتاری ئیمام جومعەی شارە ئازەرییەکان، مەسەلەن ئەوانە کە هەر هەموویان نوێنەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامین و لەلایەن ئەوەوە داندراون، کەچی ئەوان بەپێچەوانەی سیاسەتی ئێران کە دۆستایەتییەکی باشی ئابووریی لەگەڵ ئەرمنستان هەیە؛ بەپێچەوانەی سیاسەتی ڕەسمیی حکوومەت هەڵوێستیان گرت، هاتن لە خوتبەی نوێژی هەینیدا، پشتیوانییان لە ئازەربایجان کرد و تەنانەت ئەو کێشەیە چووە نێو مەجلیس.

ئەگەر وایە، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەستی بەو مەترسییە کردووە. لێرەدا کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی دوو فاکتەر بۆتەوە کە یەکیان کوردەکانە و ئەوی دیکەش ئازەرییەکان. بۆیە ڕەنگبێ ئاسانترین شێوازی مودیرییەتی ئەو دوو پرسە پڕ مەترسییە بۆ کۆماری ئیسلامی نانەوەی ئاژاوە و ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا بێ. کە دیارە ڕووناکبیرانی هەر دوو نەتەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر دوو نەتەوە بەخۆشییەوە زۆر بە وردبینی و سەرنجەوە لە مەسیرێکدا دەڕۆنە پێشێ کە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کەنەوە. مەسەلەن زۆر باسی ڕێککەوتنی کۆماری کوردستان و کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان لە تەوریز دەکرێ. بەڵام من باسی ئەوە ناکەم، باسی ئەوە دەکەم لە ڕۆژی ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤، ئاڵای کوردستان لە نەغەدە هەڵکراوە و پێشوازییەکی گەرموگوڕیشی لێ کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک ڕوو بدا یان بەبێ ئەوەی هیچ ئازەرییەک گرفت بۆ کورد یان کوردێک کێشەیەک بۆ ئازەرییەک دروست بکا. دەمەوێ بڵێم ئەو دوو نەتەوەیە لە تەنیشت یەکتر ژیاون و لە تەنیشت یەکتر مەحکووم بە ژیانن لەگەڵ یەکتری، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی هات ناکۆکیی لەنێواندا دروست کردن و ئێستاش دەیەوێ ناکۆکییەکان قووڵتر ببنەوە کە وەک گوتم نابێ بهێڵین پیلانەکانی ڕێژیم سەر بگرن.

**ئەگەر هەڕەشەکانی ئەم دواییانە کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و هەڵبژاردنەکانی پاڕلمانی عێراق ئاوا چاو لێ بکەین کە بیەوێ دەنگهێنانەوەی هێزەکانی سەر بە خۆی گوشارێکی زیاتر لەسەر حیزبە کوردییەکان دروست بکا؛ بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان چۆن شرۆڤەی ئەو بابەتە دەکەن؟**

نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاریەوە هەتا ئێستا، لە دوژمنکاری بەنیسبەت کورد و بەنیسبەت حیزب و لایەنە کوردییەکان غافڵ نەبووە و ئەوەی لەدەستی هاتووە کردوویەتی. کەوایە، لە داهاتووشدا دەیکا. مەسەلەیەکی دیکە وڵاتێکی وەکوو عێراقە کە خەریکە خۆی دادەڕێژێتەوە و ئێرانیش بەئاشکرا دەستێوەردانی تێدا دەکا. دەستێوەردانەکانی ئێران لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێنەوە بە میلیشیاسازی دەستی پێ کردووە و کاریگەریی زیانباریشی لەسەر پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ بووە کە لایەنەکان دەیانەوێ لەڕێگەی دێموکراسی، سندووقەکانی دەنگدان و لێکتێگەیشتنەوە هەنگاوی بۆ بنێن و کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆسپ بووە. هەڵبەت پرسی

**لە بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤، ئاڵای کوردستان لە نەغەدە هەڵکرا و پێشوازییەکی گەرموگوڕیشی لێ کرا، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک ڕوو بدا یان بەبێ ئەوەی هیچ ئازەرییەک گرفت بۆ کورد یان کوردێک کێشەیەک بۆ ئازەرییەک دروست بکا. ئەو دوو نەتەوەیە لە تەنیشت یەکتر ژیاون و لە تەنیشت یەکتر مەحکووم بە ژیانن لەگەڵ یەکتری، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی هات و ناکۆکیی لەنێواندا دروست کردن و ئێستاش دەیەوێ ناکۆکییەکان قووڵتر ببنەوە**

سیاسی لە عێراق و جۆری حکوومەت و سازان و هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە پێوەندیی بە عێراقییەکانەوە هەیە کە بۆخۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن. بەڵام ئێران لێرەش شکستی خواردووە، ئەوە لە دەنگنەهێنانەوە و دابەزینی دەنگی ئەو لایەنانەی بەئاشکرا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سپۆنسەری دەکرێن دیارە، لەحاڵێکدا هەزینەیەکی یەکجار زۆریشی بۆ کردووە.

مەسەلە هەر شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق نییە، لە هەموو ناوچەیە. ڕێژیم دەیویست هیلالی شیعە دروست بکا کە بۆ دروست نەبوو. چونکە بەشێک لەو هیلالی شیعەیە عێراقە کە ڕەوتی سیاسی لە عێراق بە جۆرێک دەچێتە پێش کە ئیزن نادا ئەو وڵاتە بەشێک لە پڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامی بێت. یان شوێنێکی دیکەی هیلالی شیعە دەگاتە لوبنان، بەڵام کە سەیری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی لوبنانیش دەکەی، دەبینی پێگەی ئەو هێز و لایەنانەی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەن، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لاواز و لاوازتر دەبێ. ئەوە جیا لەوەی کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەی وەک ئابووری و ئەمنییەتی جیهانی ڕێگر بوون لەوەی ئێران لەو ستراتیژییەدا سەرنەکەوێ و بارودۆخەکە بەسەریدا بڕووخێ.

**بەڵام ئایا ئێران هەروا دەست لەسەر دەست دادەنێ؟ بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا؟**

بەو ناسینەی لە کۆماری ئیسلامی هەمانە و بەپێی ئەم هەلومەرجە ئێران ڕەنگە دەست بۆ هیندێک کار ببا کە نە لە عورفی نێودەوڵەتیدا جێگای پەسندن و نە لە عورفی دراوسێیەتیی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتر دەوەشێنەوە. بەڵام هەموو دەزانین کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی هەموو کارێک دەکا. بۆیە لەم بارەوە من پێموایە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە دوژمنایەتی لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردییەکان نەک دەست هەڵناگرێ، بەڵکوو بە هەر ئامرازێکی بەدەستیەوە بێ هەوڵ دەدا خۆی گوتەنی لە مەیدانیان وەدەر بنێ. بەڵام هەڵەکەی کۆماری ئیسلامی ڕێک لێرە دایە کە ئەو پێیوایە مەسەلەی کورد و پرسی داواخوازیی خەڵکی کوردستان بوونی ئەو بەشە لە حیزبە سیاسییەکانی کوردە کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرن و بە لێدان و زەبروەشاندن لەوان دەتوانێ کێشەی! کورد لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و ئەو فیتنەیە! دابمرکێنێ.

کێشەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە نایەوێ دان بەوەدا بنێ کە حیزبەکان کاریان تەنیا ئامادەکاری و ڕاپەڕاندن و مودیرییەتی بزووتنەوەکەیەوە و لایەنی سەرەکی لەو پرسە خەڵکی کوردستانن کە هەتا ئێستا و لە چوار دەیەی ڕابردوودا یەک هەنگاو لە ماف و داواکانیان پاشەکشەیان نەکردووە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نایانهەوێ دان بەوەدا بنێن کە ئەوە خەڵکی کوردستانن کە دینامیزمی جووڵانەوەکەن و هەتا خەڵکی کوردستان مابن، ئەم جووڵانەوەیە هەر بەرەوپێش دەڕوا و ویست و ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان هەر لە جێگای خۆیان دەبن و تەنانەت داواکان لەلایەن خەڵکەوە ڕادیکاڵتریش بوون. ئەگەر ساڵی ١٣٥٨ دوای شەڕی سێ مانگە، حیزب و لایەنە کوردییەکان بە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان باسیان لە خودموختاری دەکرد، ئێستا ویست و داخوازەکە زۆر زیاتر بووە. بۆ! چونکە بیری نەتەوایەتی و شعووری میللی و خۆناسینی خەڵک زیاتر و زیاتر بووە و ڕەوتی کامڵبوونی خۆی پێواوە. بە لێدان لە حیزبی دێموکرات، تێرۆری ڕێبەرانی کورد، مووشەکتێگرتن، هەڕەشە و هێرش و سیاسەتی ڕەقی سەرکوت و پیلانی نەرمی شێواندنی شوناس و ویستی خەڵکی کوردستانیش ناگا بەو ئامانجە کە بزووتنەوەکە بوەستێنێ. چوار دەیەیە لەسەر ئەو سیاسەتە دەڕوا و بینیمان کە کە ٢١ی بەفرانباری دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات چ وڵامێکی لە خەڵکی کوردستان وەرگرتەوە.

با ئاوڕیکیش لە مێژوو بدەینەوە و ئەگەر بمانەوێ دەرسیشی لی وەرگرین ئاوڕدانەوەکە باشە. ئەرتەشی پاشایەتی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ مەهابادی داگیر کرد، کۆماری کوردستان ڕووخا، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان گیران و پێشەوا قازی محەممەدیش ئێعدام کرا. دەی بەو حسێبە بوایە دەبوو دوای ئەمە ئاسەوارێک لە بزووتنەوەی کورد نەمابا. بەڵام دوو ساڵ دواتر تەشکیلاتی حیزب دێموکرات جێ دەگرێتەوە و خەبات بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەست پێ دەکاتەوە هەتا ساڵی ١٣٥٧ کە بە هاوکاریی هەموو لایەک ڕووخاندیان. خەباتی کورد قەت بەو سیاسەتانەی ناوەند لەپێ نەکەوتووە و ئەگەر سەردەمانێک بزووتنەوەکەی ساڵانی ٤٧-٤٦ دوڕگە ئارامەی ڕێژیمی پاشایەتیی شڵەژاندبوو، ئێستاش پرسی کورد و حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی یەک لە بابەتە هەرە گرینگانەیە کە ئارامیی لە کۆماری ئیسلامی هەڵگرتووە.

**کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی ئەوەیە دەنگی حیزبەکان لە کۆمەڵگەدا کپ بکا. پێش بە هەڵسووڕانی میدیایی و کاری مەیدانییان بگرێ، چونکی دەزانێ شوێنکاریان لەسەر کۆمەڵگە چەندە. حیزبەکانی کوردستان لە بەرامبەردا چییان کردووە؟ بەرنامەیان چییە؟ چۆن بەرەوڕووی ئەو مەترسییانە دەبنەوە؟**

یەکەم ئەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لێکەوتەی ڕەوتی مافخوازی و خەباتگێڕیی کۆمەڵگەن و ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵگە نەوەستاوە تا حیزبەکانی پێ بوەستێندرێ.


دووهەم ئەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤٢ ساڵە لە بەرامبەر سیاسەتی شەڕ و سەرکوت و تێرۆری کۆماری ئیسلامی خۆڕاگرییان کردووە و کۆڵیان نەداوە. با لە خۆیان بپرسن، کەم بۆمباران کراوین، کەم مووشەکباران کراوین، تەنانەت بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە چەکی شیمیاییش لێی دراوە، بۆمبارانی هەوایی کراوە، بە بۆمبی ناپاڵم لێی دراوە، بۆمبی خووشەیی بەسەردا بەر دراوەتەوە، هەر سێ ساڵ لەوە پێش بە مووشکی بالستیک لێمان درا، بەڵام ئەو قەڵایە و خەباتەکەمان هەر بەردەوامە وحیزبی دێموکرات هەر بەپێوەیە.

کۆمەڵکوژییەکان، ئێعدامەکان، تێرۆرەکان بەتایبەت تێرۆری د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی هەر بۆ ئەوە بوو حیزبی دێموکرات بوەستێنن و بەوە جووڵانەوەکە لەپێ بخەن. بەڵام یەکەم ئیرادەی بزووتنەوەی کورد زۆر لەوە قایمترە. دووهەم ڕەوتی ڕووداوەکان سەیر بکە کە چۆن شوناسخوازی، مافویستی و ئازادیخوازی هەر هاتووە و پێش کەوتووە. بێگومان ئەوەی ئێستا لە کوردستانی دەبینین لە چاو ٤٢ ساڵ پێش کە ئەم ڕێژیمە هاتە سەر کار بە چەند قات پێش کەوتووە. ئەگەر لە دەورانێکدا بە پێی هەلومەرج خەباتێکی بەهێزی پێشمەرگانە لەگۆڕێدا بوو، ئەمڕۆ خەباتێکی مەدەنی و جەماوەریی پەرەئەستێن لە ئارادایە کە نە کۆڵ دەدا و نە ئارام دەگرێ. بۆیە داهاتوو ئی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەو نەتەوە خۆڕاگرەیە و خەونی هەڵقەندن و پڕۆژەی نەهێشتنی حیزبە کوردییەکانیش شتێک نییە کە لەتوانای کۆماری ئیسلامیدا بێت.

**سپاس لەو دەرفەتەی کە بۆ ئەو دیمانەیە تەرخانت کرد.**

دەستتان خۆش بێ و ئێوەش ماندوو نەبن.

# قاسملوو
# لە ئاوێنەی بیروڕادا



«قاسملوو لە ئاوێنەی بیروڕادا» کۆکراوەی کۆمەڵێک وتار و نووسین لەسەر کەسایەتیی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو چاپ و بڵاو بۆوە. ئەم کتێبە کە دوو بەرگ (سەرجەم ١٢٤٠ لاپەڕە)ـیە و کاک ڕەحمان نەقشی کۆی کردووەتەوە، ئەم وتارە سیاسی و ئەدەبی و دیمانە و نووسینانە لەخۆ دەگرێ لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ هەتا ٢٠٢٠ لەسەر کەسایەتیی نەمر د. قاسملوو نووسراون. هەروەها کۆمەڵێک نووسین و وتاری ڕەسمیی حیزب کە کاتی تێرۆری شەهید قاسملوو نووسراون و بڵاو بوونەتەوە.

«کوردستان» بۆ ناساندنی ئەم بەرهەمە پڕبایەخ و پڕ نێوەرۆکە وای بەباش زانی کە پێشەکیی ئەم کتێبە کە لەلایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە نووسراوە، وەک ناساندنێکی پتری ئەم بەرهەمە بڵاو بکاتەوە:

زۆر لە خوێنەرانی سایتە کوردییەکان کاک ڕەحمان نەقشی تێکۆشەری پڕکار و ماندوویینەناس لەڕێی کارەکانیانەوە دەناسن. ئەو کە یەکێک لە ئەندامانی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، تائێستا دەیان نامیلکەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردەوە ئامادە کردووە و لە سایتە ئینتەرنێتییەکان بەتایبەتی دوو سایتی «گیارەنگ» و «کوردستان و کورد» و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا بڵاوی کردوونەوە. ئەو هاوڕێیە ئۆگرییەکی کەم وێنەی بە کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت و بابەتی بە سوودەوە هەیە. زۆرجارمان دیوە کۆمەڵێک لە وتارەکانی نووسەرێکی بەتوانای کورد، یان بەشێک لە وتووێژەکانی کەسایەتییەکی خەباتگێڕی کورد بڵاو کردۆتەوە کە لەوانەیە خاوەنەکەیان بەشی زۆریان هەر لە بیریش نەمابن. ئەمە بێجگە لەوە کە لەمێژساڵە مانگانە کورتەیەک لە کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بووڵتەنێکدا ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەوەندەی ئەمن لە بیرم بێ کارەکانی کاک ڕەحمان تا ئێستا لە بووڵتەنی چەند لاپەڕەیی و نامیلکەی ١٠٠ تا ١٥٠ لاپەڕەیی دا دەرکەوتوون. بەڵام ئەمجارەیان دەستی داوەتە کارێکی یەکجار گەورەتر. هەموومان دەزانین شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی و تەنانەت نێونەتەوەییش بوو. هەر بۆیەش لەو کاتەوە کە بەدەستی غەدر و تاوان شەهید کراوە ساڵانە لە بۆنەی جۆراوجۆردا یادی دەکرێتەوە و لەسەری دەگوترێ و دەنووسرێ. ئەگەر هێندێک لە ئێمە ئەو بابەتانەمان هەر دوای بڵاوبوونەوە پشتگوێ خستوون، ڕەحمانی نەقشی بە حەوسەلەوە هەموویانی ئارشیڤ کردووە و وەک گەنجینەیەکی بە نرخ پاراستوونی.

بۆیە ئەم بەینانە کاتێک ویستوویەتی بەبۆنەی سی و دووەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو نەمرەوە بڵاویان بکاتەوە بۆی دەرکەوتوە کە ئەوەی ئەو کردوویەتی لە کەمتر لە هەزاران لاپەڕەدا جێی نابێتەوە. بەناچار هەروەک بۆخۆی نووسیویە گوڵبژێری لێ کردوون و کتێبێکی «دوو بەرگیی (هەریەکی ٦٠٠ لاپەڕە) لێ ئامادە کردوون بەو ئومێدە کە بتوانێ لە دواڕۆژدا ئەوانی دیکەش ڕێک بخا و بڵاویان بکاتەوە.

ئەم کتێبەی لەبەر دەست دایە بەشێکی زۆر کەم لە وتە و ئامۆژگارییەکانی دوکتۆری شەهید لە خۆی دەگرێ و ئەوی دیکەی ئەو وتار و نووسین و وتووێژانەن کە بە زمان و قەڵەمی تێکۆشەرانی کورد و غەیر کورد و بیروباوەڕی جیاوازەوە لەبارەی دوکتۆری نەمرەوە بەرهەم هاتوون. خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە هەم ئۆگرانی دوکتور قاسملوو شەهید دەگەڵ بەشێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە کەم هاوتایە ئاشنا دەکا و هەم دەرس و ئەزموونی باشی بۆ تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری بەتایبەتی بەرەی لاوی ئەمڕۆ و دواڕۆژ لێ وەردەگیرێ.

وێڕای دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە کاک ڕەحمان ئاواتەخوازم زۆر کەسی دیکە ئەو ڕچەیەی کاک ڕەحمان هەڵگرن و لە کۆکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەدا کە دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی لێ فێربوون و کەرەسەیەک بۆ مێژوونووسین و مێژوونووسان، یارمەتیدەر بن.

***

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نوسخەیەک لەو دیارییە بەنرخەی کاک «ڕەحمان نەقشی»یشی پێ گەیشتووە، بە چاوی ڕێزەوە لە خۆماندووکردنی بەڕێزیان بەو کارە بەبایەخە دەڕوانێ و هیوای ساغی و سلامەتی و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازێ.

# کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات (دەورەی پەهلەوی)


## بەشی دووهەم



د. ئازاد محەممەدیانی

**گوتاری سیاسیی بەشداریخوازیی حیزبی دێموکرات**

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێکانی، کەشوهەوای مەهاباد و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار میلیتاریزە و پۆلیسی کرا و ئەندام و هەوادارانی حیزبی دێموکرات کەوتنە ژێر چاوەدێری و ڕاوەدوونانەوە. شارێک کە بە قەولی "جان فوران" بە شاری کراوەیی سیاسی لە بەرامبەر کۆنترۆلی توندی حکومەتی ناوی دەهات، دیسان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی. بە پێچەوانەی ناوەند کە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ تا کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دۆخێکی ئازادیی بە خۆیە دەدی و ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی سیاسی و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان دەبیندرا، لە کوردستانی پاش ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٣٢٥دا کەشوهەوایەکی پۆلیسی و ئەمنی حاکم بوو و ئەڕتەش ببووە حاکمی ڕەهای کوردستان. سیاسەتی حکوومەت بە نیسبەت کوردستان و بە تایبەت ناوچەی مەهاباد، سیاسەتی داگیرکاریی نیزامی بوو، واتە ئەم ناوچەیە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشدا بوو، لێپرسراو و مەئموورێک کە دەهاتە ئەم دەڤەرە لە پلەی ناوین بۆ خوارێدا بوو. هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا بە دی نەدەکرا، تەنانەت لە مەجلیسی شازدەی شوڕای میللیدا کە ساڵی ١٣٢٨ کراوە، مەهاباد، ناوەندی کۆماری کوردستان، هیچ نوێنەرێکی نەبوو. بەڵام ئەگەرچی لە کوردستان دوای ڕووخانی کۆمار دۆخێکی پۆلیسی زاڵ بوو و بڵاوبوونەوەی چالاکانی سیاسی ببووە هۆی ئەوەیکە کەشوهەوای گەرموگوڕی ساڵەکانی ٢٤ و ٢٥ ببێتە دۆخێکی سارد و سڕ و ناهومێدی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو، بەڵام بە گشتگیربوونی چالاکیی محەممەد موسەدیق لە ناوەند و سەرجەم ئێران و جەختکردن لەسەر لیبرالیزم وەک بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کەشوهەوای کوردستانیش وردە وردە بەرەو جموجۆڵی سیاسی دەڕۆیشت.




دوای ڕەزاشا لە ناوەند، جموجۆڵی کۆمەڵگە بووە هۆی ئەوەی کە دەرفەتێکی هەستیار وە دەست ڕێبەرایەتیی ناسیۆنالیزمی لیبرال بکەوێ. ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم بەشداریی مەدەنیی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی مەشروتەوە خستبووە نێو بەرنامەکانی خۆیەوە، حەولی دەدا لە ڕێی مەجلیسی شوڕای میللی و هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی ئەم مەجلیسە، گۆڤار و ڕۆژنامەی ئازاد و پەرەدان بە نیزامی حیزبی بە چالاکیی هێندێک حیزبی وەک؛ حیزبی ئێران، حیزبی توودە، حیزبی زەحمەتکێشان، هێزی سێهەم، حیزبی پان ئێرانیست و جیبهەی میللی، قەوارەی دەسەڵاتێکی سیاسی بەشداریخواز بە خۆیەوە بگرێ و ڕووکارێکی تایبەت بەم قۆناغەی مێژووی ئێران بدا. ئەم بارودۆخە توانیبووی کار بکاتە سەر کوردستانیش، هەڵبەت بەو هۆیەی کە موسەدیق وەک ڕێبەری بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەناسرا و سیاسەتی کوردیش لەسەر ئەساسی دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم دامەزرابوو، جموجۆڵی لایەنگرانە لە موسەدیق لە کوردستان دەستی پێ کرد. وەک سارمەدین سادق وەزیری دەڵێ: "ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیمپڕیالیزمی ئینگلیز، بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلانی ئێران، بە شێوەیەک پەرەی سەندبوو و قووڵ ببۆوە کە دەنگدانەوەکەی گەیشتبووە کوردستانیش، ڕۆژنامە چەپیەکان، مەبەست بڵاوکراوە ئاشکراکانە، دەگەیشتنە کوردستان و نەخشێکی بەرچاویان لە وریاکردنەوەی کورد و ئامادەکردنیان بۆ بەشداری لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕا."

وێڕای ئەوەی کە موسەدیق دژی لایحەکەی ڕەزم آرا(١) بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیالەتی و ولایەتی بوو و نەیهێشت لە مەجلیسی شازدەدا پەسەند بکرێ، بەڵام کورد هەرگیز دەستی لە پشتیوانیی موسەدیق لە هیچ قۆناغێکدا هەڵنەگرت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە؛ «دەوڵەتی موسەدیق نوختە گۆڕانێک بوو لە سیاسەتی ئێراندا. چونکە ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی پێشوو جیاوازییەکی ئەساسی هەبوو. حکوومەتێک بوو کە بە پشتیوانیی خەڵک و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی زۆر گرینگ وەک میللیکردنی نەوت هاتبووە سەر کار و سیاسەتێکی میللی بەڕێوە دەبرد.» (قاسملوو، ١٣٨١) و «جۆری ناسیۆنالیزم و ئامانج و ڕوانگە دێموکڕاتیک و لیبڕالیەکەی موسەدیق و شێوەی حکوومەتکردنەکەی بەسەر خەڵکدا کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بوو، جموجۆڵ و حەزی خستبووە نێو ڕووناکبیرانی کوردەوە»(انتصار، ١٣٩٠). گرینگترین نموونەکانی بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی ئێران و پشتیوانی لە موسەدیق لەو سەردەمدا؛ یەکەم؛ بەشداری لە ڕاپرسی بۆ پشتیوانی لە موسەدیق بوو بە جۆرێک کە «لە مەهاباد لە نێو پێنج هەزار دەنگدا تەنیا دوو دەنگ بۆ لایەنگری سەڵتەنەت کەوتبووە سندووقەوە»(مک داوال، ١٣٨٠). لە بانەش تەنیا دوو دەنگی هاوشێوە هەبوو. دووهەم؛ بەشداری لە هەڵبژاردنی مەجلیسی هەڤدەیەمدا بوو، «ئەوە یەکەم هەڵبژاردن دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بوو، کە هێندێک پاڵێوراو لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بوون، [ئەم هەڵبژردنە] لە سەرەتاکانی ١٩٥٢دا بەڕێوە چوو، کە نوێنەرانی ئەم حیزبە بۆ وە دەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان بە ئاسانی سەرکەوتن(٢)».

ناسیونالیزمی لیبرالیی محەممەد موسەدیق کە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی وەک بنەمای دەسەڵاتداری خۆی دیاری کردبوو، توانی حیزبی دێموکرات و کورد تووشی وەرسووڕانی گوتاری بکا، گوتارێک کە لە ساڵەکانی دوای ڕووخانی کۆمار، بەهۆی فەزای پۆلیسی کوردستان خەریک بوو بەرەو جۆرێک ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ دەڕۆی. ئەگەرچی بە هۆی چالاکی نهێنیی حیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسیی کوردستان و کەمبوونی بڵاوکراوە و سوخەنڕانیەوە کاری دەرکێشانی واتا گوتارییەکان کارێکی دژوارە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی گوتاری "لاکلاو و مۆفە"دا جگە لە کردەوە گوتارییە زمانییەکان، کردەوە گوتارییە غەیرە زمانیەکانیش دەتوانن ببنە ماکی گوتار و چەشنی زمانی کردەوە، داله گوتارییەکانی لێ دەرکێشین. لەم قۆناغەدا سیاسەتی کوردی بە بەشداری لە پرۆسەی گشتی و کەلانی ئێران وەک بەشداری لە ڕێپێوانەکان بۆ پشتیوانی لە موسەدیق، بەشداری لە ڕاپرسی و هەڵبژاردنی مەجلیس، بە کاریگەری وەرگرتن لە گوتاری ناسیۆنالیستی سەربەخۆیی خوازی موسەدیق لە سەر بنەمای سیاسەتی «هاوسەنگی نەرێنی»(٣) و حەول بۆ نەتەوەییکردنی نەوت و ئازادی لە ڕێی پەرەدان بە بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە، جیاواز لە کەشی گوتاریی سەردەمی کۆماری کوردستان، شکڵ دەگرێ. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە ساڵەکانی دەسەڵاتدارێتی موسەدیقدا زۆرترین هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە وەک یەکێک لە کاریگەرترین حیزبەکانی ئەو ساڵانەی ئێراندا دەبیندرێ. گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا "بەشداری" وەک دالی ناوەندی ئەم گوتارە هەڵدەبژێرێ و واتاکانی وەک ئازادیی حیزب و دەربڕین، وێڕای زمانی کوردی کە دالی ناوەندی دەوری پێشوو بوو، دەبنە دالی خزی (شناور) ئەم سەردەمە و خودمختاری وەک گرینگترین داواکاری کورد لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی مەشروتەدا و چەشنی دالێکی دیکەی ئەم گوتارە لە چوارچێوەی "کەشی گوتاریی" بەشداریدا جومگەبەندی دەکرێن.


**گوتاری سیاسیی شوناسخوازانەی قەومیی حیزبی دێموکرات**

پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ڕووخانی دەوڵەتی موسەدیق، ئەو هیوایەی کە کورد بە سیاسەتە لیبرالی و بەشداریخوازانەکانی موسەدیقی بەستبوو لەنێو چوو. لە کوردستان بە شێوەیەکی توندتر ڕووبەڕووی لایەنگرانی موسەدیق بوونەوە و هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کە لەو دەورەیەدا، بە شێوەیەکی نیوەئاشکرا چالاکییان دەکرد، تووشی زیندان و هەڵاتن هاتن. «شا وێڕای بە دەسەڵات گەیشتنەوەی هەموو نیشانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە ژیانی سیاسی ئێران سڕییەوە»(مک داول، ١٣٨٠». ئەگەرچی داخرانی سیاسی لە هەموو جێیەکی ئێراندا دەبیندرا بەڵام لە ناوچە نەتەوەییەکان بە تایبەت لە کوردستان، کە وەک پشتیوانی موسەدیق دەهاتنە ژمار، دۆخەکە جیاواز بوو. «حکومەت بۆ دڵنیابوون لە سیاسەتەکانی هاوشێوەسازی زمانی، کەسانی دەرەکی بۆ بەرپرسیارەتیی ناوەندە پەروەردەییەکانی کوردستان دەنارد و بەو پێیە چالاکیی سیاسی و ئازادی لە کوردستان بەرتەسک بۆوە»(انتصار، ١٣٩٠). گەڕانەوەی ئەم دۆخە لە ڕوانگەی کوردەوە داخرانی دەروازەکانی گۆڕان بوو، لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسێکدا سیاسەتەکانی خۆی بەم شێوەیە دیاری کرد: ڕووخاندنی پاشایەتی، دامەزراندنی شوناسێکی کوردی لە قەوارەی دەوڵەتێکی کوردیی هەڵبژێردراوی خۆیدا و ڕزگارکردنی هەموو کوردستان.(مک داول، ١٣٨٠). لە ڕاستیدا ئەم کۆنفڕانسە کە بۆ تێکەڵکردنەوەی دوو کومیتەی مەهاباد و سنە و دیاریکردنی سیاسەتەکانی نوێی حیزب پێکهاتبوو، دەستپێکی گۆڕانێکی مەزن لە سیاسەتی بەشداریخوازانەوە بەرەو سیاسەتێکی دژە حکومەتی ڕادیکال بوو.

حیزبی دێموکرات کە دوای کۆماری کوردستان گرینگترین و گەورەترین ئەزموونی بەشداریی خۆی لە پرۆسەی سیاسی ئێراندا هەرچەند بە شێوەیەکی نیوە ئاشکرا لە دەورەی موسەدیقدا، دیبوو، ئێستا بە نهێنیکردنەوەی چالاکییەکانی بەهۆی داخرانی سەراسەری سیاسیی ئێران، بەرەو سیاسەتی ڕادیکاڵی ڕووخێنەرانە دەڕۆیشت کە چارەی کێشەکانی خۆی لە بەشداری لە چوارچێوەی حکوومەتی سەقامگیردا نەدەدی، بەڵکوو تێکدانی ئەم قەوارەیەی بە ڕێگەچارەی گەیشتن بە داواکارییە نەتەوەیی و شوناسخوازانەکانی خۆی دەزانی.

لە ڕاستیدا کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و داخرانی دوبارەی کەشوهەوای سیاسیی ئێران بووە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی و ڕادیکالیزەبوونی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات کە بەستێنی بۆ خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٨-٤٦ خۆش کرد. «کومیتەی ئینقلابی»ی حیزبی دێموکرات بەرهەمی ئەو دۆخە و دژ کردەوەیەک بوو بە نیسبەت سیاسەتەکانی پەهلەویی دووهەم کە بە شێوەیەکی ئاشکرا شوناسی کوردی کە لە دەورەی کۆماردا پشوویەکی هاتبۆوە بەر، خستبووە ژێر گوشارەوە. کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات، شۆڕشی چەکداری کردبووە شێوازی خەباتی خۆی کە لە ماوەی دوو ساڵدا هێندێک شەڕی چریکی لە سێ کوچکەی مەهاباد-بانە-سەردەشت، وەڕێ خست(کوچرا، ١٣٧٣) کە لە ئاکامدا ئەم بزووتنەوە چەکدارییە کە وەرسووڕانێک بوو لە گوتاری سیاسیی کورددا، سەرکوت کرا.

کۆمار کە یەکەمین قۆناغی پێکهاتنی گوتاری سیاسیی کورد بوو، جەخت لە سەر چەمکی شوناس دەکرێ، بەڵام وەک ئەو سەردەم زمانی کوردی چەشنی چەمکێکی شوناسی، زەق نابێتەوە، بەڵکوو بابەتی ئێتنیک سەرەکیترین چەمکی ئەم گوتارەیە. چەمکێک کە پتر لە هەر واتا و دالێکی دیکە توانایی سازکردنی خەباتی چەکداریی هەیە و ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ کۆمەڵانی خەڵک بێنێتە مەیدان، کە باشترین دۆخ بۆ ئەم بابەتە؛ بۆشایی دەسەڵات و لاوازیی ناوەندە،




لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە دەستبردن بۆ چەک و شەڕی چریکییە کە بەپێچەوانەی دەورەکانی پێشوو ڕوو دەدا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنانەت لە سەردەمی کۆماردا کە ئەرتەش بەرەو مەهاباد بۆ خستنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی وەڕێ دەکەوێ، حیزبی دێموکرات دەست بۆ چەک نابا. دیارە وەک گوترا، توندبوونی زمانی ئەو حیزبە بە هۆی سیاسەتەکانی پەهلەویی دووهەم پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژە، کە قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا دەبینین گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات گۆڕانی بە سەردا دێ. «ئەگەر نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار سیاسەتێکی گونجاو پەیڕەو نەکا، کەلێنی شوناسی قەومی دەتوانێ بەستێنێکی باش بۆ جموجۆڵی توندوتیژخوازانە ساز بکا و لە وەها دۆخێکدا داواکارییە شوناسخوازانەکان بە ئاسانی دەتوانن بەرەو ئەم شێوە جموجۆڵانە بڕۆن».(ایوبی، ١٣٨٧) لەم قۆناغەشدا وەڵامنەدانەوەی حکوومەت، داخرانی زیاتری کەشوهەوای سیاسیی کوردستان و نەبوونی دەرفەت بۆ گەیاندنی داواکارییەکان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان، بووە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی، وەک یەکێک لە گرینگترین کەلێنەکانی شوناسی و شکڵگرتنی خەباتی سیاسی لە چوارچێوەی "کومیتەی ئینقلابی"ی حیزبی دێموکرات و ڕادیکاڵبوونی گوتاری سیاسیی کورد، کە دژکردەوەیەک بوو بە دۆخی زاڵ بە سەر کوردستاندا.

لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا؛ پێکهاتنی پەلە چریکیەکان و هێندێک شەڕی ناو بە ناو لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان‌دایە، کە وەک "کردەوەیەکی گوتاریی نا زمانی" (عمل گفتمانی غیر زبانی) لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات کە لە کۆنفڕانسی دووهەمی ئەم حیزبەدا؛ ڕووخانی پاشایەتی، دامەزراندنی شوناسێکی کوردی و ئازادکردنی هەموو کوردستان، ناوی دێ، پێویستە لێکدانەوەی لەسەر بکرێ. هەڵبەت ئەم سیاسەتانە هێندێک بابەت و پرسن کە لە سەردەمی کۆماریشدا نە بە شێوەی تیئۆری و نە بە شێوەی کردەوەیی نەهاتە بەر باس و پلانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان نەبوون. لەم سەردەمەشدا وەک سەردەمی کە لەو سەردەمدا ئەم هەلە بۆ کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکڕات نەڕەخسا، چون محەمەد ڕەزا شا، پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، بناغەی دەسەڵاتێکی بەهێزی داڕشتبوو و هەر لە دوای هەرەسهێنانی کۆمارەوە سەرنجێکی زۆری ئەمنیی دابووە کوردستان و ئیزنی هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی لەم ناوچەیەدا نەدەدا.

کەواتە گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا، شەڕی چریکی دەبێتە دالە ناوەندییەکەی و هێندێک چەمکی وەک ڕووخاندنی پاشایەتی و ئازادیی هەموو کوردستان وەک دوو دالی نوێی گوتاریی و زمانی کوردی وەک گرینگترین چەمکی شوناسی، وێڕای هێندیک دالی دیکە کە لە گوتارەکانی پێشووشدا بوونیان هەبووە، لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوە ویستی شوناسخوازانەدا جومگەبەندی دەکرێن و دەبنە پێکهێنەری ئەم گوتارە. دالی بەشداری وەک دالی ناوەندی قۆناغی پێشووی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات دەخرێترە لاوە و ئەم واتا ڕادیکاڵە واتە شەڕی چریکی دەخرێتە جێی.

***

**پەراوێز:**

١- لە هاوینی ساڵی ١٣٢٩دا تیمسار ڕەزمئارا لایحەی سازبوونی ئەنجومەنە ئیالەتیەکانی بردە مەجلیس کە موسەدیق یەک لە موخالفانی ئەم لایحەیە بوو کە پەسەند نەکرا.

٢- یەک لەو کەسانەی کە پاڵێوراوی حیزب بوو، سارمەدینی سادق وەزیری بۆ مەهاباد بوو، کە لەگەڵ ئەوەی کە دەنگی زۆربەی خەڵکی مەهابادی هێناوە، بەڵام حکوومەتی نیزامیی مەهاباد ئیزنی نەدا بچێتە مەجلیس و کەسێکی دیکەیان دەستنیشان کرد.

٣- موازنە منفی: بنەمای سیاسەتی دەرەکی محەممەد موسەدیق بوو کە دواتر بوو بە ماکی "جنبش عدم تعهد" کە پێک هاتبوو لەو وڵاتانەی کە سەر بە هیچ باڵێکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە نەبوون.

**سەرچاوەکان کوردی و فارسی:**

- قاسملوو، عەبدولڕەحمان و عەبدوڵا حەسەنزادە. (١٣٨١)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی ئێران.
- انتصار، نادر. (١٣٩٠). سیاست کردها در خاورمیانە. ترجمە عرفان قانعی فرد. تهران: نشر علم.
- مک داول، دیوید. (١٣٨٠). تاریخ معاصر کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات پانیذ.
- کوچرا، کریس،(١٣٧٣). جنبش ملی کرد. ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات نگاه.
- ایوبی، حجت الله. (١٣٨٧). شکاف های قومی و خشونت در پیکارهای سیاسی. تهران: فصلنامەی مطالعات ڕاهبردی. دورەی اول، شمارەی ٢٣.

# دوڕگە بەناو ئارام و شڵەژاوەکەی ناوچە



شۆڕش شاباز



بەردەوام لە کاربەدەستانی ئێران و لە بەرپرسانی ئەمنییەتی و سەربازیی ڕێژیم ڕا بگرە هەتا شوڕای ئەمنییەتی میلیی وڵاتەوە دەبیستین کە ئێران لەڕووی ئەمنیەتییەوە دوڕگەی هەرەئارامی ناوچەیە؛ ئیدیعایەک کە لە ئێستادا پتر لەهەر کاتێک لە گاڵتەجاڕ دەچێ.

لەگەڵ دەسپێکی بەهاری عەرەبی ترس لە گەیشتنی ئەو شەپۆلە شۆڕشانە بە وڵاتی ئێرانیش، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە پشتێندەیەکی ئەمنیەتیی قایموقۆڵ بە دەوری وڵاتدا بکێشن بۆوەی ڕێژیمەکەیان بە دەردی دەسەڵاتەکانی میسر و لیبی و یەمەن و سووریە نەچێ. بە وەها ڕوانگەیەکەوە دەســـەڵات خـۆی خستە گۆڕەپانێکی سەربازی و دەستێوەردەرانە لە دەرەوەی سنوورەکانی کە ئێستاش لە وڵاتانی سووریە، یەمەن، عێراق و لوبناندا بە بۆڵدی دیار و بەرچاوە. ڕوانگەیەک کە ئەگەرچی لە بنەڕەتڕا لەسەر بناخەی ناردنەدەرەوەی شۆڕش دەوەستێ، بەڵام بە خوێندنەوەی ئەمڕۆییان زیاتر پاراستنی ڕێژیمەکەیان مەبەستە.

ئەو قۆناغە لە پشتێنەی ئەمنییەتی بۆ پاراستنی نیزام گوشاری ئەمریکا و سزا ئابوورییەکانی بۆ ڕێژیم لێ کەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە و ویست و داخوازەکانی خەڵک کەمترین بایەخیان لای ڕێژیم نەمێنێ و دەورلێدانەوەی گەمارۆکانیش لەسۆنگەی گەندەڵییەکانی پێشوویان دادیان نەدا. ئەوەش وایکرد تا بە خەیانەتی گرێبەستی ٢٥ ساڵەیان لەگەڵ چین کە هەر هەمووی لە بەرژەوەندیی وڵاتی سووری کۆمۆنیست دایە، بیانەوێ چەند ڕۆژێکی دیکەش تەمەنی دەسەڵاتە نگریسەکەیان درێژتر بکەنەوە.

بەڵام داتەپینی ئابووریی وڵات، گرانی و بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بووە هۆی ئەوەی سەرهەڵدانی بەردەوام کە وەک بینیمان لە خەزەڵوەری ٩٨دا گەیشتە تەقینەوە و ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانە بەناو ئەمنییەتە سەقامگیرەکەی بۆ دوڕگە ئارامەکەی گەڕاندەوە. ئەو دوڕگە ئارامەی پاراستنی ئارامییەکەی کۆت و بەند و تەناف و خوێنڕشتنی بەردەوامی گەرەکە و بۆ ئەوەش چ سنوورێک ناناسن. بەڵام ئەو دوڕگە ئارامەی ڕێبەرانی ڕێژیم ئیدیعای دەکەن و بە زەبروزەنگ و ترس و تۆقاندن هەوڵی بەردوامیی دەدەن زۆر شڵەژاوتر و شکێنەرتر لەوەیە کە باسی دەکەن. بۆ ئەوەش دەتوانین دزین و بەتاڵانبردنی ئەرشیڤی زانیارییە ئەتومییەکانی ئێران بە نموونە بێنینەوە کە وەک بنیامین نەتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسڕائیل لە بانەمەڕی ١٣٩٧دا ئاماژەی پێدا، زیاتر لە "نیو تۆن" بەڵگەنامەیان لە بنکەی نهێنیی "عیماد" لە عەمبارێکی نیزیک تاران هێنایە دەرێ و لە سنوورەکانی وڵات ئاودیویان کرد و کاربەدەستانی ڕێژیمیش حاشایان لێ نەکرد. یان کوژرانی دەیان زانای ئەتومیی ڕێژیم کە موحسین فەخریزاد تازەترینیان بوو.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە پێکهاتەیەکی ئەمنیەتی کە نەتوانێ ئەمنیەتی بەڵگەنامە هەرە نهێنییەکانی دەزگا هەستیارەکانی خۆی بپارێزێ و دابینیان بکا؛ چۆن دەتوانێ ئەمنیەتی کۆمەڵگە دابین بکا مەگین ئەوەی خوێندنەوەی بۆ ئەمنیەت تەنیا کڕوماتکردنی کۆمەڵگە بە زەبری سەرکوت و کوشتوبڕ بێ.

ئەوە ڕاستییەکە کە کەلێنی ئەمنیەتیی قووڵ لەنێو دامەزراوە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا هەیە و لەو سۆنگەیەوە ناوەندە سەربازی و ئەتومی و ئەمنیەتییەکانی هەر جارناجارێک دەکەونە بەر هێرش و پەلاماری سایبێری، یان دەتەقێندرێنەوە. بەڵام ڕێژیم قەزای دیزە لە گۆزە دەخا. بەو مانایە کاتێک لە بەرامبەر هێز و دەسەڵاتی دەرەکیدا زەبوون و دەستەوستانە، شکان و دۆڕانەکانی خۆی بە سەرکوتی خوێناویی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە گشتییەکانی خەڵک قەرەبوو دەکاتەوە و ئێمەی کورد ڕۆژانەش درێژکراوەکەی ئەو سیاسەتە لە سەرکوتی بزووتنەوە مەدەنییەکانی کوردستان را هەتا کوشتاری بەردەوامی کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکان دەبینین. کورد گوتەنی ڕێوێی دەرێ و شێری نێومال لە کوشتوبڕی خەڵکی مەدەنی و ئاسایی خۆی وەستایە و لە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرشی نەیارە دەرەکییەکانی دۆڕاو و مایەپووچ.

ڕێژیم کە دواوێستگەی ئەمنییەت و پاراستنی خۆی لە خاوەنێتیی چەکی ئەتومی و پێشکەوتووترین جۆری مووشەکەکاندا دەبینێ، خەڵک و ماف و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی بە یەکجاری وەلا ناوە و بۆ ئەوەش دەستی لە هەموو شتێک و پێش هەموویان شەرعییەتی نەبوویشی شوشتۆتەوە. ڕێژیم کە زۆر باش دەزانێ کەمترین متمانە و ڕەواییەتی لای خەڵک نییە و تەنانەت خامنەیی لە یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ کابینەی ڕەئیسیدا دانی پێدا هێنا؛ خەڵک لە دەرەوەی هەموو بازنەکانی ئەمنیەتی حاکمییەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەبینێ، بۆیەش سەرکوت و قەڵتوبڕی ئەو خەڵکەشی بۆ ئەمنییەتەکەی پێویستە. حکوومەتەکان لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا هەوڵ دەدەن کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکەن و وەڵامدانەوە بە داوای خەڵک وەک گەرەنتیی درێژکردنەوەی دەسەڵات خۆیان سەیر دەکەن، بەڵام حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەوە ناسراوە کە قەیران بە قەیران دادەگیرسێنێ و بە خولقاندنی قەیرانی نوێ قەیرانی پێشووتری پەردەپۆش دەکا و بەوە تەمەنی خۆی درێژتر دەکاتەوە. هەر ئەو قەیرانخولقێنییانەش باجەکەی دەبێ خەڵک بیدەن و هەر ئەو خەڵکەش کە بێمافی و داوخوازییەکان بەرەو دەربڕینی ناڕەزایەتی پاڵی پێوەنان، لە سەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن دەکرێن و بەوەش ئەمنییەت لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە جێگیرە!

پرسی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان یەک لە بابەتە هەستیارەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێرانە کە کۆماری ئیسلامی ئەوانیش لە خانەی پاراستنی ئەمنیەتی کەلانی خۆیدا پێناسە دەکا. عەرەبەکانی خوزستان لەگەڵ ئەوە شیعەن و هیچ ناکۆکییەکی مەزهەبییان لەگەڵ ناوکی دەسەڵات نییە و، سەرەڕای سەرچاوەت نەوتیی زۆر و زەوەندیان؛ کەمترین مافی ئینسانیی خۆیان نەدراوەتێ. ناوەندە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم بە بیانووی بیری سەربەخۆییخوازی لەو ناوچەیە هەرچەشنە ناڕەزایەتی و جموجۆڵێکی مەدەنی و مافخوازانەی خەڵک سەرکوت دەکەن. سەیر ئەوەیە زمانی نەتەوەیی عەڕەبەکان لە حەوزەکانی عیلیمییە و ناوەندە ئایینییەکانی دەسەڵاتدا بڕشت و ڕمێنی هەیە، بەڵام خەڵکە خۆیان بۆیان نییە پێی بخوێنن؛ چونکی ڕێژیم ئەمە لەدژی ئەمنییەتە پێناسەکراوەکەی خۆی دادەنێ. کوردەکان چەند قاتی عەڕەبەکان و لەسۆنگەی خەباتی دەیان ساڵەی مەدەنی و پێشمەرگانەیانەوە لە بازنەی ئەمنیەتیی ڕێژیمدا جێ دەگرن و سەرکوت دەکرێن و بەلووچ و نەتەوە نافارسەکانی دیکەش لە زۆر مافی نەتەوایەتی و هاووڵاتیبوونیان بێبەشن.

هۆکارێکی دیکەی بەردەوامیی ئەم ڕوانگەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد و بەلووچ و تورک و ئەفغانی خۆیان بە کەمایەتی نازانن. کوردەکان دەڵێن نەتەوەیەکی سەروو چل میلیۆن کەسین و بۆ نموونە لە باشووری کوردستان دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی خۆیان هەیە و بۆ دەبێ ئەوان لە ئێران وەها مافێکیان نەبێ. یان تورکەکان دەبینن کە دوو وڵاتی تورکیە و ئازەربایجان لە دراوسێیەتی ئێراندا هەن و حازر نین وەک هاووڵاتیی پلە دوو سەیر بکرێن و تەنانەت لە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان بێبەش بن. کۆماری ئیسلامی ئەمنیەتی خۆی لەوەدا دەبینێ کە بە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەیری چالاکییە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە لە بوارەکانی ژینگەپارێزی و فێربوونی زمانی دایک و هتددا بکا و پاراستنی ئەمنیەتی خۆی لە بەگژداچوونەوەی هەموو چەشنە هەوڵانەدا ببینێ. بەڵام ئەم نیزامە سیاسییە ناتوانێ لە دەلاقەی ئەم ڕوانگە ئەمنیەتییەوە قەیرانە سیاسییەکانی خۆی و پرسی مافویستی و شوناسخوازیی نەتەوەکان لە ئێراندا چارەسەر بکا.

ئەو گوشارە زۆرەی لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی خستوویەتە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبەکانی کوردستان و، بەردەوامی هەڕەشە و هێرشەکانی سپای پاسداران لە درێژەی پەلاماری مووشەکی و تۆپخانەیی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەم حیزبە؛ فەشەلی و لەرزۆکبوونی ئەمنیەتی ئەم ڕێژیمە سیاسییە دەردەخەن. چونکی لە دنیای ئەمڕۆدا ئەمنییەت و سەقامگیریی سیاسیی حکوومەتەکان نەک بە پێوانەی ڕادەی زەبروزەنگ و توانای هێزی سەربازییان بۆ سەرکوت، بەڵکوو بە پێوەری ئەرکوەخۆگری و وەڵامدانەوە بە پرس و داخواز و مافە ڕەواکانی خەڵکەکەیان هەڵدەسەنگێندرێ.

بێگومان دوڕگەی ئارامی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی بێئاوردانەوە لە پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە ئارامی بە خۆیەوە نابینێ و کۆڵنەدانی نەتەوەکانی ئێران، خەباتگێڕی و مافویستی ئەوان کە ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن؛ پتر لە جارانیش ئەم گۆمە دەشڵەقێنێ و خەو لە چاوی کاربەدەستانی ڕێژیم دەتارێنێ.

# ویلچێرەکانیان دەفرۆشن هەتا لە برسان نەمرن

ڕاپۆرت: «کوردستان»



کارەساتی ئابووری لە ئێران گەیوەتە جێگایەک کە کەمئەندامان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان ویلچێرەکانیان بفرۆشن و دواتر لە زبڵەکاندا بەدوای خواردن بگەڕێن.

بێهرووز مروەتی، بەڕێوەبەری کەمپینی کەمئەندامان دەڵێ سەرەڕای وادە و بەڵێنی پێشووتری دەوڵەتی ڕوحانی بۆ وەخۆگرتنی کەمئەندامان و پێدانی وامی کار بەوان، بەڵێ کەمترینی ئەو بەڵێنانەش وەدی نەهاتن. ناوبراو دەڵێ دوای سەرهەڵدانی کرۆنا بارودۆخی ژیان و گوزەرانی کەمئەندامان خراپتر لە جاران بووە، تەنانەت تا ئەو ڕادەیە کە زۆر لەوان ویلچێرەکانیان دەفرۆشن بۆوەی برسی نەمێننەوە.

ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان لە ئێران دەڵێن دەوڵەت کەمترین ئاوردانەوە و پێڕاگەیشتنی بۆ پرسی کەمئەندامانی وڵات و کێشەکانیان نییە و تەنانەت ڕۆژی میللیی دابینکردنی ماڵ و سەرپەنا بۆ کەمئەندامانی لە ڕۆژژمێری ئێران سڕیوەتەوە تا ئەو بابەتە تۆزی فەرامۆشی لێ بنیشێ و ئەو ئەرکە بەتەواوی لەبیر بچێتەوە.

بەپێی ئامارەکان ١١٠ هەزار کەمئەندام لە ئێران یان بێخانەولانن، یان هیچ پشتیوانییەکی ماڵییان نییە. زۆرترین یارمەتییەکی مانگانە کە حکوومەت بە کەمئەندامانی دەکا ٣٥٠ هەزار تمەنە. عەلی هیممەت، بەڕێوەبەری گشتیی ئەنجومەنی پشتیوانی لە مافی کەمئەندامانی ئێران دەڵێ دەیان هەزار کەمئەندام لە وڵات هەیە لەبەر بێماڵوحاڵی پەنایان بۆ ناوەندەکانی ڕاگرتنی کەمئەندامان بردووە کە بەشی زۆری خەرجیی ئەوانیش خەڵکانی خێرخواز دابینی دەکەن. ناوبراو دەڵێ زیاتر لە دە هەزار بنەماڵە دوو یان سێ کەسی ئەمئەندامی هەیە و بنەماڵەیەکی کەمئەندام کە لە مانگدا تەنیا ٣٥٠ هەزار تمەنی دەدرێتەوە، چۆن دەتوانێ هەرزانترین خانووی دەست کەوێ کە ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ میلیۆن تمەنە.

کێشەی کەمئەندامان یەک و دوو نین. بۆ نموونە دوای دوو ساڵ لە وەرێخرانی پلاتفۆڕمی فێرکاریی "شاد" بەڵام مندالانی نابینا لێی بێبەشن و کەمتەرخەمییەکانی دەوڵەت ئەوانی لە "دادپەروەریی پەروەردە" دوور خستۆتەوە.

ماڵپەڕی "تجارت نیوز"یش لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی لە ٨٥٠ هەزار کەمئەندامی ژێر چاودێریی "بێهزیستی" لانیکەم٥٠٠ هەزار کەسیان بەهۆی نقوستانیی زۆر و بەپێی قانوون دەبێ لانیکەمی مووچەی وەزارەتی کاریان بدرێتێ، بەڵام تەنیا ١٤٠ هەزار کەسیان هاوکاری دەکرێن و بڕی یارمەتییەکەش کە دەبوا سەروو دوو میلیۆن و پێنسەد هەزار تمەن با، تەنیا ١٦٠ هەزار تمەنە.

بێهرووز مروەتی، دەڵێ جیا لە مەسەلەی بژیو و سەرپەنا، کێشەی دەرمان و پێڕاگەیشتنی پزیشکییش کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی کەمئەندامانی وڵاتە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە بەشی زۆری کەمئەندامان تەنانەت دەفتەرچەی بیمەشیان نییە. ئەوانەش کە دەفتەرچەی بیمەیان هەیە، تەنیا ناوەندە دەوڵەتییەکان دەیانگرنە ئەستۆ و لە شوێنە پزیشکی و دەرمانییەکانی دیکە هیچ ئاوڕێکیان لێ نادرێتەوە.

"کوردستان" لەگەڵ ئەوەدا کە پێیوایە کێشەی کەمئەندامان لە ئێران گشتییە، بەڵام دڵنیایە کەبارودۆخی کەمئەندامان لە کوردستان کە بەپێی ڕێژە و بەهۆی دیاردەکانی وەک شەڕ لە کوردستان و تەقینەوەی مین ژمارەشیان زیاترە، بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە زۆر نالەبارتر و کارەساتبارترە.

هەگبەی شاخ و شۆڕش



## خورشیدییەکان، خۆری دەرەوشاوەی ئاسمانی خەباتن

### سمایل خورشیدی



برایم چووکەڵی

قەڵا و قارنجە دوو گوندن کە وەک دەستە خوشک هەمیشە ناویان لەگەڵ یەکتری دێ. هەر لەکۆنەوە بەیتبێژان و حەیرانبێژان و هونەرمەندانی ئەو مەڵبەندە ناوی ئەو دوو گوندە بە یەکەوە دێنن. ئاواییەکانی قەڵا و قارنجە لەسەر چۆمی تەتەهوو لە نزیک جادەی میاندواو- بۆکان هەڵکەوتوون. بنەماڵەی «خورشیدی»یەکان ناوێکی ئاشنان لەم دەڤەرە کە گرێدراوی کوردایەتی و خەباتی حیزبی دێموکراتن. زۆر لە خورشیدییەکان هاتنە ڕیزی پێشمەرگایەتی و چەند کەس لەوان بە ناوەکانی «سمایل خورشیدی»، «فەتاح خورشیدی»، «سەلاح خورشیدی» و «خالید خورشیدی» شەهید بوون و عوسمان خورشیدی و یوسف خورشیدی کە کەمئەندامن، ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژین. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش» ئەمجارەدا یاد و ناوی فەرماندەی قارەمان سمایل خورشیدی دەکەینەوە.

سمایل خورشیدی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جووتیار لە گوندی (قەڵای ڕسووڵە سیت)ی ناوچەی چۆمی مەجیدخان لەدایک بوو. هەتا پۆلی ٥ی سەرەتایی خوێندی و پاشان بۆ یارمەتیدانی بنەماڵەکەی ملی لە کاری وەرزێری نا. کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کرد، سمایل بۆ هاندانی لاوان، دژی ڕێژیمی شا تەبلیغاتی دەکرد. بە دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، سمایل پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و وەک لایەنگری حیزبی دێموکرات دەستی بە تێکۆشان کرد. پاشان بەڕەسمی چەکی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتی لەشان کرد و لە هێزی بەیان سازمان درا.

سمایل لە ماوەیەکی کورتدا ئازایەتی و بوێریی خۆی نیشان دا و جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. سمایل لەشەڕی «هۆرتەکەند»ی ناوچەی فەرهادتاش لە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ بریندار بوو و دوای ساڕێژبوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە سەنگەری خەبات. ئەو ساڵی١٣٦٢ بەهۆی لێوەشاوەییەوە ڕەوانەی دەورەی مودیرییەت لە «ئالان»ی سەردەشت کرا و پاش تەواوبوونی دەورەکە بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە ناوچەی بۆکان و دەستی بە تێکۆشانی خۆی کردەوە. هەر لە ساڵی ١٣٦٢ وەک سەرپەل دیاری کرا و لەوبەرپرسایەتییەشدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کاری کرد و دواتریش بەهۆی لێهاتووی لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ وەک جێگری لکی ٢ دیاری کرا. ئەو لە بەرپرسایەتییەکانیدا نیشانی دا کە کوڕی ڕاستەقینەی ڕێگای خەباتە. دروستی و ڕاستی و سەداقەتی سمایل وای کردبوو کە بەرپرسایەتیی زیاتری پێ بسپێردرێ.

سمایل لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان بەشداری کرد و چەند جاری دیکەش بریندار بوو. ئەو جگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی ئازا و فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو، کادرێکی سیاسی و هەڵسووڕیش بوو. شەڕەکانی باغی ئەحمەدی، کوورەخانەکانی ساروقامیش، جادەی بۆکان- میاندواو، سەقز- بۆکان، پایەگای قۆچاغ، مەڵلالەر، باغلووجە، بۆگەبەسی، شەڕی داشبەند، وەشتەپە، ستوونی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز، حوسێنئاباد، شامات و شاروێران شاهیدی بۆ فیداکاریی ئەم پێشمەرگە تێکۆشەرە و فەرماندە هەڵسووڕەی دێموکڕات دەدەن و ئەمانە نموونەیەکی چووکەن لە دەستوبردی سمایڵ خورشیدی. ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. سمایل لە بواری فێربوونەوە هەوڵی دەدا و هەموو ڕۆژێ شتی تازە فێر دەبوو، بۆ هاوسەنگەرانی کۆبوونەوەی دەگرت و هەموو ئالوگۆڕەکانی سەردەمی بۆ شی دەکردنەوە. ئەو لەبەرانبەر دژمندا قورس و قایم، ئازا و هەڵمەتبەر بوو، لەحاند هاوسەنگەرانیدا هەمیشە هەوڵی دەدا زمانی قەناعەت بەکاربێنێ. ئەو ڕۆڵەیەکی ئازا و تێکۆشەر و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و دڵسۆز و خۆشەویستی هاوڕێیانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. سمایل هەموو جارێ کە بریندار دەبوو پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی بە شانازییەوە دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی و بە عەلاقەیەکی پترەوە ئەرکەکانی بەجێ دەگەیاند.

دڵسۆزی و فیداکاری سمایل و تێکۆشانی بێوچانی و بە هەڵمەتی دژمنشکێنی نیشانی دا شیاوی هەموو پلە و بەرپرسایەتییەکە و لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو و ئازایە، بە چەشنێک کە قارەمانەتی و نەترسیی سمایل لە ناوچەی بۆکان دەنگی دایەوە. دژمن بۆ بەچۆک داهێنانی سمایل و دوورخستنەوەی لە خەباتی عادڵانەی گەلەکەی و ڕیزی پێشمەرگەکان، هیچ چارەیەکی نەمابوو بێجگە لەوەی کە فشار بۆ کەسوکار و بنەماڵەکەی بێنێ بەڵکوو سمایل خۆی تەسلیم بکاتەوە. بەڵام سمایلی شۆڕشگێڕی بەئیمان، کە وەفادار بە ئامانجی شەهیدان و ڕێبازی حیزبەکەی بوو پەیمانی بە گەلەکەی و خوێنی شەهیدان دابوو کە یان دەبێ ئامانجەکانی ئەوان وەدی بێنێ یان لە سەنگەردا شەهید بێ.

لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لەلایەن کۆمیتەی شارستانەوە مەئمورییەت بە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی بەیان دەدرێ. پاش جەولەیەکی سیاسی- نیزامی لە ناوچەکانی ئەحمەدی کوڕ و ئاڵەشین، ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی پاش ڕێگابڕینێکی زۆر سەعات ٣ی بەرەبەیانی لە باغێکی گوندی «حاجیابادی تەتەهوو» پشوویان دەدا کە بەداخەوە بەهۆی جاسوسێکی خۆفرۆش دژمن پێیان دەزانێ و لەسەعاتی ١٢:٣٠ی نیوەڕۆ دەوریان دەدرێ. پێشمەرگەکان ٢٢ کەس بوون. لەپڕ لەهەموو لایەک جاش و خائینان جێگای پێشمەرگەکانیان ئاورباران کرد، لە یەکەم دەستڕێژدا بەداخەوە سمایل خورشیدی فەرماندە لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سەدیق ئەحمەدی ناسراو بە سەرهەنگ، محەممەد ڕەحیمی ناسراوە بەمحەممەد حاجیابادی، مەحموود چوپانزادە ناسراو بە مەحموود قۆچاغی، ڕەحمان مامەش ناسراو بە ڕەحمان چواردیواری، قاسم فەیزی، سولێمان ئارامش و هەمزە ئیفتخاری شەهید بوون و بۆ جارێکی دیکە بنەماڵەی سمایل خورشیدی بۆ لەدەستدانی چوارەمین ڕۆڵەی شەهیدیان ڕەشپۆش بوون.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان: سمایل خورشیدی و ٧ هاوسەنگەرەکەی و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان.

# گەلۆ هاوپەیمانییەک لەنێوان ئێران و چین هەیە؟

ئورشەلیم پۆست – جاناتان سپایەر



و: کەماڵ حەسەنپوور

ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبەری ڕابردوو، لە کۆبوونەوەی دوشەنبە لە تاجیکستان، ئەندامانی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە دەنگدان ئەندامەتیی ئێرانیان لەو ڕێکخراوەدا پەسەند کرد.

ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، لە ٢٠٠١ لەلایەن چین و ڕوسیە وەک هاوپەیمانییەکی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی، دامەزرێندرا و هەنووکە هەشت وڵات تێیدا ئەندامن، چین، ڕووسیە، پاکستان، هیندوستان، قەزاقستان، قرقیزستان و تاجیکستان. بەیەکەوە، ئەو وڵاتانە ٢٠٪ ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی جیهانیان بەدەستەوە و ٤٠٪ی حەشیمەتی دنیا پێک دێنن.

یەکەم هەوڵی ناسەرکەوتووانەی ئێران بۆ ئەندامەتیی تەواو لە ٢٠٠٨دا بوو. ئەوکاتی، داواکەی ئێران لەبەر دژایەتیی هێندێک وڵاتی ئەندام بەرانبەر بە ئەندامەتیی ئەو وڵاتە بەهۆی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، پێوەندیدار بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئەو وڵاتە، بوو.



ساڵی ڕابردوو تاران جارێکی دیکە داوای کردەوە. هەوڵەکانی دیسان لەبەر دژایەتیی تاجیکستان شکستی هێنا. بەڵام ئەمجارەیان بەربەستەکان بەرەو ئەندامەتیی تەواو هەڵگیران، ئەگەرچی هێشتا هیچ بەروارێک بۆ بە ئەندامبوونی ئێران دەستنیشان نەکراوە.

## وەرگیرانی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، چەندە گرینگە؟

میدیای ئێرانی، لە وتارێکدا کە لە لایەن ئاژانسی فرانس پرێسەوە ئاماژەی پێ کراوە، بەو ڕووداوە شاگەشکە بوون. کەیهان، بڵاڤۆکێکی خاوەن هەڵوێستی توندڕەوانە، نووسیی: ”لێرە بەولاوە ئێران بۆخۆی سیاسەتی فرەلایەنی جێبەجێ دەکا، وردە وردە پشت لە ڕوانگەیەک دەکا کە پشتی تەنیا بە خۆراوا بەستبوو و ئاسەواری ئابلۆقەکانی خۆراوا کەم دەکاتەوە.“

سەرکۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی، لە وتارەکەیدا بەرەوڕووی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە هەمان شێوە لە هەڵسەنگاندنی مانای ئەو ڕووداوە ناڕوون بوو. ڕەئیسی بە ڕێبەرانی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای گوت: ”دنیا چۆتە نێو قۆناخێکی نوێوە. هێژمۆنیی و تاکلایەنی شکستی هێناوە، هاوسەنگیی نێونەتەوەیی لە ئێستاوە بۆ لای فرەلایەنی و دابەشینەوەی دەسەڵات بەرەو وڵاتانی سەربەخۆیە. ئابلۆقە تاکلایەنانەکان تەنیا تاکە وڵاتێک ناکەنە ئامانج. لەو ساڵانەی دواییدا، ئاشکرا بووە کە ئەوان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی سەربەخۆ هەیە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای.“

هاوکات، لە سۆشیال میدیای فارسدا، محەممەد حەسەن دێهقان، کاربەدەستێکی پێکهاتەی ”ئابووریی خۆڕاگری“ کە سەر بە سوپای پاسدارانە لە تویتێکدا نووسی کە ”ئەندامەتیی تەواو ” لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای دەبێتە هۆی ”سوودی بەرچاوی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسی“ بۆ ئێران.

کە وابوو، گەلۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئێرانییانە دروستە؟ دەکرێ ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای وەک هەنگاوێکی مەزن بەرەو سەرهەڵدانی بلۆکێکی ستراتیجیکی دژی خۆراوا بێ، کە ئێران دەبێتە ئەندامی؟

لە پێتەختەکانی خۆراوا باسی بەردەوام لە دەسپێکی شەڕێکی ساردی نوێ دەکرێ، کە دەبێتە هۆی بەربەرەکانیی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دژی چین و، ناوەندی ئەو شەڕە ناوچەی نێوان ئۆقیانوسەکانی هیند و ئارام دەبێ.

کشانەوەی خێرای وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان ڕەنگبێ هەنگاوێکی نابەجێ بۆ کشانەوە لە هێڵی سووری جەنگەکانی ١١ی سێپتەمبەر بێ، تا سەرنج و سامانەکان ئاراستەی پێداویستییەکانی ئەو کێبڕکێ و سەردەمە نوێیە بکرێ. ئەو چەشنە کێبڕکێ ستراتیجیکییە مێژووییانەی نێوان زلهێزانی جیهانی لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا قەتیس نامێننەوە. شەڕی ساردی ١٩٩١-١٩٥٠ لە کێبڕکێی دوولایەنانەی سیستەمەکانی ژێر ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتبوو، کە کاریگەریی لەسەر هەموو ژینگە ستراتیجیکییە هەرێمییەکان هەبوو.

ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی ئاکوس لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئوسترالیا و بریتانیا دەرخەری هێڵێکی زەق لە ناوچەی نێوان ئۆقیانوسەکانی هیند و ئارامە، یەکگرتنی ئەو سێ وڵاتە ئینگلیزی زمانە هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ سنووردا کردنی هەوڵەکانی چین بۆ پەرەگرتن لەو ناوچەیەدا.

کێبڕکێ جیهانییەکانی پێشوو، وەک هەوڵی دەسەڵاتە ئیمپراتورییەکانی ئەورووپا بۆ سنووردارکردنی سەرهەڵدانی ئاڵمان لە سەردەمی پێش ١٩١٤، بە هەمان شێوە گۆی زەوی گرتەوە (و لەو کێشەیەی کە ئەو هەوڵانە لە کۆتاییدا خوڵقاندی، دنیای گۆڕی).

ئاخۆ ئێمە شاهیدی یەکەم جووڵەکانی کێشانی هێڵی ئەوتۆ لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە دەرکەوتنی هێڵەکان لە نێوان بلۆکەکانی هاوتەریبانی ئەمریکا و هاوتەریبانی چین، لە ئاسۆین؟

یەکەم، چەند هۆشدارییەک پێویستن. ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای هێشتا بە هیچ شێوەیەک لە هاوپەیمانییەکی ستراتیجیکیی بە ڕێبەرایەتیی چین دژی خۆراوا نزیک نییە. ئەندامەکانی هیندوستان دەگرێتە خۆ کە کێبڕکێکاری چین و هاوپەیمانی خۆراوایە. ڕێکخراوەکە دەگەڵ ئێرانیش، لە دڕدۆنگی بەرانبەر بە سیستەمی نێونەتەوەیی لە بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا هاوتەریب نییە. لە جیاتان، ئابلۆقەکان نیگەرانییەکی سەرەکیی بۆ پێشگرتن بە ئەندامەتی تەواوی تاران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای بوون.

تەنانەت هەنووکە، هێڵێکی کاتی بۆ بەئەندامبوونی تاران لە ڕێکخراوەکەدا هێشتا ڕانەگەیەنراوە. وەبەرهێنانی مەزن لە لایەن ڕووسیە، چین و هیندوستان لە ئێران بێگومان بە هەڕەشەی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چاوترسێن دەکرێن. جێگای ئاماژەیە کە شێوەی وەبەرهێنانی چین لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڵ هاوپەیمانییەکی تۆخ دەگەڵ بلۆکێکی ناوچەیی یەک ناگرێتەوە. بەیژینگ کڕیارێکی مەزنی نەوتی عەڕەبستانە و، بازرگانی بەربڵاوی دەگەڵ ئیسرائیل و ئیماراتی یەکگرتووەی عەڕەبی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا و بە هەموو هۆشیارکردنەوەکان دژی ساکارکردنەوەی لە ڕادەبەدەر، ئاراستەیەکی گشتی بۆ ڕووداوەکان بەدی دەکرێ و ئەو ئاماژە بە هاوتەریبی لە نێوان بەیژینگ و تاران، لەسەر بناخەی بەرژەوەندییە هاوبەشە ڕەق و درێژمەوداکان دەکا. ئەندامەتی لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای هۆی پتەوکردنی ئەو پرۆسەیە نییە، ئەوە ڕێنیشاندەرێکی سەر ڕێگایەیە.

لە ٢٧ی مارسی ٢٠٢٠، تاران و بەیژینگ ڕێککەوتنێکی ستراتیجیکی ٢٥ ساڵەیان، بە وەبەرهێنانی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری لە لایەن چینەوە لە ئێران، ڕاگەیاند. ئەو ڕێککەوتنە زۆرتر نەخشە ڕێگایەکە بۆ داهاتوو، نەوەک ڕێککەوتنێک کە ئاسەوارەکەی دەسبەجێ دەردەکەون. ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕەت بکرێتەوە. بەرزبوونەوەی پلەی ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهایدا یەکەم ئاسەواری هەستپێکراوی ئەو ڕێککەوتنەیە.

ئێران بەشێکی سەرەکیی دەسپێشخەریی بەرزەفڕانەی پشتێند و جادەی (جادەی ئاوریشمی نوێ کە چین لە پشتیەتی. و.) چینە. دەسپێشخەریی پشتێند و جادە بەتەمایە ڕێگای بازرگانیی وشکانی و دەریایی لێکدانەبڕاوی هاوتەریبی چین، لەوێوە بۆ ئەوراسیا مسۆگەر بکا.

ئێران بۆ وڵاتانی ناوەندی ئاسیای ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای کە سنووری ئاوییان نییە، ڕێگای دەسڕاگەیشتن بە دەریای عەڕەب و ڕێگا ئاوییەکانی نێونەتەوەیی دەستەبەر دەکا. گونجاندنی ئێران لە دەسپێشخەریی پشتێند و جادە یارمەتی بە هەوڵی چین بۆ بوون بە دەسەڵاتێکی خاوەن هێژمۆنی لە ئەوراسیا دەکا کە کۆنتڕۆڵی ڕێگا بازرگانییەکانی ئەو وەڵاتە لەگەڵ وڵاتانی هاوتەریبی خۆی بەدەستەوەیە.

لەو ڕوانگەیەوە، وێناچی چین بەرانبەر بەو ڕاستییە، کە هێشتا لە لایەن چاودێرە ساویلکەکانی خۆراواوە وەک پێویست لەبەر چاو ناگیرێ، بێ تەفاوەت بێ کە تاران دەسەڵاتی سەرجەم خاکی نێوان سنوورەکانی ئێران-عێراق و دەریای مەدیتەرانەی بەدەستەوە بێ کە لە سێ وڵاتی بەناو عێراق، سووریە و لوبناندا هەڵکەوتوون.

بۆ چین، ئێران وڵاتێکی بەهێز، سەقامگیر و بێ هەڕەشەیە (بۆ سەر چین. و.). هەڵوێستی دژە ئەمریکایی ئێران بەکەڵکی چین دێ تا دڵنیا بێ کە هیچ ئەگەرێک بۆ قوماری ئەو وڵاتە لە کێبڕکێ ستراتیجیکییەکەی نێوان واشینگتۆن و بەیژینگ ناکا. ئەوە سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە چین، بێگومان، هاوڕای بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵاتداریی لە ئێران نییە. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە، سروشتی شیعەی ئەو ئایدیۆلۆژییەیە بەو مانایەیە کە ئێران پوتانسیەلی بوون بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی، حەشیمەتە نەچەماوە موسڵمانەکەی، کە زۆرینەیان سوننین، نییە.

دەسپێکی پێوەندیی نزیکتر لە نێوان تاران و بەیژینگ هەر ئێستا ئاکامێکی بەرچاوی لێ کەوتۆتەوە. بەرخۆدانی لاسارانە و سەرکەوتووانەی ئێران دژی سیاسەتی ”ئەوپەڕی زەخت“ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەکاتی بەرێوەبەرایەتی ترامپ تا ڕادەیەک بەهۆی بوونی چین وەک جۆرێک ”بیمە“ بوو کە تاران پشتی پێ بەستبوو. کڕینی بەردەوامی نەوتی خاوی بە نایاسایی هەناردە کراوی ئێران لە لایەن چینەوە، بە تایبەتی، دەرفەتی وەدەستهێنانی داهاتی نەوت سەرەڕای ئابلۆقەی ”ئیفلیجکەر“ی بۆ تاران دەستەبەر دەکا. سەردەمی ئەوپەڕی زەخت ئێستا کۆتایی هاتووە. تاران لە پەڕینەوە لە ”بەربەستی“ بوون بە دەسەڵاتێکی ئەتۆمیی نزیک دەبێتەوە (یان بە گوتەی هێندێک کەس، هەر ئێستا یەکێک لەوانە). بەیژینگ، بە بەرگریی لە تێکڕمانی ئابووری ئێران، دەورێکی سەرەکیی لەو ڕوانگەیەوە هەبووە.

کەوابوو کێبڕکێیی جیهانیی کە خەریکە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و چین دەست پێ بکا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ناوچەیەکی بێلایەن ناهێڵێتەوە و دەگەڵ پەرە ئەستاندنی ئەو دوو بەرەیە، تاران، لەبەر هۆی ژێئۆستراتیجیکی و سیاسی وێدەچێ زۆرتر لە بەیژینگ نزیک بێتەوە. ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای بڕگەیەکی بەرچاو لەو ڕێگایەیە.

# جۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان



شارۆخ حەسەنزادە

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەدژی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان بە گشتی لە دوو فۆڕمی ئاشتییانە و توندوتیژدا جێ دەگرن:

**ئاشتیانە:** نافەرمانیی مەدەنی (بەرگریی مەدەنی یان شۆڕشی ئارام)، جۆرێک نارەزایەتییە کە حکوومەت پێی خۆشە بیکەی بەڵام توێژێک لە کۆمەڵگە نایکا. کۆمەڵگەی فەرمی پێی خۆشە قوتابی، مامۆستا، کرێکار و... بچنە سەر کار بەڵام ئەوان ناچن، یان ئەوەی کە حکوومەت کردەوەیەکی پێی ناخۆشە بەڵام چینەکانی کۆمەڵگە دەیکەن وەک مانگرتن (ڕۆژووگرتن، دەمدوورینەوە، داخستنی دووکان و بازار، نەچوونە سەر کار و...)، ڕێپێوان (ڕێپێوانی بێدەنگ و بێ درووشم یا بە پێچەوانە بە هەڵلا و پڕ توندوتیژی) و...

**توندوتیژ:**

یەک، کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو بەشێوەی خۆڕسک بێنە سەر شەقام و بە توندترین جۆر بەرپەرچی حکومەت بدەنەوە و لە هەموو شێوازەکان کەڵک وەرگرن.

دوو، ڕەوتە سیاسییەکان (حیزب) و خەباتی چەکداری، کە بەپێی پەسەندکراوی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە ژمارە ٢٢٢ و ٢٣٥ ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٧٨، دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی گەلان لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی ئامادەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکان نین.

لێرەدا پێویستە باسی ئەو تێز و تیۆرییانە بکەین کە باس لە وەدەستهێنانی ئازادی بەهۆی خەباتی مەدەنی دەکەن. کۆمەڵێک لەو بیرمەند و فاکتانە دێنینەوە کە پێیانوایە چۆن ئەم شێوازە لە خەبات توانیویەتی بە ڕادەیەکی باشتر بەبەراورد دەگەڵ شێوازەکانی تری خەبات سەرکەوتوو بێ.

"لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دێموکراسی، چوارچێوەی هزری بۆ گەیشتن بە ئازادی"، ناوی ئەو کتێبەیە کە جین شارپ (١٩٢٨-٢٠١٨) مامۆستای زانکۆی ماساچۆسێت نووسیویەتی. ناوبراو دوای ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٨٨ لە ئێران ناوی هاتە سەر زاران و لایەنی ئەمنییەتی بە پاساوی پێوەندی بە ڕێکخراوەکانی هەواڵگری لەوانە CIAی ئەمریکا خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانی پێ سزا دا. یا جۆرج سۆرۆس ئەو کەسەی هەموو سامانی خۆی تەرخانی ڕێگای مەدەنییەت و ئازادی کردووە و لێئۆ کەیسی وەک ماموستایەک، شار و گوندان دەکا و لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕوونکردنەوە دەدا و... .

## ئازادی بە شێوازی خەباتی پڕ لە توندوتیژی

لە یەکەم بیرکردنەوەدا بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی دیکتاتۆران، دوای سەلمانی ئەو ڕاستییە کە ئەو حکوومەتانە نە بەپێی یاسا، نە بە یاسای دادوەری و نە بە باوەڕی گشت، ناکرێ بەرەوڕوویان ببینەوە، بە شێوەیەکی تەواو لۆژیکی بە بینینی گرتن، ئەشکەنجە، بێ سەروشوێنکردن، سێدارە، کوشتن و... بەو ئاکامە دەگەین کە جوابی تەحەی پەحەیە! جێی شەق پێلاقەیە! ئەو خەڵکانە بەوپەڕی سەداقەت و لەخۆبوردوویی، شەهامەت و غیرەت دەگژ دەستەڵاتدارانی زاڵم ڕۆ دێن و تێچووی مادی و گیانی زۆریشی بۆ دەدەن، ئەو هەمووە داستان و قارەمانیەتیە بێوێنەیە بەڵام لێ نزیک هیچ کات ناگاتە ئازادیی یەکجارەکی. ئەم ڕابوونانە تەنیا زاڵمان هان دەدا ناوچەکە زیاتر ئەمنیەتی بکا و دەستی بۆ ئازار و ئەزیەتی خەڵک پتر ئاوەڵا دەبێتەوە و بە توندترین جۆری مومکین بەرەوڕووی ئازادیخوازان دەبێتەوە کە دەتوانین بڵێین هەمووکات کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە (کوردستان، گەڵی زیلان، شیمیایی هەڵەبجە، بۆسنی، بێرمە، سوودانی پێش لەتبوون، تەبەتیەکانی چین و...).

دیکتاتۆرەکان هەمیشە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕێگاچارەی پڕ لە توندوتیژی ئامادەترن و پاساوی بەهێزیشیان بەدەستەوە هەیە و ئازادیخوازانیش هەرچەندە بە ئیمانەوە سەنگەر دەگرن و شەرافەتمەندانە دەجەنگن، لێ مەخابن شانسی سەرکەوتنی یەکجارەکیان زۆر کەمە. دەکرێ بڵێین کە شەڕی چەکداری قازانجی بۆ گەلانی ئازادیخواز نەبووە و زیاترین سەدەمە لەو شێوازە لە خەباتە دەبینن. شەڕە پارتیزانییەکان زۆربەی جاران درێژماوەن و لە زۆربەیان خەڵکی سڤیل تووشی خەساری وەک خەمۆکی، تێکچوونی ڕەوان و دەروون تێداچوون، گرفتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کۆچی زۆرەملی دەبن. ئەگەر ئەو ڕەوتە توندئاژۆیانە کە بە شێوازی خەباتی چەکداری سەرکەوتوو بن و دەستەڵات بگرنە دەست بە هۆی مێژوو و چۆنیەتیی سەرکەوتنیان تەواویەتخوازتر و ڕەنگبێ دیکتاتۆرتر بن لە حکوومەتەکەی پێشوویان کە بۆخۆیان ڕووخاندوویانە(١)"! تەنانەت ئەگە چاوێک لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردوو بکەین دەبینین بەشی هەرەزۆری ئەو شۆڕشانە سەرکەوتوو بوون کە شێوەی خەباتی مەدەنیان گرتووەتە بەر (وڵاتانی ئوورووپای ڕۆژهەڵاتی، بلۆکی ڕۆژهەڵات (یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو) ئەم دواییانە لە میسر، تونس، دوێنێ و پێرێ لە ئەلجەزایر، سوودان. بەڵام بڕوانە یەمەن، سووریە؟!

## کودتا، هەڵبژاردن، پشتیوانی دەرەکی؟

بە یەکەم ڕوانین، کودتای نیزامی ڕەنگبێ بەڕواڵەت شێوازێکی هاسان و خێرا بێ بۆ ڕووخانی ڕێژیمێکی چەپەڵ و زاڵم. بەڵام بەکردەوە ئاکامەکەی کێشە و گرفتی زۆری لێ دەکەوێتەوە، لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز و دەستەڵات لە نێوان خەڵک و ئێلیتی کۆمەڵگە و هێزە نیزامییەکان هیچ دەستکەوتێکی لێ شین نابێ. وەدەرنانی کەسانی دیکتاتۆر و توێژێکی تایبەت، تەنیا جێگا بۆ کەسانی بەرژەوەندیخواز چۆڵ دەکا و ئەمانە لە درێژەدا بەداخەوە ڕەنگبێ زۆر لە ڕێژیمی پێش خۆیان چەقبەستووتر بن و ڕۆژێک دادێ کە دەبێ جارێکی تر خەڵک بیر لە شۆڕشێکی تر بکاتەوە بە دژی دەستەڵاتدارانی کودتای نیزامی! (تورکیە، عێراق، ئێران و شیلی، هێندوراس و سودان عومەر بەشیر ١٩٨٩ لەم دوایانە میسر بە سەرۆکایەتیی موبارەک و سیسی.)

دەنگدان یا ڕیفراندۆم-یش لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان چارەسەری دێموکراسی نییە و هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوازی دەوڵەتەکان پێک ناهێنێ. (وڵاتانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو یا بلۆکی ڕۆژهەڵات، بێرمە ١٩٩٠ و ١٩٩٣ز ی نیجیریە و ئێران ١٣٨٨هەتاوی و...) دیکتاتۆرەکان هیچ کات وا بەهاسانی بە دەنگدانێک کە ئەو لەسەر تەختی خونکاری بێنێتە خوار ڕازی نابێ.

زۆرجار ئەو کەسانەی لەبەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان شاربەدەر کراون یا کۆچی زۆرەملێیان کردووە و لە نێوخۆ بۆ دەرکەوتن لەژێر دەستی زاڵمان هیچیان بۆ ناکرێ و دەستەوەستان ماویتنەوە وا بیر دەکەنەوە ئیدی خەڵک هیچی پێ ناکرێ، هیوا لەسەر پشتیوانیی دەرەکی هەڵدەچنن. هیندێک پێیان وایە تەنیا هێزێکی بیانی دەتوانێ ئەو خەڵکە ڕزگار بکا. لەو قوناخەدا خەڵک بێهیوا بوون و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئیتر پشووی کۆتاییانە و دەستەڵاتداران زۆر بەهێزن و ئەگە وڵاتێکی لەو بەهێزتر نەیەتە مەیدان ئەوان پێی ناوەستن و دەبێ زلهێزێک ئەو حاکمانە لەنێو بەرن. ئەم سێناریۆیەش بەڕواڵەت شیرینە و خۆشە بەڵام هیچ پشتیوانێکی دەرەکی کە ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکا بوونی نییە و ئەگەر وڵاتێکی وەهاش هەبوو نابێ متمانەی پێبکرێ لەبەر چوار هۆکار:

١. "ئەو وڵاتانەی ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان دەکەن ئامانجیان ڕەوشی ئابووری و سیاسیی وڵاتی خۆیان و بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن، زۆر جار بووە گوشارەکان بوونەتە هۆی پێکهاتن دەگەڵ دیکتاتۆرەکان و ئەمجارە پشتیوانییان لەو حکوومەتە کردووە کە هەتا دوێنێ قەرار بوو بیڕووخێنێ (وڵاتانی عارەبی، ئێراقی سەردەمی سەدام حوسێن و...).

٢. وڵاتانی بێگانە ڕەنگبێ بە جێگای ڕاگرتن و هاوکاریی کۆچبەرانێک کە بۆ ئازادیی وڵاتی خۆیان تێدەکۆشن، خەڵکەلی وەزاڵەهاتووی مەزلووم بکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان.

٣. زۆرێک لە ستراتێژیی وڵاتانی زلهێز تەنیا بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتانە بە مەبەستی ئابووری و بەرینکردنەوەی دەستەڵاتەکانیانە نەک هێنانی دێموکراسی و ئازادی بۆ گەلانی ژێردەستە.

٤. هێزە بیانییەکان تەنیا کاتێک بە شێوەی چالاک دێنە مەیدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەکان کە بەرگری و شۆڕش و ڕابوون لە نێوخۆی وڵات دەستی پێکردووە و بەم شێوەیە دەخوازن خۆیان لەبەر چاوی مافی مرۆڤ شیرن بکەن زوڵمی ئەو وڵاتە بە نیسبەت شارومەندانی پێشان بدەن.

لە هەمووی ئەمانە تێپەڕین ڕەنگبێ دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆر ماوەیەکیش بە هۆی بوونی هێز و پارە و پشتیوانی نێوخۆیی و... خۆڕاگرن بەڵام لە کۆتاییدا هۆکاری نێوخۆیی باشترین ڕێگەچارەیە بۆ نەمانی حاکمانی توتالیتەر. بەڵام ئەمەش نکۆڵی لێ ناکرێ پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز بە شێوازی گەمارۆی ئابووری و نێودەوڵەتی، پچڕانی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان، وەدەرنان لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی، مەحکومکردنی ئۆرگانە جیاوازەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وێنە لەسەر ئازادییەکانی ڕادەبڕین، ئایینی، ئەتنیکی، مافی مرۆڤ، ژنان و ... لە نارەزایەتییەکانی نێوخۆ یارمەتییەکی فرە مەزنە بۆ وەدیهاتنی ئاواتی خەڵک (کۆمەڵگەی مەدەنی).

بۆ بەچۆکداهێنانی دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆر



بە کەمترین تێچوو و مۆدێلی خەباتی مەدەنی (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان) چوار هەنگاوی سەرەکی دەبێ بهاوێژرێ.

١. دەبێ ئیرادە، باوەڕی پشتبەخۆبەستن و شارەزایی بۆ بەرگری لە مافی خەڵکی چەوساوە بەهێز بکرێ.

٢. پێویستە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەربەخۆ و دامەزراوەی تایبەت بە خەباتی مەدەنی دابمەزرێ.

٣. پێویستە هێزێکی تۆکمە لە خەڵکی نێوخۆ پێک بهێنرێ.

٤. دەبێ و پێویستە پلانێکی ستراتێژیکی ئاوەزمەندانە و ژیرانە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بەوپەڕی شارەزایی داڕێژرێ.

لە هەموو بۆچوون و ئەندێشەکانی جین شارپ و هەموو ڕێبوارانی هەر لە کۆنەوە (مهاتما گاندی، نێلسۆن ماندلا، مارتین لۆتێر و هەتا جین شارپ و...) هەتا ئەمڕۆ دەتوانین سێ ئامانجی سەرەکی هەڵێنجین.

١. دەکرێ بگەین بە ئازادی و لە چەنگ دیکتاتۆرەکان ڕزگاریمان بێ.

٢. بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بەرنامەداڕێژیمان هەبێ و ستراتێژییەکی ڕێک و ڕوون دەست نیشان بکەین.

٣. بۆ گەیشتن بە مەبەستی سەرەکیمان دەبێ هەوڵ بدەین، تێبکۆشین و ئاگادار بین، ڕەنگبێ پێویستیمان بە تێچووی زۆریش هەبێ.

ڕۆژئاواییەکان دەڵێن "Freedom is not free" (ئازادی، بەخۆڕایی وەدەست نایێ)(٢). خەڵک دەبێ هەوڵ بدەن و بۆخۆیان فێر بن چۆن دەتوانن بە ئازادی بگەن و ئەمەش بەهاسانی وەدەست نایێ. ئەرەستوو دەڵێ: حکوماتە دیکتاتۆرەکان و زاڵمان کەمترین تەمەنیان لە نێوان هەموو جۆرە سیستمێکی حکوماتی هەیە، بە درێژایی مێژوو دەوڵەتە توتالیتەرەکان هیچ کات تەمەندرێژ نەبوون.

***

**پەراوێز:**

١- شارپ، جین، لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی، ١٩٩٣ وەرگێراوی ئەنجومەنی بێسنوور.

٢- قسەیەکی د. قاسملوو هەیە کە دەڵێ: "گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەم ئازادییەش بدا.

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# قاڵتاخاوا

## ژینگەی ئارامی قاڵتاخانە

نیزامی موقددەسی "کۆ-مار"ی ئیسلامیی ئێران ئەوەندە موقەددەسە، کەم کەس دەخۆی ڕادەبینێ ڕاستەوخۆ بە بەرپرسانی بڵێ پشتی چاوی ئێوەش و ئێمەمانان چەند تاڵە موویەکی لێ ڕواوە.

جا لەبەر هێندێ، لە وڵاتی خوونکار و سەرەڕۆیان، هەموو کەس دەبێتە تەنزنووس و تەنزبێژ و کەس ناوێرێ ڕاستەوخۆ هینێک بە هینێکەوە بنێ و هەرامەیەک لە هەرامەیەک بدا و شتێک لە شتێکی دیکە قایم بکا و ئەوەیەک بە ئەوەیەکی دیکەوە بنووسێنێ و وانێکێک ڕە وانێکێکی دیکە بخا و تەنانەت بە هێندێکان بڵێ پشتی چاوت بڕۆیە. هەرکەسێک وا بڵێ، خەفیە و جاسووس و دووزمان و هەواڵگر و شوێنهەڵگر بۆی لەدوو دەدەن و پاش گێڕانەوەی بەدرۆی لێدوانی هەزاران درۆ و دەلەسە و بوختانی بۆ هەڵدەبەستن.

جا لەم بەینەدا هونەرمەندانیش تووشی هەزار گوڵمەزە و شتی وا دەبن، بەڵام لە ئێمەمانان ژیرترن و هێندێک شتی لە پەنا هێندێک شتان دەردەبڕن.

لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا، هونەرمەندێکی فارس بەناوی "بیووک میرزایی" بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بەردەنگان و پڕکردنەوەی کاتی تەلەفزیۆنەکە بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئێران بانگ کرابوو. دیارە پێشتریش ئەم هونەرمەندە و زۆری دیکە بۆ بەرژەوەندیی نیزامی مووقەددەس ئەملا و ئەولایان پێ کرابوو.

لەسەر یەک دەکرێ بڵێین بەرنامەی ئەمجارەی تەلەفزیۆنەکە هەر لە بنەڕەتڕا تەنز بوو. زۆرجار واهەڵدەکەوێ بەرنامە یان ڕووداوێک بێئەوەی داڕێژەر و ئامادەکارانی بیانهەوێ دەبێتە تەنز. کەناڵی پێنجی تەلەفزیۆنی تارانیش ئەم هونەرمەندەی بۆ بەرنامەیەکی ئەوەندە بێتام و بێ نێوەرۆک و هیچوپووووچ بانگ کردبوو، کابرای میوان تێیدا مابۆوە و بە دوای وڵامی شیاوی وا دا دەگەڕا دەستی داڕێژە و دەرهێنەری بەرنامەکەی پێ با بدا. دیارە من لێرەدا داوای لێبووردن لە دەرهێنەرانی بەرنامەی تەلفیزیۆنی لای خۆشمان دەکەم، چونکە لە جیاتی "producer" و "تهیەکنندە"، گوتم "دەرهێنەر".

جا دەرهێنەر و دەست و پێوەندیی بەرنامەکە وەک کوردی لای خۆمان دەڵێن دەیانەویست "دەست بخەنە سەری" کاکە بیووک و بەجۆرێک پێی ڕاببوێرن. کاکە بیوکیش کە لە زانکۆ زانستی سیاسیی خوێندووە و دواتر چووەتە سەر کاری هونەریی لە سینەما و تەلەفزیۆن، لە بەرنامەکەدا بۆ جلکردنی دەرهێنەر و ئەوانەی سەرووی سەروووی بەرنامە و تەلەفزیۆنەکەش لە ڕواڵەتدا خۆی لە گێلی دا.

ئەم کارەی بیووک بە جۆرێک لەگەڵ ئامانجی دەرهێنەری بەرنامەش دەگونجا، چونە ئەویش دەیویست وا پێشان بدا کە مام بیووک و هونەرمەندانی دیکە ئەوەندە گێلن، ئەو وێنانەی لە شاشەی بەرنامەکە پێشانیان دەدرێ، بۆیان ناناسرێنەوە. بەڵام وادیار بوو بیووکی فێڵباز بەرنامەکە و بەرپرسان و دەمڕاست و کەیخودا و ڕیشچەرمووکانیشی زۆر خاس دەناسی، بۆیە هەرکە چاوی بە وێنەی موحیسنیی ئێژەیی کەوت، بە پێکەنینەوە گوتی ئەم قاڵتاخە؟ ئێژەیی؟ دوای وای گێڕایەوە کە ئەننەهووو هەڵەی زمان بووە و کابرای پێشکێشکاری لێقەوماویش نەک بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئاغای میرزایی بەڵکوو بۆ دەرکێشانی بەڕەی خۆی لە ئاوەکە و قوتاربوونی لەدەست بەشی حەراسەتی تەلەفزیۆن، خێرا گوتی ئاغای موحسینی ئێژەیی، سەرۆکی موحتەڕەمی دەسەڵاتی دادوەری!


دیارە ئاغای ئێژەیی میراتگری خەڵخاڵی و لاجوەردی و ڕەیسی و ئەو برادەرە بەڕێزەیە کە ئێستا لە سوئید بە تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی ئێران دادگایی دەکرێ و بە گوێرەی بۆچوونی میرزایی ئەوانیش هەموو قاڵتاخ بوون.

دەرکەوت کاک بیووک مانای فرەڕەندی قاڵتاخیش دەزانێ و دەشیزانێ یەکێک لە ماناکانی ئەم وشەیە قاڵتاخی زینی ئەسپە و دەکرێ ئاغای ئێژەیی وەک قاڵتاخی سەر پشتی ئەسپ لەسەر پشتی پۆستەکەی داندرابێ و لە خۆیەوە هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت. بەڵام قاڵتاخ چەند مانای دیکەی وەک حوققەباز، دستبڕ، گورگەبۆر و گوێچکەبڕ و هیچوپوچیشی لێوە وەردەگیرێ. دوای ئەوەی بێژەری بەرنامە ویستی لای خۆی شتەکە بۆ هونەرمەند ڕاست بکاتەوە و گوتی، "آقای اژەای، رییس محترم قوەی قضائیە"، بەڵام دوای ئەوەی وێنەی عەلی لاریجانی هاتە سەرشاشە، دیسان میرزایی گوتی: "لاریجانیها؟" بۆیە گوتی لاریجانییەکان هیچ بەدووری مەزانە مەبەستی ئەمە بووبێ لاریجانییەکان بەشێک لە خێزانە دز و دەستبڕ و قاڵتاخەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامین. دیسان پێشکەشکار گوتی ئەمە لاریجانییەکان نییە و ئاغای عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی مەجلیسە. کاتێکیش بەرنامەکە بۆ شوێنەوکەی تەنزەکەی میرزایی دەستەودامنێ وێنەی خانمی فدریکا موگرینی بەرپرسی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا بوو، دیسانیش کابرای هونەرمەند بە باڵای پێشکەشکاریدا ڕوانی و گوتی ئەوەی هاتبووە ئێرە؟

کابرای پێشەکشکاریش هیچی پێ نەما و گوتی، ئادی... لە مەجلیس وێنەی سێلفیشیان لەگەدا گرت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێژەیی و لاریجانییەکان و ئەوانەی لە دەستەڵاتی بەناو دادوەریی ئێران دەستێکیان هەبووە و ئەو نوێنەرانەی ویستوویانە وێنەی سێلفی گەڵ موگرینی بگرن و ئەوانەی دواترێ سەرکۆنەیان کردوون، هەموویان هاوکووفی ئێژەیی بن، لە نێو نیزامی "مووقەددەسی "کۆ-مار"ی ئیسلامیدا کەسێک بدۆزنەوە قاڵتاخ نەبێ.

# تاوانی سیاسی له ناڕوونیی یاسادا



سەلاح خزرپوور

یەکێک لە ئاواتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەستەبەری مافە بنەڕەتی و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە. خەبات بۆ ئەو ئامانجەش ڕێگایەکی سەخت و دژواری بڕیوە و بە شێوەی ڕێژەیی لە هێندێک وڵات گەیوەتە ئاکام و لە زۆر وڵاتی داخراوی سیاسییشدا سەرەڕای تێچووی زۆریان بۆ چالاکانی مەدەنی و سیاسی ئەم هەوڵانە بەردەوامن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەیە کە لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی خۆیدا بە هەموو توانای سەرکوتگەرانەی خۆیەوە لەدژی جیابیرانی جوڵاوەتەوە. گرتن، ئەشکەنجە، سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە تۆمەتەکانی دژایەتی لەگەڵ خودا و فەساد لەسەر عەرز بەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەدرێژایی تەمەنی ڕێژیم درێژەی بووە. ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی کە لە کوردستان بە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی دەستی پێ کرد و بە کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٣٦٧ - کەبەپێی ئامارەکان زیاتر لە چوار هەزار بەندکراوی سیاسی لەو ساڵەدا ئێعدام کران- گەیشتە لوتکەی خۆی، سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە.

چەمکی تاوانی سیاسی لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و ئازاددا بابەتێکی جێگرتوویە و ئەوە بە مافی هەر هاووڵاتییەک دەزاندرێ چالاکیی سیاسیی هەبێ و ڕەخنە لە ئەکت و ڕەفتاری سیاسیی دەسەڵات بگرێ. بەڵام لە وڵاتە داخراوەکاندا کە ئازادیی سیاسی و ڕادەربڕین بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی دەسەڵات لێک دەدرێتەوە، ڕەفتاری سیاسی دەبێتە تاوان و سزای لەسەرە.

تاوانی سیاسی لە گشتییەتی خۆیدا بریتییە لە کردن یان نەکردنی هەر کارێک کە ئاڵوگۆڕ لە ڕەفتاری سیاسیی دەسەڵاتی مەبەست بێ و حکوومەت سزای بۆ لەبەرچاو گرتبێ. بەو پێیە تاوانبار (چالاک)ی سیاسی ئەو کەسانەن کە لەپێناو خەم و پرسێکی گشتیی کۆمەڵدا هەڵدەسووڕێن و لەدژی دەسەڵات هەڵوێستیان هەیە و لەو سۆنگەیەوە دەگیرێن. کەواتە زیندانیی سیاسی باجی بیرکردنەوە و ئەکتە سیاسییەکەی دەدا و لەپێناو دادپەروەری و ئازادیی خەڵک و کۆمەڵگەیە دەگیرێ و تاوانەکەی دەدا، نەک بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی.

تاوانی سیاسی لە سەردەمی مەشرووتەوە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە گیانی هەزاران هەزار بەندیی سیاسی گیراوە و بە دەیان هەزار کەس باشترین کاتەکانی تەمەنیان لە پشت میلەکانی زینداندا بەڕێ کردووە، کەچی تاوانی سیاسی هەتا ئێستاش پێناسەی ڕوونی بۆ نەکرا. تا ئەو ڕادەیە کە کۆماری ئیسلامی ئیدیعا بکە تاقە یەک زیندانیی سیاسی لەو وڵاتەکەیدا نییە و ئەوانەی بەو ناوە ناویان دێ، کەسانێکن کە لەدژی خودا و ئەمنییەتی وڵات جووڵاونەتەوە. هەروەها بۆ سەرکوت و قەڵتوبڕی دژبەرانی سیاسیش هەموو ڕەفتاری نایاسایی خۆیان بەیاسایی کردووە و لە بەرژەوەندیی دەسەڵات ڕێوشوێنیان بۆ داڕشتوون و بە کەمتری تێچوو سەرئێشەی گەورەی ڕەخنە و دژایەتیی سەر خۆیان سووک دەکەن. دەزگا ئەمنییەتییەکان ئەم کارەیان بۆخۆیان تابڵێی ئاسان کردووە. بەندیی سیاسی هەتا شەرای مەرگ ئەشکەنجە دەکەن. ئەگەر لەژێر ئەشکەنجەدا مرد کە مرد، ئەگەریش گیانی دەرباز کرد، بە ناچارکردنی بە داننانی زۆرەملێ بە تاوانی نەکردوو، تاوانی دژایەتیی خودا و ڕەسووڵی خودا و فەساد لەسەر عەرزیی دەدەنە پاڵ و خوێن و ژیانی حەڵاڵ دەکەن. کۆماری ئیسلامی چل ساڵە ئەمنییەتی پۆلیسیی خۆی بە نرخی ئەو سەرکوت و کوشتوبڕەی زیندانیانی سیاسی و لەبەندا ڕاگرتنی چالاکان و هەڵسووڕاوان پاراستووە.

ڕەوتی بەردرێژی پێناسەی تاوانی سیاسی لە ئێران دواجار ئەوەی لێ کەوتەوە کە پاش مشتومڕی دەیان ساڵەی نێوان مەجلیس، شوڕای نیگابان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام یاسایەک لە مجلیس بەو ناوە پەسند بکرێ کە نەک لە هیچ بڕگەیەکیدا مافی بەندیی سیاسی لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکوو خاڵ بە خاڵی لە بەرژەوەندیی نیزامی سیاسیی وڵات و بەدڵی دەزگای داد و ناوەندە ئەمنیەتییەکان داڕێژراوە. جارێ پێش ئەوە هەر لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا و لە ئەسڵی ١٦٨ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە دادگاییکردنی تاوانبارانی سیاسی دەبێ لە دادگایەکی ئاشکرا و بە بەشداریی هەیئەتی مونسیفە و لە دادگای گشتی و دادگوستەرییەکاندا بەڕێوە بچێ. ئێستا ئەگەر کارنامەی جەلاییپوور و خەڵخاڵییەکان و پەروەندەی کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە دەیەکانی ٧٠-٦٠ ش لەولا دابنێین، دەبینین ئەوەی بۆی نەگەڕاونەتەوە ئەو ئەسڵەی قانوونی بنەڕەتیی وڵات بووە. چونکی ئێستاش چالاکانی سیاسی لە دادگای داخراو، زۆربەیان بەبێ پارێزەر و لە دادگاییکردنێکی چەند خولەکیدا تاوانی نەکردوویان دەدرێتە پاڵ و دەزگای قەزایی و دادوەرەکان لەڕاستیدا باسکی ئیجرایی و یاسایی ناوەندە ئەمنیەتییەکانن. بەو مانایە بازجووەکان لە پەروەندەسازی بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی چییان گوتبێ و چییان ویستبێ، دادگا لەسەر ئەو دەڕوا. ئەم بابەتە لە کوردستان و بۆ چالاکانی سیاسیی کورد چەند قات لە بەشەکانی دیکەی ئێران زیاتر وەڕاست دەگەڕێ.

لە بڕگەیەکی یاسای نوێی تاوانی سیاسیدا ڕەفتاری سیاسی تەنیا لە ڕەخنەگرتن لە دامودەزگا حکوومەتییەکان و بەڕێوەبەریی ناوەندەکانی سیاسیی وڵاتدا کورت کراوەتەوە، ئەویش بەو مەرجە کە ئەمانە نیازپاکیی لەپشت بووبێ و بە مەبەستی چاکەکاری هاتبن، نەک هەوڵ بۆ بردنەژێر پرسیاری دەسەڵات و هەوڵدان بۆ گۆڕینی! ڕەخنەگرتن لە ڕێبەری و دامودەزگای سەرکوتیش کە بقەیە و باسی سەرە!

لایەنێکی دیکەی ئەم یاسایە ناڕوونیی پێناسەکە و ئەو سەڵاحییەتەیە کە بە دادگا و قازی دراوە کە بە لێکدانەوەی خۆی دەستنیشانی بکەن چ ڕەفتار و کردەیەک دەتوانێ تاوانی سیاسی بێ و کام دەچێتە چوارچێوەی ئەمنییەت لەدژی نیزام! سروشتییە کە لە ئێراندا دەزگای قەزایی نەک سەربەخۆ نییە، بەڵکوو وەک گوترا باڵی جێبەجێکاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانە و ڕوونە کە هەموو هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵات دەشکێنەوە.

# کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە مەدەنییەکان



هیوا بابایی

ڕۆژە سەختەکان مرۆڤی بەهێز دروست دەکەن و سەنگی کۆمەڵگەکان دەبێ لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا لێک بدرێتەوە. ئێمەی کورد خاوەنی مێژوویەکین پڕ لە ململانێ و ئازایەتی و داکۆکی لەسەر مافە ڕەواکانمان، خاوەنی هێزێکی خۆبەخش و لەخوبوردوو بە ناوی پێشمەرگەین، پێشمەرگەیەک کە لە شاخ و شاردا بە دەستێکی چەکی هەڵگرتووە و بە دەستێکی قەڵەم و لە هەموو گرینگتر گەورەترین سامانی ژیانی کە گیانی بێ، دەیبەخشێ بۆ وەی نەوەکانی داهاتووی نەتەوەکەی ژیانی سەربەست و ئازادیان هەبێ.

لە کەشی ئاشتی و ئارامی و فەرعانێدا دەستەبەری سەرکەوتنەکان و وەدیهاتن و مسۆگەرکردنی ئاوات و ئامانجەکان ڕەنگە ئاسان بن، بەڵام تامی سەرکەوتنێک لە بنی ددانداندا دەمێنێتەوە کە لە کاتی دژواری و سەختیدا وەچنگ بکەوێ. ئەم نووسینە باس لە کەسانێک دەکا کە ئەرکی قورسیان لە کۆمەڵگەدا وەئەستۆ گرتووە و بۆ پاراستنی بایەخەکانی کۆمەڵگە تێچوو دەدەن، کەسانێک کە "چالاکانی مەدەنی"یان پێ دەڵێن. هاونیشتمانیی ئاگا و زانا هەوێنی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە وکۆمەڵگەی پێشکەوتوو کاتێک درووست دەبێ کە هەرکەس لەجێگەی خۆی ئەرکەکەی بەجێ بێنێ و بەنیسبەت دیاردەکانی کۆمەڵگەوە بێهەڵوێست نەبێ.



ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە هەموومان لەبەرامبەر کۆمەڵگەکەماندا بەرپرسین، ڕەنگە ساناترین واتا ئەوە بێ کە هەر شارۆمەندێکی ئاگا و بەهەڵوێست دەتوانێ چالاکێکی مەدەنی بێ. لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەموو کار و ئەرکێکی فەرهەنگی و ویستخوازی و داکۆکی لەسەر ماف بە ئەرکی تاقمێکی تایبەت دەزانن و هەر ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ چەقبەستوویی ئەم کۆمەڵگەیانە. کاتێک کێشە و ناکۆکییەک ڕوو دەدا هەموو چاوەڕوانی ئەوەن کە کەسێکی تایبەت هەستێ و کێشەکە چارەسەر بکا، بەڵام کەس ناڵێ کە هەڵوێستگرتنی منیش دەتوانێ شوێن لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کێشەکان دابنێ. ئەو بیرۆکە لە کۆمەڵگەیەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە دەیان و سەدان ساڵ تووشی جیاوازیی چینایەتی و کەلێنی کۆمەڵایەتی بووە و توێژی سەردەست توانای پرسیار و جووڵەی لە توێژی ژێردەست زەوت کردووە.

ئەم دۆخە گشتییە لە مێژوودا کۆمەڵگەی ئێمەش دەگرێتەوە. بەڵام پاش گۆڕانکارییە قووڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و پاش دامەزرانی حیزبە سیاسییە پێشڕەوەکانی وەک "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" و "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و کار و کردەوەکانی "کۆماری کوردستان"؛ کۆمەڵگەی کوردی ڕێچکەی خۆی کردەوە. ئێمە هەر لەو سەردەمدا بەشداریی ژنان و لاوان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا دەبینین و کارە فەرهەنگی و ڕووناکبیرییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەرکی ڕاستییەکانی بە ڕووی خەڵکدا کردەوە و شەپۆلەکانی تێگەیشتنی گشتیی خێراتر کرد. ئەمە دەسپێکی شکاندنی ئەم تابۆیە بوو کە تەنیا هەر چینێکی تایبەت نابێ و ناتوانن کۆمەڵگە ئاراستە بکەن و کۆمەڵ ئی هەمووانە و بە هەمووان دەکرێ بەرەوپێش ببرێ.

بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی کۆمەڵگەی ئێران بە دیان ساڵ پاش کەوت. یەکەم هەنگاو بۆ کوێرکردنەوەی بیروهزری کۆمەڵگە داخستنی زانکۆکان و دەرکردنی مامۆستا و خوێندکارانێک بوو کە بیروڕایان لەگەڵ ڕێژیمی تازەدا جیاواز بوو. داخستنی زانکۆکان گەورەترین زەربەی لە ڕوحی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕووناکبیری دا و ئەم بوارەی بۆ ڕێژیمی تازە خوڵقاند تا بە زەبری سەرکوت ئیدئۆلۆژیی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. بەڵام ئەوەی ئەوان نەیاندەزانی ئەمە بوو کە کۆمەڵگە ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە. بۆیە هەر زۆر زوو ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیمی ئیسلامی دەرکەوت و خەڵک بۆیان دەرکەوت کە ئەو پەڵەهەورە چڵکنەدا بارانی ڕەحمەتی پێوە نییە و دەبێ لە ئاسمان ڕامالدرێ. ئیدی بزووتن و جموجۆڵ و ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵ دەستیان پێ کردەوە و، ئەکتی چالاکانی مەدەنی گرینگیی خۆی پەیدا کردەوە.

"NGO" و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کارکردیان لەسەر کۆمەڵگە هەمووکات چەکێکی بەهێزی خەڵک بووە تا کەمایەسییەکانی کۆمەڵگەی پێ قەرەبوو بکاتەوە و بۆشایی خۆدزینەوەی دەسەلات لە بەرپرسایەتییەکان پڕ بکاتەوە و بە هاوکاریی خەڵک لەپێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا هەنگاو باوێن. نموونەی دیاری ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکخراوەکانی "ژینگەپارێزی" و فێرگەکانی "زمانی کوردی" و ئەنجوومەنە ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیا دەبن. بەڵام ئەم جموجۆڵانە بەبێ تێچووش نییە. ناوەندە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم کە چاویان بەرایی دیتنی ئەو چالاکییانەیان نییە، هەمیشە بۆ ئەوان لە بۆسەدا بوون تا بە دانی تۆمەتی بێبنەمای ئەمنیەتی لەپاڵ ئەو چالاکانە، بەر بە جووڵەکانیان بگرن؛ بۆیە کەم نین ئەو چالاکانەی لە پێناو ئەو بەها و بایەخانەی کۆمەڵدا دەگیرێن، ئەشکەنجە دەکرێن، سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێ و تەنانەت گیانیشیان دادەنێن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە چالاکی مەدەنی ئەو کەسە ئاگا و خەباتکارەیە کە بە بوێرییەوە ژیانی خۆی بۆ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە تەرخان دەکا و پارێزەری بەها و بایەخەکانی کۆمەڵگەیە و بەگژ سیاسەتی سەرکوت و داگیرکاریی دەسەڵاتدا دەچێتەوە.

هەڵبەت مەرج نییە کە چالاکی مەدەنی حەتمەن پەیوەستی ڕێکخراو بێ تاکوو خاوەنی ئەو ئەکتە کۆمەڵایەتییە بێ، بەڵکوو هەرکەس لەجێی خۆیدا و بەپێی توانا و هەڵوێستەکانی دەتوانێ چالاکێکی مەدەنی بێ. کەوابوو ئێمە دەبێ فێر بین کە هەرکاممان لەجێی خۆماندا سەنگ و قورساییمان هەیە و دەتوانین کەسێک بین کە بەکردەوە ڕۆڵمان هەبێ لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگەکەماندا و دەوری خۆمان بەباشی بگێڕین.

یەک لەو خاڵانەی کە ڕێکخراو و کەسە مەدەنییەکان دەبێ بەدوادا چوونی بۆ بکەن، هۆکاری ڕوودانی کێشەکان و ڕێی چارەسەرکردنیانە. پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە دەرەنجامی بێئاگایی خەڵک لە مافەکانیان و سیاسەتی هەڵاواردن و دژبەرانەی دەسەڵات و دەوڵەتانە، دەوڵەت وەکوو پێکهاتەیەکی خزمەتگوزار ئەرکەکەی ئیدارەدان و پێشخستنی کۆمەڵگەیە لە هەموو بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگی، دەرمانی، زانستی و... . بەڵام کاتێک دەوڵەت نانی هاری گرتە دەمەوە و خۆی لەم ئەرکانە بوارد، کارکرد و ڕۆڵی چالاکانی مەدەنی دیارتر دەبێ. چالاکانی مەدەنی ئەرکەکانی خۆیان دەناسن و بە هەڵوێست و تێکۆشان و بەرنامەکانیان هەوڵی وشیارکردنی کۆمەڵگە، پڕکردنەوەی کەلێنەکان و نەهێشتنی نوقسانییەکان دەدەن. ئەو نموونەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو کۆمەڵگەی مەدەنی لە حاڵی شکڵگرتن دایە هەنگاوێکی سەرکەوتووانەیە و بە لایەنێکی دیار و جیدی لە خەباتی نەتەوەیی دادەنرێ و ئەگەر گشتگیرتر بێ و یەکڕیزی کۆمەڵگەی لەگەڵ بێ، دەسکەوتەکانیش زیاتر دەردەکەون.

بۆیە باس لە یەکڕیزی دەکەین، چونکی گەورەترین زەربە کە لە شۆڕش و بزووتنەوەکانی گەلی کورد کەوتووە، نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی خەڵک لە کۆمەڵگەدا بووە.

یەک لەو پیلانەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ پێشگرتن لە خەباتی مەدەنی گواستنەوەی کێشەکانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و دروستکردنی کێشەی نوێیە. بۆ نموونە با کاردانەوەکان بەرانبەر بە گرانبوونی بەنزین لە دوو وڵاتی فەڕانسە و ئێران و ئاکامەکەیان بەراوەردێک بکەین. کاتێک لە ساڵی ١٣٩٧ دەنگۆی گرانبوونی بەنزین لە وڵاتی فەڕانسە هاتە گۆڕێ، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و خەڵکی ئەو وڵاتە بەگشتی گوشاریان خستە سەر دەوڵەت کرد و تۆمارێکیان واژۆ کرد کە ئەم کارە ئاکامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە و باش وایە دەوڵەت خۆ لەم ئەزموونە نەدا. بەڵام دەوڵەت بەنزینی گران کرد و بۆ ماوەی چەند مانگ خەڵک وڵاتی فەڕانسەیان بە حاڵەتی نیوەداخراو دەرهێنا و نەتەنیا پارەی بەنزینیان گەڕاندەوە سەر جێی خۆی؛ بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا چەندها پرسی دیکەشیان وەکوو زۆرکردنی حەقدەستەکان و کەمکردنەوەیماڵیاتی کەسانی خانەنشین و کەمداهاتیشیان لەگەڵ هێنایە گۆڕێ. بەڵام لەکاتی گرانبوونی بەنزین لە وڵاتی ئێران لە ساڵی ١٣٩٨دا خەڵک بەبێ پشتیوانی و بوونی ڕێکخراوێک و بە شێوەی گشتی ڕژانە سەر شەقامەکان و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ درێژەیان بە خۆپیشاندانەکان دا. بەڵام دەوڵەت بە هێنانەگۆڕی بەنزینی سەهمیە و کارتی سووتەمەنی و دانی وادەی ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە گرانبوونی بەنزین دەست دەکەوێ، دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک؛ کەڵکەڵەی خەڵکی لەسەر کێشە سەرکییەکە گواستەوە بۆ سەر ئەوەی کە ئەگەر زوو فریای وەرگرتنی کارتی سووتەمەنی نەکەون ئەو بڕە بەنزینەیش کە بە یارانە دەدرێ لە دەستیان دەڕوا. هەر ئەو شتە بوو بەهۆی ئەوەی ئەوانەی تا ڕۆژی پێشتر لە ڕیزی خۆپیشاندانداندا بوون بڕۆنە سەفی وەرگرتنی کارتی سووتەمەنییەوە. ئەو پێگیرنەبوونە لەسەر بەدەسهێنانی مافە زەوتکراوەکان بەهۆی نەبوونی باوەڕبەخۆبوون لەنێو خەڵک دایە و نەبوونی ڕەوتێکی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەدا و هۆکارێکی دیکەشی بوونی ڕێژیمێکی دڕندە و بەدوور لە هەر چەشنە بنەمایەکی مرۆڤانە لە ئێران دایە. خەڵک وەکوو تاکەکانی چالاکی مەدەنی دەبێ ئەو شتە فێربن کە پێداگری لەسەر ماف تەنیا ڕێگەی سەرکەوتنە و نابێ تاکوو کێشەیەکیان چارەسەر نەبووە دەست لە داخوازییەکانیان هەڵبگرن. یەکەم لەبەر ئەوەی ئەگەر لەسەر پرسێک پێداگر بووین و بەدەستمان هێنا هەم خەڵک زۆرتر باوەڕ بەخۆ دێنن و هەم ڕێژیمیش دەزانێ کە خەڵک ئاگابوونەتەوە و فریوی وادە و قەواڵەی بەتاڵ ناخۆن. دووهەمیش ئەو یەکڕیزییەی مەبەستمانە بەدی دێ و خەڵک لە مانای یەکگرتن و ئەو دەسەڵاتەی یەکڕیزی بە خەڵکی دەبەخشێ بەباشی تێدەگا. گەورەترین کارەسات ئەوەیە کە ئێمە ئارێشەیەک بە هاتنی کێشەیەکی نوێ لەبیر خۆمان ببەینەوە و بەجێی ئەوەی کە چاومان لە ئەسڵی بابەتەکە بێ خۆمان سەرقاڵی شتە لاوەکییەکان بکەین. بابەتێکی گرینگی دیکەی پێوەندیدار بەو باسە ڕۆڵی میدیایە. لە ئێران لەحاڵێکدا دەسەڵات دەستی بەسەر هەموو جومگەکان و یەک لەوانە میدیا داگرتووە، کاری چالاکانی مەدنی ئەستەمترە، چونکی نەک ناتوانێ لە مێدیای گشتی کەلک وەرگرێ، بەڵکوو دەسەڵات هەر ئەو مێدیایەی بەدژی بەکار دێنێ. لێرەدایە کە بوونی میدیای سەربەخۆ یان هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆن و مێدیاکەیان دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ.

لەبیرمان بێ کە کاری چالاکانی مەدەنی تەنیا ئەوە نییە کە تەنیا لەکاتی کێشەکاندا دەربکەون و ناڕەزایەتییەک دەرببڕن، بەڵکوو چالاکیی مەدەنی ڕەوتێکە و بەردەوام دەبێ لەگەڕدابێ.

کوردستان
• ژمارە: ٨٠٩
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٠ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١

# مەحموود نەیکەی، مەحموود نەیڵێی مەحموود دەمری!



ڕەزا دانشجوو

مینە، دەروێش بوو، بەڵام دەروێشێکی تەواو جیاواز لە هاوڕێکانی، خۆشەویستی جەنابی شێخ بوو و نووری چاوی. لە دانیشتنەکانی جەنابی شێخ لەگەڵ موریدەکانیدا، مینە هەمیشە لە سەرەوەی مەجلیس و لە پەنای شێخ دادەنیشت، یان کاتێک شێخ دەچوو بۆ دیتنی موریدەکانی، مینە هەمیشە لە دەستی ڕاستی جەنابی شێخ دەڕۆیشت و زۆر جار شێخ حاجەتی موریدەکانی حەواڵەی مینە دەکرد و دەیگوت بە مینەی بڵێن. لە بەزمی دەروێشەکاندا مینە دەوری تایبەتیی هەبوو، بۆ هێندێک کاری تایبەت تەنیا مینە ڕێگەپێدراو بوو، بۆ وێنە دەروێشەکانی دیکە تەنیا ئیزنی لامپخواردنیان هەبوو، بە لام مینە هەم تیغی دەخوارد و هەم ئیزنی شمشێر لەخۆدانی هەبوو. زۆرێک لە دەروێشەکان ئاواتەخواز بوون لەلای جەنابی شێخ پێگەی مینەیان هەبێ. هەموو لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دوای شێخ، مینە دەبێتە جێگرەوەی. کەس نەیدەزانی مینە چۆن بەو پێگەیە گەیشتووە، لای جەنابی شێخ دەروێشی زۆر قەدیمیتر هەبوون. هەڵبەت با ئەوەش بڵێین مینەش تەواو بەپێی ئامۆژگارییەکانی شێخ کاری دەکرد و لە قسەکانی ئەو بە موو لای نەدەدا. مینە هەرچەند زۆر گوێ لە زاری جەنابی شێخ بوو. بەڵام عادەتێکی خراپی هەبوو و جاروبار لە خۆی دەردەچوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی دووربوونەوەی لە شێخ. تا ئەو جێگایەی کە لە نیزیکی شێخ دوور خرایەوە و تەنانەت شەرەفی دەروێشبوونیشی لێ وەرگیرایەوە. ئێستاش کەس نەیزانی بۆچی مینە وا بەیەکجاری لە بەرچاوی شێخ کەوت. هەر کەس شتێکی دەگوت. هێندێک کەس دەیانگوت مینە دزیی لە شێخ کردووە، خەڵکانێک دەیانگوت بە چاوی خۆیان مینەیان دیوە خەریکی کاری خراپ بووە و بەشێک دەیانگێڕایەوە کە مینە دوور لە چاوی شێخ و بێ ئیزنی ئەو نووشتووی بۆ خەڵک نووسیوە و ئەوەش بە گوێی جەنابی شێخ گەیشتۆتەوە. هەرچی بوو مینە بوو بە مەغزووبی جەنابی شێخ و دەرکرا. هەڵبەت مینە بۆ خۆی لە سەر ئە باوەڕە بوو کە ئەوانە هەموو درۆن و دستکردی خودی جەنابی شێخن، لەبەر ئەوەی دەزانێ خەڵک مینەیان زۆر خۆش دەوێ و دەترسێ پێگەی خۆی لەنێو دەروێش و موریدەکان لەدەست بدا. مینە دەیگوت ئەوەی خەساری بینیوە شێخ بووە نەک ئەو و درەنگ یان زوو شێخ پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردنی لێ دەکا... .

سالان تێپەڕ بوون و هیچ ڕووی نەدا، بەڵام مینە زۆر پێداگرتر لە ڕابردوو لەسەر ئەو باوەڕە مایەوە کە لە کۆتاییدا شێخ هیچ چارەیەکی نامێنێ، بێجگە لەوەی داوای لێبووردنی لێ بکا و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر لە کردەوەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە... ڕۆژێک تەواو بەهەڵکەوت مینە لە بەزمی دەروێشەکانی شێخ بەشدار بوو، زۆر بە نابەدڵی خۆی ڕاگرت تا مەجلیس بەجێ نەهێڵێ، جاروبار بە دزی چاوێکی لە شێخ دەکرد بزانێ لەوی دەڕوانێ یان نا...

بەزمەکە وردە وردە گەرم بوو و دەروێش کەوتنە دەفلێدان و جەزم بوون، مینەش کەم کەم گەرم داهات، هەرچی خۆی ڕاگرت نەیتوانی، توانای دانیشتنی نەبوو، جاروبار سەرێکی ڕادەوەشاند. ئەوانەی هەر پێ دەروێش نەبوون و پێی تاقمێک منداڵی تازە پێگەییشتوو بوون. زۆر بەخێرایی خۆی گەیاندە ناوەندی کۆڕەکە و دەستی کرد بە زیکر و جەزم بوون، باش کە گەرم بوو دەستی برد بۆ گلۆپی ژورەکە و لێی کردەوە تا بە یادی دەورانی کۆن بیخاتە نێو زاری و بیخوا. یەک لەوانەی کە لە دەرەوەی کۆڕەکە خەریکی دەفلێدان و زیکرکردن بوو، هاوڕێی کۆنی مینە بوو. ئەو دەیزانی کە مینە دەروێشی شێخ نەماوە و دیارە ناشتوانێ ئەو کارە بکا، تێ مابوو چ بکا، نە دەیتوانی دەف بەجێ بێڵێ و زیکر نەکا بۆ ئەوەی بچێ مینەی ئاگادار بکاتەوە، چونکە دەبوو بە هۆی پچڕانی بەزمەکە و تووڕەیی شێخ و جەماعەت. لە لایەکی دیکەش نەیدەتوانی بێخەیاڵی هاوڕێی دێرینی بێ. خۆی نە دۆڕاند و زۆر ژیرانە وێڕای درێژەدان بە دەفلێدان هەر لەسەر ڕیتمی خۆی هەوڵی دا مینە لە ئاکامی کارەکەی ئاگادار کاتەوە. بۆیە دەستی کرد بە گوتنی ئەم بەندە کە: "مینە نەیکەی، مینە نەی خۆی، مینە دەمری".

کاتێک مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە هەڵبژاردنەکانی! سەرۆککۆماریی ساڵی ١٣٨٤ وەک براوەی ئاکامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، زۆرینەی پسپۆڕ و شارەزایانی سیاسیی سەرسام کرد کە چۆن ڕێبەری ڕێژیمی ئێران حازرە هاشمیی ڕەفسەنجانیی هاوڕێی پەنجا ساڵەی خۆی کە هەر بە ڕیوایەتی تەواو ناڕاستی ئەو بوو بە ڕێبەر، وا بەئاسانی هەڕاج و چرووک بکا و جێگەی ئەو بدا بە کەسێک کە هیچ پێگەیەکی لە سیاسەتی ڕێژیمدا نییە، تەنانەت بەشێکی زۆر لە خەڵک هەر ناشیناسن. بەڵام زۆر زوو ئاشکرا بوو کە مەحموود هەر بە قولاپی خودی ڕێبەری ڕێژیم و هەر بۆ ئەم مەبەستەش گیراوە.

لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی دواتر خامنەیی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە بەڕاستی ڕاوەکەی زۆر باش و بێ عەیب بووە. ئاغا تاریفی مەحموودی دەکرد و مەحموود باسی گەورەیی ئاغای دەکرد.

مەحموود هەمیشە لای ئاغا بوو، گوێ لەمست و بێدەنگ بوو. لە ڕاستیدا مەحموود زۆرتر ئیشی ئاغای دەکرد و بێ ڕێنماییەکانی وی نەدەچووە پێش. قسەی مەحموود قسەی ئاغا بوو. ئەو پێوەندییە زۆر بەباشی دەچووە پێش تا ئەوکاتەی مەحموود هەستی کرد بە ڕادەی پێویست گەورە بووە و دەتوانێ داوای شتی گەورەتر بکا. ئەوە سەرەتای بەدبەختییەکانی مەحموود بوو. زۆر زوو مەحموود لە بەرچاوی ئاغای کەوت و بۆوە بە مەحموودی جاران. هەرچەندە مەحموود ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تەنیا ئەڵتەرناتیڤ بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامییە و درەنگ یان زوو ئاغا پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردنی لێ دەکا. تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی! ئەم ساڵی سەرۆککۆمارییش دوای ئەوەی لەلایەن شۆرای نیگابانەوە ناوی لەنێو پاڵێوراوانی کۆتایی ڕانەگەیاندرا، مەحموود تا ڕۆژی هەڵبژاردن هیوادار بوو ئاغا کارێکی بۆ بکا، بەڵام دیسان هیچ ڕووی نەدا.

پەلەقاژەکانی جاروبارەی ئەم ساڵانەی مەحموود، دوای ئەوەی لە جومگەی یارانی ئاغا دوور خرایەوە، بۆ مانەوە لەنێو دەسەڵاتدا هەر درێژەی هەبوو. لە کاتێکدا لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵە نیشانی‌دا مەحموود بۆ کۆماری ئیسلامی مۆرەیەکی تەواو سووتاوە و لە لایەکی‌تر باسکردن و کەڵکوەرگرتنی لە تاقمێک وشەی تەواو ناڕێک لەگەڵ ئەدەبیاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بەرابەری و یەکسانی، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و... بۆ وەدەستهێنانی دڵی خەڵک، لە کاتێکدا کە خەڵک چیتر گوێبیسی قسەی کەسێک لەنێو دەستەڵاتدا نین، ئاکامێکی زۆرباشی بۆ مەحموود لێ نەکەوتەوە.

هەرچەندە مەحموود بەپێی عادەت هەمیشە جۆرێک قسە دەکا کە هیچ کەس تێناگا باسی چی دەکا، بەڵام هێندێک جار لە خۆی دەردەچێ و باسی بقەکان دەکا کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەنگە خۆی تووشی مەترسی بکا. لەم ڕۆژانەشدا هەواڵ گەیشت کە مەحموود مێز و کورسییەکی لەبەر دەرکیماڵەکەی داناوە و خەریکی وەرگرتنی سکاڵای خەڵک و لەقسان بەدواداچوون بۆ کێشەکانیانە. جا هێشتا ڕوون نییە کە ئەمە دووکان و بازارە دایناوە، یان دیسان دەیەوێ بۆ جەزم بوون وردە وردە خۆی گەرم کا و بێتەوە نێو کۆڕی کۆنەیارانەوە.

بە دڵنیاییەوە بۆ کەسێک کە هاوڕێی پەنجا ساڵەی خۆی وا سادە و ساکار لە کاتی مەلەکردندا بێدەنگ کرد، بێدەنگکردنی مەحموود زۆر دژوار نییە. بەڵام تۆ بڵێی کەس هەبێ مەحموود ئاگادار کاتەوە و پێی بڵێ "مەحموود نەیکەی، مەحموود نەیڵێی، مەحموود دەمری"... .

***

# دیمەنی شینگێڕیی «بەهار» بۆ «سولەیمان»ی برای



و: ڕەسووڵ سوڵتانی

**براییم یونسی لە ڕۆمانی (هەتا سبەینێ ماڵاوا)دا بە کامێرای وشە، فیلمێکی لەو ساتەوەختە هەڵگرتووە، کە خوشکی شەهید سولەیمان موعینی دەگاتە سەر تەرمی پیرۆزی کاکە سولەیمانی*...**

غەڵەبایەک کەوتووەتە نێو خەڵکەکە. هێندێ بە دەنگی بەرز دەگرین. هەوێنی سەرەکیی ئەو مۆسیقایە، ناڵە و لوورەیەکە، کە جاروبار لە نێو دەقەکە دەگەڕێ و هەستی خەڵکەکە بەرەو بابەتی دەقەکە ڕادەکێشێ. بەو حاڵەشەوە بێدەنگییەکە بەژانە. گەنجێک لە نێو حەشامەتەکەوە بە دەنگێکی ڕەوان و ڕاوێژێکی فەرماندەرانە دەڵێ: «مەگرین.» ئەفسەرەکە ئاوڕ دەداتەوە، ڕوو لە ژاندارمەکان دەکا و فەرمانێک دەدا. ژاندارم دەستەوتفەنگ دەبن.

گریان لە سینگ و کوڵ لە قوڕگەکاندا قەتیس ماوە. گوێچکەم دەزرینگێتەوە. دادە بەهار هێدی هێدی هاتووە و لەبەر تەرمەکە ئەژنۆی داداوە. دادێتەوە و لاقی برا ماچ دەکا. ئەوجار سەر بەرەو ئاسمانێ هەڵدەبڕێ و دەڵێ: «باوەڕم پێت نییە، ئیمانم بە تۆش نییە. ئەوەش بوو بە دادپەروەری؟ ئیمانم بە تۆش نییە. دادپەروەری دەبێ بەو دەستانە، بەو دەستانەی خۆمان وەدی بێنین. هەر بەو لاوانە، بەو خەڵکە.»

حەشامەت سەرتاپا بێدەنگییە. ئەفسەرەکە تێی دەخوڕێ. بەڵام ئەو لە بەکرێگیراوی سووکی ڕێژیمێک کە بۆخۆی سووکایەتیی پێ دەکا، ناترسێ. «هەر بەو خەڵکە» و دەستە مستکردووەکەی ڕادەوەشێنێ «هەر بەو خەڵکە»....

ئاااای، کوڕە خۆ ئەوە هەر ئەو منداڵەیە کە هێشتا لەدایک نەببوو، شەڕی لەسەر بوو. حاجی دەیگوت ئەگەر خوا کردی و کچ بوو ناوی بنێ بەهار. بەڵام دایە گوڵەندام بەهیچ شێوەیەک ملی نەدەدا. کوڕی دەویست. چ بکا. ئەزموونی تاڵی هەبوو. کچ لەو ساتەوە کە لەدایک دەبێ، بەسەر ڕوخساری خەمینی باب و کەسوکاریدا دەکەوێ، باب ناشادە، ئاخر ژنەکەی کچی بووە، خەسوو نارەحەتە، ئاخر بووکەکەی کچی بووە و وەجاغی کوێر بووەتەوە، خوشک ناشادە، چونکە «پشت»ی نییە. کچ! چیی دیکە! ئەوە تەواوی ئەو تاڵی و ناخۆشییەیە کە لە ناخییەوە کەلاو دەبێ و هەڵدەڕژێتە دەرێ. هیچ شوێنێکی هەژار، کچی بەدڵ نییە. کوڕی دەوێ کە لە حەوت ساڵییەوە وەشوێن گاڕان و مێگەل بکەوێ. یان هەر نەبێ جارێک بچێ. ئاخر هەر شتێک بێ نێرینەیە. هەر کاتێکیش هاتەوە، هەر نێرینەیە. قسەی بەدووەوە نییە، کە هەر ڕێبوارێک بە تەمای میوەیەکی بەلاش بەردێکی تێ بگرێ، بنەماڵەکەی پێی سەرنەوی بن. کوڕی دەویست، بۆوەی ناوی بنێ ئازاد. یانی زۆر لەمێژ بوو وای دانابوو. لەو کاتەوە کە منداڵەکە لە هەناویدا دەستی کرد بە لینگەفرتێ، ناوی نا ئازاد. زۆربەی کات لەسەر قاوەڵتی وەک تازەبووکێکی نۆبەرەی بێ، بە حاجیی دەگوت: «بابی سولەیمان، ئەمشەو ئازاد تا بەیانی نەیهێشت چاو لێک بنێم. هەر شەق هاویشتن و لینگەفرتێ. ماشەڵڵا لە ئێستاوە ئاگرپارەیەکە. موو لێ نادا، ڕێک دەڵێی سولەیمانە. عەوڵاش هەر وا بوو.»

حاجی بزەیەکی تاڵی دێتێ و چەناگەی دەخورێنێ - وەک بزر بووبێ - لە ڕاستیدا کەڵێن و قوژبنی مێشکی دەخورێنێ. دادە بەهار لەدایک بوو. قەول وابوو بەهاری ماڵێ بێ، بەڵام چما زستان دەرفەتی گەشە و پشکووتنی دەدا؟

دادە بەهار دووبارەی دەکاتەوە: «هەر بەو خەڵکە...» کتوپڕ دیواری بێدەنگی هەرەس دێنێ. لە نێو حەشامەتەکەوە یەکێک دروشم دەدا: «مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆری، مەرگ بۆ شای جەللاد.» و حەشامەتەکە تەقریبەن یەکدەنگ دەڵێ: «مەرگ و نەمان». ئەفسەر فەرمانی تەقە دەدا...

برادەرەکەم پێداگرە بۆ فراوین بچینەوە ماڵی ئەوان، بەڵام کێ تاقەتی نانخواردنی هەیە. دەڵێ: «نانەکەمان دەخۆین و دواییش ئەگەر ڕازی بی، دەچینە پرسە. بۆ ماڵی مامە حاجی.» بەڵام من تازە لە زیندانێ بەربووم، دەزانم ئەوەی لەوێن یەکدەست نین و هیچ دووری مەبینە ڕێژیم پێی وابێ بۆ پیلانێک هاتوومە مەهاباد. هەرچۆنێک بێ برادەرەکەم تێ دەگەیەنم. ناحەقم ناگرێ. وەختێک دەزانێ لە زیندانیش بووم، ئیدی هەر بەجێم ناهێڵێ. وەک ساڵانێک بێ پێکەوە بووبێین. باسی زیندانی بۆ دەگێڕمەوە و باسی کاک عەزیزی یوسفی (کاک عەزیز) و ئازایەتی و خۆڕاگرییەکەی... گەیشتووینەتە میوانخانە. دادەنیشین. پیاڵەیەک چا دەخۆینەوە و هێندێ شت. هەر ئەوەندەی بە زگی بەتاڵ سواری ماشێن نەبم. زۆرم حەز لێبوو حاجی موعینیم لە نزیکەوە دیتبایە، باوکیم لە نزیکەوە دیتبوو. بەڵام بەو دۆخەی هاتبووە پێشێ، دەمەوێ هەرچۆنێکی بووە ئەمشەو لەو شارە بچمە دەرێ. دەزانم ئێستایە کە بگرە و بەردە دەست پێ بکا، لەوانەیە دەستیشی پێ کردبێ. ڕێژیم لەو چاوقایمییەی خەڵک خۆش نابێ، ناشتوانێ خۆش بێ. ئینجا دڵیشم بەرایی نادا بەو نمایشەی ئەمڕۆ لە نێو شاری دیم ئیدی شەوێ بمێنمەوە. لەگەڵم برادەرەکەم دەچینە گەراج. دەڵێم بە ماشێنی بارهەڵگریش بێ دەڕۆم. دەمەدەمی ئێوارەیە قاسمەڕەش پەیدا بێ. دەڵێ پێشەوەی ماشێنێکی بۆ ڕاگرتووم. دەچینە گەراج، بەگەرموگوڕی ماڵاوایی لە برادەرەکەم دەکەم و بەتایبەتی داوای لێ دەکەم لەلایەن منەوە، لەلایەن هاووڵاتییەکی نەناسراوەوە سەرەخۆشی لە مامە حاجی بکا.

***

*** بەشێک لە ڕۆمانی « تا فردا خدا نگهدار» لە نووسینی براییم یونسی کە بە ناوی «براییمۆک» چاپ بووە و ڕەسووڵ سوڵتانی کردوویە بە کوردی. ئەم بەرهەمە هێشتا چاپ نەبووە.**

# دوای شەڕەکەی نەغەدە



خەبات ڕەسووڵی

ئەگەرکەسێک لە دوورەوە دیمەنی ئەو دوانیوەڕۆ گەرمەی هاوینێکی سەروبەندی ئینقلابی ببینیبوایە، دەیدی کە پێمەڕەکەی مام سمایل لە خۆی درێژترە و بە زەحمەت و بە هانکەهانکێکی زۆرەوە خەریکە هەڵیدەسووڕێنێ و پاستاوە قوڕەکەی پێ ئەم بارە و بار دەکا. بەڕواڵەت شێرزاد لەو بەرەوە و لەسەر قوڕێکی دیکە خەریکی خشت بڕین بوو، بەڵام تەنیا جەستەی لەوێ بوو و هەر خودا دەیزانی مەلی خەیاڵی لە کوێ لەنگەری گرتووە. شێرزاد بە دەستەکانی بەقەت خشتێک قوڕەکەی لێ کردەوە و توند فرێی دایە نێو قالبە دارەکەوە. پاش ئەوەی هەر پێنج خانەکەی پڕ کرد. دەستی دایە ئاسنی بەناو سەربڕ و قوڕە زیادەکەی لێ کردەوە و هەستایە سەر پێ و لە ڕیزی خشتەکانی پێشووی خۆی قالبەکەی ڕۆکردە سەر ئەرزی. پاشان بۆ خاوێنکردنەوەی قالبەکەی، قالبەکەی بە ئەرزی دادا و ڕمبەی لە ئەرزەکە هێنا. هێندە ئەم کارە ئاسایی و دووپاتە بوو، تەنانەت زارای خوشکی و ڕەئووفی ئامۆزای کە سەریان بەردابۆوە و خەریکی کار بوون، ڕمبەکەیان نەبیست. بەڵام هەموویان بە دەنگی ئەهاکەی مام سمایل ڕاچڵەکین و سەریان هەڵێنا و سەیری مام سمایلیان کرد. شێرزاد بینی مامی بەپەلە لە قوڕەکە هاتە دەرێ و بە بنی لاقی خەریکە قوڕی لاقەکەی دیکەی لێ دەکاتەوە. باریکیی لاقە ڕەشەکانی مام سمایل ڕەنگبێ لە دوایین شتەکانی ئەو ڕۆژە بن کە لە مێشکیدا مابۆوە.

چاوەکانی مام سمایل لە دووری دەڕوانی. هەموو بەخێرایی ڕوویان بۆ ئەو لایە وەرسووڕاند کە ئەو سەیری دەکرد. دواتر کە مام سمایل لەنێو ڕەزایەدا ماشێن لێی دا و پانی کردەوە، شێرزاد بێجگە لە لاقەکانی مامی، چرچیی چاوەکانی مامیشی دەهاتە پێش چاوی کە لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینێکی سەروبەندی ئینقلابدا سەیری مەیدانی ماڵی عەوڵا و وانی دەکرد. مامی بەپەلە دەستی درێژ کردبوو و پێمەڕەکەی لەنێو قوڕەکە دەرکێشابووە دەرێ و بە هەردوو دەستی پێمەڕەکەی وەک ڕمێک گرتبوو و بەرەو مەیدانی عەوڵا و وان هەڵاتبوو. بەڵام پێش ئەوەی هەڵێت گوتبووی: وەرن شەڕی کورد و عەجەمە.

پاش شەڕەکە ڕەئووف کە شەڕەکەی بۆ پاسەبانەکە گێڕابۆوە گوتبووی: هەموو ئەم ڕووداوە سێ چرکە بووە. پاسەبانەکە بە شێرزادی گوتبوو: تۆ لە جەنگەی شەڕەکەدا لەکوێ بووی؟ شێرزاد چووبووە نێوەڕاستی فەنەرەکان ڕاوەستابوو و گوتبووی: لێرە بووم. زارا و ڕەئووف لەسەر قوڕەکە بوون و مامیشم خەریک بوو قوڕێکی تازەی دەگرتەوە.

پاسەبانەکە گوتبووی: مامت کە هەڵات ئێوە چیتان کرد؟ شێرزاد نەیگوتبوو ئێمەش بە دوای مامدا هەڵاتووین بۆ ئەوەی فریای شەڕەکە بکەوین. ڕەئووفیش باسی پێمەڕە هەڵگرتنەکەی خۆی نەکردبوو. زارا گوتبووی: من نەچوومەتە پێشێ. هەموو سەریان بۆ لەقاندبوو کە ڕاست دەکا. تەنانەت پاسەبانەکەش سەلماندبووی کە زارا بە لاقێکی شەل و بە بەژنێکی ورد و کز و لاوازەوە بۆ ئەوە نابێ بچێتە نێو چەقی شەڕێکی ئاوا خوێناوییەوە.

ڕەزا برای ئەو عەجەمەی مامە سمایل بە پێمەڕە لە سەری ڕاکێشابوو، بە پاسەبانەکەی گوتبوو: قەتم ئەم پیرە پیاوە نەدیتبوو و لە ڕۆژی شەڕەکەش نازانم ئەوە لە کوێوە هات و خۆی خستە نێو شەڕەکەوە. شێرزاد چەند ساڵ دواتر گوتبووی: وەک ڕۆژی ڕوون دەزانم مامم لە کاتی وەبەر ماشێن کەوتنی، تەقەی پێمەڕەکەی خۆی کە بە سەری کابرا عەجەمەیدا کێشابووی، گوێ لێ بووە.

ڕەئووف دەیگوت ئەوەی کە عەوڵا سەری وەک کتێبێک لێک کرابۆوە و بە ناچار هەر بە پێمەڕەیەکەوە کە لەنێو سەری چەقیبوو، تەرمەکەیان سواری ئامبولانس کردبوو، دیمەنێک نەبوو کەس لەبیری بچێتەوە. دواتر مەیتەکەیان چۆن بردەوە بۆ مەهاباد و لەکوێ ناشتیان، لەنێو ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی ئینقلابدا بێبایەخترین باسێک بوو کە دەکرا کەسێک لێی بکۆڵێتەوە. لەوانەیە ئەگەر ڕۆژێک یەکێک لە براکانی عەوڵا باسی ئەو ساڵانە بکا، تەنیا بڵێ دوو ڕۆژ دوای شەڕەکەی نەغەدە، عەوڵا لە کورەخانە کوژرا. یان لەوانەیە بڵێ دوو ڕۆژ دوای شەڕەکەی نەغەدە، عەجەمە کورەچییەکان ڕژانە سەرمان و عەوڵایان کوشت.

مام سمایل لە بەرانبەر پرسیاری ئەوەی کە شەڕەکە لەسەر چی بووە؟ گوتبووی شەڕی کورد لەسەر خاکە و لەهەر کوێ شەڕ بوو، کورد نابێ پرسیار بکا شەڕەکە لەسەر چییە.

شێرزاد بە پاسەبانەکەی گوتبوو: من کە گەیشتمێ شەڕەکە تەواو ببوو و لە کوردەکان عەوڵا کوژرا بوو و لە تورکەکان ناسر و چەند کەسێکیش بریندار بوون. براکانی هەردووک لا هەر ئەو ڕۆژە و هەر لەلای پاسەبانەکەی دەوڵەت سوێندیان خواردبوو کە تۆڵەی براکەیان دەکەنەوە و پاسەبانەکەش ئەوەی لە دەفتەرە سوورەکەیدا نووسیبوو و دەفتەرەکەی خستبووە نێو کیفە ڕەشەکەیەوە و کیفەکەی بە شانی دادابوو و لۆژە لۆژ ملی ڕێگا خۆڵەکەی گرتبووە بەر و ڕۆیشتبوو...

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:809 22 October 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## کۆچی دوایی دامەزرێنەری ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان



ڕۆژی سێشەممە، ٢٧ی ڕەزبەر مامۆستا شێخ ڕەشید حوسێنی، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر، نووسەر و شاعیر و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی مەریوان، کۆچی دوایی کرد.

شێخ ڕەشید لەو کەسانە بوو کە هەم زیندان و ئەشکەنجەکانی «ساواک»ی دی و هەم زۆری لەدەست ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم چاشت، بەڵام ئەو گوشارانە ئیرادەی ئەویان بەچۆکدا نەهێنا. خاک و وشە و نەتەوەی کوردی لای ئەو خۆشەویست و پیرۆز مانەوە و ئەویشی لای خەڵک خۆشەویست قەدرگران کرد.

شێخ ڕەشید هاوڕێ لەگەڵ نەمران مامۆستا شێخ «حەمە مارف مەریوانی، مامۆستا مەلا محەممەد جوانڕۆیی، مامۆستا مەلا بورهان عالی» و پۆلێک لە لاوانی دڵسۆزی نیشتمان، ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بۆ خزمەت بە فەرهەنگ، وشە و زمانی کوردی ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی «مەریوان»یان دامەزراند کە تاکوو ئەمڕۆ لە کار و خزمەتەکانی بەردەوامە.

«کوردستان» کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە خۆشناوە بە خەسارێکی گەورە بۆ ئەدەب و وێژەی کورد. دەزانێ.

## سوێسنە حەسەنزادە ٥٠٠ کتێبی کوردیی کرد بە دیاری





ڕێکخراوی کولتووری و هونەریی مامۆستا «زیرەک» لە بۆکان ٥٠٠ کتێبی فێربوونی نووسینی کوردیی کرد بە دیاری.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەر لەلایەن ڕێکخراوی کولتووری و هونەریی مامۆستا «زیرەک»ەوە، ٥٠٠ نوسخە کتێبی فێربوونی نووسینی کوردی لە نووسین و ئامادەکردنی «سوێسنە حەسەنزادە» لەسەر پردی «کۆسە، سەیرانگای کێوەڕەش و جادەی کۆسە» بەخۆڕایی و بەدیاری لەلایەن پارێزەرانی زمانی کوردی لەنێو خەڵکدا بڵاو کرایەوە.

ئەم هەوڵە لەلایەن کوڕان، کچان و گەنجانی ئەم شارە پێشوازییەکی باشی لێ کرا.

ڕێکخراوی کولتووری و هونەریی مامۆستا «زیرەک» لە دە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەو جۆرە لە چالاکییە کولتورییانە بەردەوام بووە و لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا چەندین گوندی کوردستان بە هیممەت و هەڵمەتی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیە کتێبخانەی کوردییان لێ داندراوە.

## شەهرام نازری: ٤٢ ساڵە بەبێ خواستی خۆم بەرهەمەکانم بڵاو دەبنەوە



شارام نازری، هونەرمەندی ناسراوی کوردی خەڵکی کرماشان ڕەخنەی توندی لە میدیای فەرمیی ئێران گرتووە و دەڵێ ٤٢ ساڵە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و میدیای کۆماری ئیسلامی بەبێ خواست و ئیزنی خۆم دەنگ و مۆسیقای من بڵاو دەکاتەوە.

ئەو هونەرمەندە کوردە دەڵێ هەموو هەوڵێکی خۆی داوە بەرگری لە مافەکانی خۆی بکا، بەڵام دەسەڵاتی زۆر، کاری خۆی کردووە و ئەوان دەنگەکەی لە تەلەفیزیۆنێکدا بڵاو دەکەنەوە کە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە مۆسیقا و هونەر نییە و ژەنیار و ژەنین بە یەکەوە سانسۆر دەکا و بە جێگەی نیشاندانی تەمبوور و دەف؛ گوڵ و گوڵدان و هێزی چەکداری لەسەر دادەنێ.

شارام نازری پێشتر و لە ساڵی ١٣٩٥ لەو فێستیڤاڵەی کە خەڵاتی تەندیسی فەرهەنگ و هونەر لە شاری کرماشانی پێشکەش کرا، گوتی: «ئەگەر دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی درێژە بە بڵاوکردنەوەی گۆرانی و کارە هونەرییەکانی ئەو بدا، چیید گۆرانی ناڵێ. هەر هەمان ساڵ بەهۆی چڕینی گۆرانیی کوردیی (خوەم کرماشانی فارسی نیەزانم) لەلایەن دەسەڵات و شوینیستەکانەوە ڕەخنەی زۆری لێ گیرا و لە کوردستانیش کەمپینێک بۆ پشتگیری لە شارام نازری ڕێک خرا.

شارام نازری، لە ماوەی زیاتر چوار دەیە کاری هونەریی خۆیدا لە ئاستی ئێران و ناوچە و جیهان چەندین خەڵاتی بەرچاوی وەرگرتووە کە ناسراوترینیان خەڵاتەکانی «لوژیۆن دۆنۆر» و «شوالیەی ئەدەب و هونەری»ی فەڕەنسایە.

## بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی «عەباس کەمەندی، مامۆستای ٧ هونەر»




ڕۆژی چوارشەممە، ٢٨ی ڕەزبەت لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێر، فێستیڤاڵی «عەباس کەمەندی، مامۆستای ٧ هونەر»، لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە بەڕێوە چوو.

ئەم فستیڤاڵە بە بەشداریی بنەماڵەی کەمەندی و هونەرمەندان و کەسایەتییە فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەرییەکانی کورد بەڕێوە چوو، و لەودا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری دامودەزگا فەرمی و هونەرییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک نوێنەری سەرۆکی حکوومەت، پارێزگاری هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، بەڕیوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و چەندین ڕێکخراو و دامەزراوی دیکە پێشکێش بە بنەماڵەی عەباس کەمەندی پێشکەش کرد.

لەم فستیڤالەدا فیلمێکی دێکیومێنتی بە ناونیشانی «مامۆستای حەوت هونەر» پێشان درا و هەروەها دوو کتێب بە ناوەکانی (حەکایەت و هیدایەت) و (مامۆستای حەوت هونەر) لە نووسین و گردوکۆی نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەرهەم عەلی لەبارەی ژیان و بەرهەمی مامۆستا عەباس کەمەندی بڵاوکرانەوە.

لە بەشێکی دیکەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکەدا، بڕگەی گەشتێک بە ئاواز و گۆرانییەکانی عەباسی کەمەندی پێشکەش کرا .

## بەر لە ماڵاوایی

# قۆناغی لێدە و هەڵێ



بابەک ناسری

لێرە و لەوێ و لە هەواڵەکانی ڕۆژانەدا هەر جارناجارێک باسی زەبرلێکدانی سەربازە گومناوەکانی ئیمامی زەمان و سەربازە گومناوەکانی حەزرەتی ئیبراهیم دەبیستین کە بە شەڕی فیزیکی و تێرۆر سایبێری وەڵامی یەکتر دەدەنەوە. شەڕێک کە جیهانیشی گیرۆدە کردووە و هەمووان بە نیگەرانییەوە لە پەلکێشان و دوادەرەنجامەکانی دەڕوانن.

شەڕی سایبێری بۆ سەر بنکە و دامەزراوە هەستیارە سەربازی، ئابووری و ئەمنییەتییەکان لە ئێستادا بەشێک لە پڕۆژە سەرەکییەکانی سەربازیی هەر وڵاتێکن و لەو شەڕەدا خاڵێک کە جێی سەرنجە بەڕۆژکردنەوەی هۆکار و جێبەجێکارانی شەڕی نەرمە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بێگومان لە ئێستادا تەنیا وڵاتێکە کە ڕێبەرانی مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان لە نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە دەوروبەری خۆیاندا دەبینن، بۆیەش بە ئەزموونێک کە لە شەڕ و شکستی سەربازییان لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقدا وەسەریەکیان نابوو، بۆ ساتێک لە خۆپڕچەککردن بە مووشەک و کەرەستەکانی دیکەی شەڕ و هەروەها تەڕاتێن لە شەڕی نەرم و سایبێریشدا خافڵ نەبوون. بەمجۆرە بە خەرجکردنی بودجەی زەبەلاحی وڵات و بە نرخی برسیکردن و بڕینی قووتی خەڵک کاریان گەیاندە ئەو جێیەی کە ئیدیعا بکەن لەڕووی تێکنۆلۆژی مووشەکی و سوپای سایبێرییەوە لە ڕیزی زلهێزەکانی ئێستای جیهانن و بشیانەوێ هەم هێرش بکەنە سەر ناوەندە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل.

بەمجۆرە جەنابی عۆزما لە ٢٠١٠ لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە سەردەمی «لێدە و ڕاکە بەسەرچووە» و ئەوەی ئێستا لێ دەدا ئێمەن و لەجێی خۆشمانین. بەڵام لەوبەر سەربازە گومناوەکانی حەزرەتی ئیبراهیم لە پشت سیستمە پێشکەوتووەکانی خۆیانەوە قاقا بەوە پێکەنین و بە ناردنی ویرووسی «ئیستاکس نێت» بۆ نێو پڕۆژەی ئەتومیی کۆماری ئیسلامی بوونە هۆی لەکارکەوتنی ١٠٠٠ کۆمپیوتێر و ٦٠ هەزار سانترفیوژ و بەوەش بەرنامەی ئەتومیی ڕێژیم دوو ساڵ دوا خرا. هەر ئەوەندە نا، پاش ماوەیەک کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە جەندەکی فەرماندەی شەڕی سایبێرییەکەیان لە کەرەج دۆزراوەتەوە و چەند فیشەکیش بەر سەری کەوتووە.

لە ٢٠٢٠ ئیسرائیل ڕایگەیاند هێرشێکی سایبێریی ناسەرکەوتووی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ڕایەڵەی ئاو و ئاوەڕۆی وڵاتەکەیان بەرپەرچ داوەتەوە، بەڵام لە تۆڵەی ئەو دەستدرێژییەدا ئەوە ئەوان بوون کە توانیویانە هێرشێکی سەرکەوتوو بکەنە سەر دامەزراوەکانی بەندەری ڕەجایی لە باشووری ئێران و لەکاریان بخەن. ماوەیەک دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشێکی سەرکەوتووی سایبێریی دیکەی کردە سەر تۆڕی مێدیایی و ڕاگەیاندن لە ئیسرائیل و چەتی خستە سەر کارکردنی ئاسایی هەزاران ماڵپەڕ و وێبسایتی ئەم وڵاتە. ئەم هێرشە ئەلەکترۆنییە بووە هۆی ئەوەی سەدان ماڵپەڕی ئینتێرنێتی گرفتی پاراستنی داتا و زانیارییەکانیان بۆ دروست ببێ. ئیدی بەمجۆرە ڕۆژێ ئێران لێ دەدا و ڕا دەکا و بۆ سبەینێ ئیسرائیلە گورزی خۆی دەوەشێنێ و ئەمە هەر دێ و دووپات دەبێتەوە. هەر ئەو ماوەیەش بوو کە وتەبێژی «پەدافەندی غەیری عامیل»ی سپای پاسداران کە ئەرتەشی سایبێریی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆی لە بندەستی ئەواندا هەڵدەسووڕێن، ڕایگەیاند، کە بەسیجی موستەزعەفین بە وەڕێخستنی ٢٤٠ هەزار هەلی کاری لە بواری شەڕی نەرم و سایبێریدا تواناکانی خۆی زیاتر و دامەزراوەکەیان پۆشتەتر دەکەن.

ئێستا ئەوەی لەنێو ئەو «لێدە و هەڵێ»یە و شەڕە سایبێرییەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەبیر کراوە حەشیمەتێکی زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەسیی خەڵکی ئێرانە کە کەوتوونەتە خوار هێڵی هەژاری و لەسۆنگەی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەکییدا ژمارەیان هەر دێ و زیاتر دەبێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو سەرمایە و سەرچاوە ماڵی و ئابوورییەکانی وڵاتی لەو چوار دەیەدا کە بە ملهوڕی و دیکتاتۆرییەوە حکوومەکەی پێ ڕاداوە، کردووەتە سووتەمەنیی شەڕانشۆیی لە ناوچە و جیهاندا.

لە ئێستادا ڕۆژ نییە خۆپیشاندان و سەرهەڵدانێک لە وڵاتدا ڕوو نەدەن و لە مامۆستا و کرێکار و پەرستارەوە بگرە هەتا کەسانی خانەنشینی گردەنشین کە هەموو تەمەنیان کار و خزمەت بووە، هەموو بە چەند مانگ ئەو کەمە مووچە و حەقدەستەش کە هەیانە دوا دەکەوێ. بەڵام ئەوەی بەردەوام زیاد دەکا تێچووی بەرنامە و شەڕە سایبێرییەکانی ڕێژیمە و ئەوەی هەرگیز دواناکەوێ پیلان و شەڕەنگێزییەکانی دەسەڵات و ئەوەی لەگەڕ ناکەوێ چەرخی بەرنامە ئەتومی و مووشەکی و لایەنەکانی دیکەی سەربازیی ڕێژیمە. هەر کەس و لایەنێک دەنگ هەڵبڕێ و نارەزایەتی دەرببڕێ، وەڵامەکەیان زیندان و ئەشکەنجە و لە بەندا کوشتنە.

خەڵکی ئێران لە هیچ کوێی هاوکێشەکانی کۆماری ئیسلامیدا جێ ناگرن، مەگەر وەک قەڵغان و بارمتەیەک بەکار بهێندرێن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم. گرینگ ئەوەیە خەڵکی لوبنان بێ بژیو و سووتەمەنی نەمێننەوە و شیخ حەسەن نەسروڵڵا سەری سڵامەت! گرینگ ئەوەیە حوسییەکانی یەمەن چەک و تفاقی شەڕیان لێ نەبڕێ، ناوچە کاول دەبێ یا خەڵکی ئێران برسی و ڕووت و قووت دەبن بە توون! خەڵکی برسی و زبڵگەر با زۆر بن قەید چییە، گرینگ ئەوەیە نایتکڵۆپەکانی لوبنان وەمێنن! جەنابی عۆزما ئاوای گەرەکە...

لەسەر حسێبی قووت و گیرفانی خەڵک لێ دەدەی و ڕادەکەی جەناب... چاوەڕێ بە بزانە چیت بەسەر دێ و دوا مەنزڵت کوێ دەبێ! کۆمەڵگە ئێستا بەرمیلێکی باڕووتە و تەنیا پڕیشکەیەک ئاگر بەسە بۆوەی وەها لە عەرزی بدرێی کە ئیدی هەڵنەستیتەوە.